# خاڵخاڵۆکەکان

PDF4Kurd

# خاڵخاڵۆکەکان

نووسینی
کۆمەڵێک نووسەر

وەرگێڕانی
شادییە ئەحمەد

هەولێر - ٢٠١١


دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

- **خاڵخاڵۆکەکان**
- نووسینی: کۆمەڵێک نووسەر
- وەرگێڕانی: شادییە ئەحمەد
- نەخشەسازی ناوەوە: ڕێدار جەعفەر
- بەرگ: حەمیدە یوسفی
- ژمارەی سپاردن: (٩٨٦) لەساڵی ٢٠١١
- نرخ: (٣٠٠٠) دینار
- چاپی یەکەم : ٢٠١١
- تیراژ: ١٠٠ دانە
- چاپخانە: چاپخانەی ڕۆژهەڵات (هەولێر)

زنجیرەی کتێب (٥٩٧)



هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە



ماڵپەڕ: www.mukiryani.com
ئیمەیل: info@mukiryani.com

# ناوەڕۆك


خاڵ خاڵۆکەکان............................................................................................ ٧
خۆشەویستیەکی ون.......................................................................... ١٣
ئەم جێگایە سارده .......................................................................... ١٧
پیاوێکی دیکە.................................................................................... ٢١
پادشایەکی گەنج .............................................................................. ٢٥
خۆشەویستی یان پاره ...................................................................... ٣١
جوان و گەرم...................................................................................... ٥٣
شازاده دڵخۆشەکە.............................................................................. ٥٩
رۆحی ماسیگرەکە................................................................................ ٦٧
پیاوه فیلەکە ...................................................................................... ١٠٣
بەشی یەکەم/ بونەوەرەکە لە دوکانێکدا........................................ ١٠٤
بەشی دووەم/ کارتی ناسنامە ........................................................ ١٠٨
بەشی سێیەم/ نامەیەك بۆ تایمز...................................................... ١١١
بەشی چوارەم/ ماڵی یەکەمی مێرك.................................................. ١١٣
بەشی پێنجەم/ میوانێکی گرنگ........................................................ ١١٥
بەشی شەشەم/ لەدەرەوەی نەخۆشخانە.......................................... ١١٩
بەشی حەوتەم/ دوانامە .................................................................. ١٢٢
ئێمە هەموو تاوانبارین...................................................................... ١٢٥

# خاڵخاڵۆکەکان

## نووسینی: جاك ئالسۆپ

لە پاڵ دوو

ئەوە چی دەکەیت؟

پیاوەکە سەری هەڵبڕی بۆ ئەوەی بزانێت کێ بوو ئەو پرسیارەی کرد، بینی کچۆڵەیەکی بچکۆلە لە نزیك ئەم دانیشتووە.

پێی وت:"پرسیارێکی باشە، تۆ مەبەستت ئەوەیە کە بۆچی من لەسەر ئەژنۆ نووشتاومەتەوە؟ " وەڵامی دایەوە:" بەڵێ".

" پرسیارێکی زیرەکانەیە، تۆ پێت وایەچی دەکەم؟ "

مۆڕەیەکی کرد، ڕێك وەك مامۆستا وایە، هەمیشە پرسیار بەپرسیار وەڵام دەداتەوە:" تۆ لە شتێك دەگەڕێت؟ شتێکت لێ ون بووە؟"

" نەخێر ئازیزەکەم، من هیچم ون نەکردووە، پێم بڵێ بە رای تۆ من لەناو ئەم گژوگیا پڕ و بڵندەدا بۆچی دەگەڕێم؟ ".

" من نازانم، تکایە پێم بڵێ".

" باشە یەکەم جار ناوی خۆتم پێی بڵێ".

"ڕیبکا، ئەی ناوی تۆ؟ "

ئەم کچۆڵە بچووکەی خۆشویست، چونکە نە شەرمی دەکرد، نەبێ عەقڵیش بوو.

"باشە، ڕبیکا، دەتوانی بە (پۆف) بانگم بکەیت، هەموو کەس وام پێدەڵێت".



"پۆف؟ "

لای سەیر بوو "پۆف؟ " جارێکی دیکە دووبارەی کردەوە.

ئەم ناوە مایەی پێکەنینە" ناوی ڕاستەقینەی خۆتە؟"

"پرسیارێکی باشی دیکە، تۆ پڕیت لە پرسیاری باش. تۆ دەتەوێ بزانیت لەناو ئەم گژوگیا درێژەدا من بۆچی دەگەڕێم، با پێشانت بدەم، سەیری ئەوەیان بکە."

بۆکسێکی لە گیرفانی دەرهێنا و کردییەوە، سەیری ناوەکەی کرد، پڕ بوو لە پارچەی بچووکی ڕۆژنامە.

" ئەمەهەمووی بوو؟ تەنها پارچە ڕۆژنامەی کۆن؟ "

" نەخێر، ئازیزەکەم. جارێکی تر سەیری بکەرەوە."

پەنجەی خستە ناو بۆکسەکەوە، پارەچە کاغەزەکانی جوولاند، ئینجا لەناو بۆکسەکە مێرووولەی زۆر ڕەش و بریقەداری بینی.

"ڕیبکا، تۆی خۆشت دەوێت؟ "

سەیری ناو بۆکسەی کردەوە.

"ئەوانە زۆر جوانن، دەتوانم یەکێکیان هەڵبگرم؟"

پیاوە پیرەکە پێکەنی. زۆری پێخۆش بوو، کە ئەم کچۆڵەیە لە مێرووولە ناترسێت. نە قیژاندی و نە ڕاشی کرد، مێرووولەکان سەرنجیان ڕاکێشا." بە دڵنیاییەوە، بەڵام زۆر ئاگات لێبێت، دەستت بکەرەوە."

یەکێك لە مێرووولەکانی هەڵگرت و خستیە دەستیەوە، کچۆڵەکە زۆر بە وردی سەیری دەکرد.

مێرووولەکە لەناو دەستی هەڵهات و لەناو گژوگیاکەدا ون بوو.

وتی:" ئۆه، داوای لێبووردن دەکەم."

ترسا لەوەی پیرەمێردەکە لێی توورە بێت.

" دوو دڵ مەبە ڕبیکا، لە بۆکسەکەدا زۆری ترم هەیە."

" تۆ بۆچی ئەمانە کۆ دەکەیتەوە... ئەم شتە ڕەشە."

" ئەوە مێرووولەیە، ڕبیکا، من دەمەوێت لە بارەیەوە بخوێنم."

" بۆچی؟ "

پیرەمێردەکە، سەری خوراند، باشە چۆن بتوانم بۆ ئەم کچۆڵەیە شی بکەمەوە، لە هەندێ وشەی وەك:" توێژینەوە" یان " زانست" تێناگات.

" لەبەرئەوەی کە سەرنجڕاکێشن."

سەرنجڕاکێش: ئەوە وشەیەکی نوێیە بۆ ڕبیکا ئەویش حەزی لە وشەی نوێیە.

"بەڵێ، سەرنجڕاکێش، تۆ سەیری کە، من دەمەوێت زیاتریش شتی بزانم لە بارەی ژیانییەوە، ئەوەندەی کە بتوانم."

"بۆچی؟ "

" وەرە با هەندێك مێروولەی دیکەت پیشان بدەم، کە کۆم کردۆتەوە."

کچۆڵەکە سەیری ناو سندوقەکەی کردەوە جارێکی تر پارچە کاغەزەکانی بە پەنجە جوولاند_ جۆرەها مێروولەی دیکەی دۆزیەوە، زەرد، ئاڵتوونی، قاوەی، سور.

قژی کچۆڵە بچووکەکە بەر ملی پیاوە پیرەکە کەوت، هەستی بە تەنیایی کرد کچۆڵەکە وتی:" ئەمانە زۆر؟ سەرنجی ڕاکێشن.

کچۆڵەکە وتی:" ئەمانە زۆر؟ سەرنجی ڕاکێشن.

"خۆشی لەو وشە تازەیە دەبینی، دەتوانم یارمەتیت بدەم بۆ ئەوەی زیاتر دۆزیتەوە؟ لە کوێ دەژین؟ لەناو گژوگیاکەدا؟ "

لەسەر ئەژنۆ لە تەنیشت پیاوە پیرەکەوە دانیشت بە خێرای خۆی سەرقاڵ کرد بۆ گەڕان بە دوای مێروولەدا، بۆ ئەوەی زیاتر کۆ بکاتەوە.

پیاوە پیرەکە هەستی بە خۆشی دەکرد بە بوونی هاوڕێیەك زۆر خۆشە لەگەڵ کەسێك بێت ئەویش وەك تۆ میروولە سەرنجی ڕابکێشێت.

"سەیری ئەمە بکە، قالۆنچەیەکی ڕەشی بەرزکردەوە کە دوو شاخی درێژی هەبوو" ڕبیکا چەپڵەی لێدەدا.

" ئەوە لە هەموویان گەورەترە، پۆف تکایە دەتوانم بیبەم بۆ خۆم، دەتوانم بۆمن بیت."



"باشە، ڕبیکا، من وا هەست ئەکەم کە دایکت پێی ناخۆش دەبێت کە تۆ قالۆنچەی ڕەش بەریتەوە ماڵەوە بە تایبەتی ئەمەیان کە شاخی هەیە."

بۆ ماوەیەك بیری لە قسەکەی کردەوە، بە دەنگێکی خەمگینەوە وتی:" بەڵێ، پۆف، تۆ ڕاست دەکەی، زۆر شت دەبێتە هۆی تووڕە بوونی دایکم."

بە نەرمیەکەوە پێی وت:" با بیخەینە سندوقەکەوە لای ئەوانی تر". کچەکە خەمگین دیاربوو.

" دەی، بزانم دەتوانی هەندێك خاڵخاڵۆکەم بۆ بدۆزێتەوە."

" کامەیانە خاڵخاڵۆکە."

" ئەوەی سوورەو خاڵی ڕەشی جوانی هەیە، کە دۆزیتەوە خاڵە ڕەشەکان بژمێرە."

" چەند خاڵی ڕەشی هەیە پۆف، ئایا زۆر زۆر خاڵی ڕەشی هەیە؟ "

" باشە، کە تۆ ژماردت ئەو کاتە دەیزانیت."

پۆف بیری لەناو زانستیەکەی ئەکردەوە (coccinelld ٧punctata) باوازی لێبێنم خۆی حەوت خاڵەکە بدۆزێتەوە، ئەوە باشترین ڕێگایە بۆ ئەوەی فێر بێت و لە یادی نەکات.

ڕبیکا نوشتابۆوە لەسەر ئەژنۆ، خەریك بوو لەناو گژوگیاکەدا دەستەکانی ون ئەبوو، پۆف دەیتوانی تەنیا قژە کاڵەکەی ببینێت بەسەر گژوگیاکەوە.

دەستی بەرز کردەوە و هەستایەوە و قیژاندی:" دانەیەکم دەست کەوت، دانەیەکم گرت، پوف، بەراست ئەوە زۆر جوانە."

پوف کچۆڵەکەی خۆش دەوێت چونکە ئەویش وەك ئەم خاڵخاڵۆکەی خۆش دەوێت.

زۆر باشت کرد، ڕبیکا، ئێستا خاڵەکانی بژمێرە."

پوف وەستاو بیری کەوتەوە، کە بۆ یەکەم جار کە حەوت خاڵخاڵۆکەی خاڵخاڵۆکەی ژمارد.

کچۆڵەکە هاوداری کرد" پێنج" پێنج خاڵی هەیە، پۆف وانییە؟

ئەمە ڕاستە؟ "

" نا، ئازیزەکەم ڕاست نییە، سەیرکە جارێکی تر، لەسەر هەر باڵێکی سێ دانە هەیە، ئەمە ئەبیتە شەش هەروەها لەسەر ملیشی دانەیەك هەیە، ڕێك لە پشتی سەرپشی، هەمووی دەبێتە حەوت، دەتوانی هەموویان بدۆزیتەوە؟

جارێکی تر بە توندی، زۆر لە نزیکەوە سەیری کردەوە، بە دەنگی بەرز خاڵەکانی دەژمارد، یەك، دوو، سێ، چوار، پێنج سەری ڕادەوەشاندو جارێکی تر دەیژماردەوە، بەڵام تەنها پێنج دانەبوو هەستی کرد کە زیرەك نییە، ئێستا پۆف وا بیر دەکاتەوە، کە زۆر کچێکی بێ مێشکە، نەیدەزانی چی بڵێت.

پوف پێی وت:" دەتوانی دوو خاڵەکەی تر بدۆزیتەوە؟ وەرە بۆ ئێرە؟...

لەوانەیە ئەو منالە بەستەزمانە نەتوانێت بژمێرێت لای خۆی وا بیری کردەوە، بەتەنیشتییەوە نووشتایەوە، دەستی کردەوە بۆ ئەوەی خاڵخالۆکەکەی پێشان بدات، دەستی گرت سەیری خاڵخالۆکەکەی کرد.

ئەوە ڕاست دەکات! ئەوە زۆر سەیرە.

خاڵی ناوەڕاست باڵی نەبوو، لە ڕاستیدا تەنها پێنج خاڵی هەبوو، پوف قەت لەو پێش خاڵخالۆکەکەی نەبینیووە پێنج خاڵی هەبێت.

ئەوە جۆرێکی تازەیە، (coccinella ەpuictata) یان تەنها خاڵخالۆکەیەکی سەیرە؟ ئەمە گرنگ نییە.

پوف هەڵچووبوو شتێکی سەیری دۆزیوەتەوە، دەیبەم بۆ مۆزەخانە. بیری دەکردەوە، پیشانی هاوڕێکانی دەدەم، بەناوبانگ دەبم دەبم بە (دکتۆر پوف) ئەو پیاوەی کە بۆ یەکەمجار خاڵخالۆکەکەی پێنج خاڵی دۆزیەوە.

" تۆ راست دەکەیت، ڕبیکا، تۆ ڕاست دەکەیت، تەنیا پێنج خاڵ ! ئەمە زۆر سەراسیمەیە، تۆ کچێکی زۆر زیرەکی، سوپاس سوپاس."

ڕبیکا دڵی خۆش بوو چونکە هەستی دەکرد کە بێ مێشك نییە لەوەی کە تەنیا پێنج خاڵی دۆزییەوە.

پوف هەناسەی سوار بوو، دایگرت و دەستی ئەهێنا بە سەریدا.

" دەتوانم بیبەم بۆ خۆم! تکایە... من بەڵێنت پێ دەدەم ئاگام لێی بێت. دڵنیام قبوڵی دەکات ئەم خاڵخالۆکەیە بەرمەوە بۆ ماڵەوە؟

دەستی کردەوە هەردووکیان پێکەوە سەیری خاڵخالۆکەیان کردەوە چۆن بتوانێت پێی بڵێت کە پێویستی بەم مێژووە هەیە؟



دەتوانێ ئەوانی تر هەموو بەرێت، تەنها ئەوە نەبێت لە پڕێکدا دەنگی تووڕە و هاواری ژنێك هەڵساندن:" کەواتە ئەمە تۆی ڕبیکا! هەرچی شوێن هەیە بە دواتا گەڕاوم ئێستا وەرە بۆ ماڵەوە، ئێستا، گوێت لێبوو! "

دایکی ربیکا بە تووڕەیەوە سەیری پوف کرد وتی:" شەرم لە خۆت بکە، پیاوی پیر پێویستە تەریق بێتەوە!"

ڕوومەتەکانی پوف داگیرسان و سووربوونەوە، دەستی ڕبیکای بەردا، بەڵام دڵنیابوو لەوەی کە خاڵخالۆکە پێنج خاڵەکە هێشتا لە دەستی ئەو دایە.

چرپاندی بە گوێیدا " ئەوە خاڵخالۆکەیەکی تایبەت، زۆر باش ئاگات لێی بێت."

ئینجا ڕووی کردە ئەو دیوو بە خێرایی دوورکەوتەوە.

# خۆشەویستیەکی ون

## نووسینی: جان گراو

ئەو ڕووداوانە کە نزیکەی دە ساڵێك لەم پێش بەسەر مندا هات، من لە شار دەژیام، بەلاّم هاوینی زۆر گەرم بوو، دەمویست لادێ ببینم و پیاسە بکەم، دارو سەوزایی بینیم، ئۆتۆمبێلکی سووری بچووکم لێ دەخوڕی و نەخشەیەکم پێبوو هەموو شەوەکە شوفێریم کرد، گەیشتمە لادێیەك دڵخۆش بووم هاوینێکی خۆش بوو ئەو ساڵە.

گوندەکە لە بەیانییەکی زوودا زۆر جوان بوو، خۆر گەرم و ئاسمان شین، گوێم لە خوێندنی و لە کات بوو لەسەر دارەکان. لە پڕێکدا ئۆتۆمبێلەکەم وەستا "چی رووی دا!"

ئوو ئازیزەکەم. من پەترۆڵی تەواوم پێنەبوو ئێستا پێویستە بڕۆم، شارۆچکەیەك بدۆزمەوە، هەندێك پەترۆڵ بکڕم، بەلاّم ئێستا من لە کوێم؟

کە سەیری نەخشەکەم کرد من نزیك نەبووم لە هیچ شارۆچکەیەکەوە، لە گوندێکدا ون بووم.

لە پاشاندا کچێکم بینی کە بەرەو خواری ڕێگاکە دەڕۆیشت، هەندێك گوڵی بە دەستەوە بوو، کراسێکی درێژی لەبەردا بوو، قژی ڕەش و درێژ.

وەك خۆر دەگەشایەوە، زۆر جوان بوو من دەمویست قسەی لەگەڵدا بکەم لەبەر ئەوە لە ئۆتۆمبێلەکەم هاتمە دەرەوە وتم و چۆنی، من ون بووم، لە کوێم؟"

دیار بوو ترسا لەبەر ئەوە هێمنانەتر قسەم کرد وتم:"پەترۆڵی تەواوم پێنەبوو، لە کوێ دەتوانم هەندێکم دەست کەوێت؟"



بە چاوە شینەکانی سەیرێکی منی کرد و پێکەنی کچێکی زۆر جوان بوو وتی:" نازانم، لەگەڵما وەرە بۆ لادێکە لەوانەیە بتوانین یارمەتیت بدەین. "

زۆر بە دڵخۆشییەوە بە درێژایی ڕێگاکە ڕۆیشتین.

من بیرم لەوە دەکردەوە " لە نەخشەکەدا هیچ لادێیەك دیار نییە، لەوانەیە زۆر بچووك بێت. "

گەیشتینە لادێکە زۆر کۆن و جوان بوو، ماڵەکان رەش و سپی و بچووك بوون، ئاژەڵی زۆریان هەبوو.

کچەکە لەبەردەم ماڵێکدا وەستاو پێکەنی بۆم وتی:" بە یارمەتیت، فەرموو وەرە ژوورەوە. "

چوومەژوورەوە، ماڵێکی خاوێن بەلاّم سەیر بوو، مێزێك لە ژوورەکەدا بوو هەندێك خواردنی لەسەربوو.

سەیر بوو خواردنیان بە دارو ئاگر لێدەنان لەبەربێ پارەیی وابکەن من هەستم کرد چاوم بە دایك و باوکی کەوت و زۆر خۆشحاڵ بووم، خەڵکێکی کەیف خۆش بوون، بەلاّم جل و بەرگیان سەیر بوو.

پیاوێکی پیر وتی:"دانیشە، لە دوای ئەو ڕۆشتە ئێستا تینووتە." هەندێك خواردنەوەی پێدام و من سوپاسم کرد، بەلاّم خواردنەکەش زۆر سەیر بوو، تاریك و قاوەیی، من تێنەگەیشتم، بەلاّم لەوێ دڵخۆش بووم.

دەربارەی پەترۆڵ پرسیارم لە پیاوە پیرەکە کرد لێم تێنەگەیشت وتی:" پەترۆڵ، ئەوە چییە؟"

دوای ئەوە پرسیم:" ئایا تۆ بۆ هەموو شوێنێك بە پێ دەڕۆی" پیاوە پیرەکە پێکەنی وتی:"ئۆ، نەخێر ئەسپ بەکاردەهێنێت. "

بە بیریدا هات " ئەسپ! زۆر خاوە، بۆچی ئۆتۆمبیلیان نییە؟... بەلاّم ئەم ڕازەم لای پیاوە پیرەکە نەوت.

لەوێدا هەستم بە خۆشی کرد، بە درێژایی ئەو ڕۆژە مامەوە، ئێوارە لەگەڵ ئەودا نانم خوارد، دوایی من و کچەکە چووینە دەرەوە بۆ ناو باخەکە، کچەکە ناوی (مارلی) بوو.

وتی " ئەمڕۆ زۆر خۆش بوو، ئێمە حەز دەکەین سەردانمان بکرێت، چونکە زۆر کەس نابینین لەم شوێنەدا.

زۆر دڵخۆشانە پێکەوە دەدواین، زۆر جوان بوو، بەڵام دوای ماوەیەك هێواشتر دەدوا، روخساری خەمگین بوو.
من لێم پرسی:" بۆچی خەمگین؟ "
وتی:" ناتوانم پێت بڵێم، تۆ تەنیا ڕێبوارێکیت، پێویستە ئەمشەو ماڵئاوایی لە یەکتر بکەین، ئێستا تۆ برۆ."
من تێنەگەیشتم، بەڵام دەمزانی کە خۆشم دەوێت و دەمەوێت یارمەتیی بدەم.
" بۆچی ماری بە دەنگێکی خەمگینەوە دووبارەی دەکردەوە " پێویستە تۆ بڕۆیت، ئێرە ترسناکە."
من وتم:" دەڕۆم بۆ شارۆچکەکەو، هەندێك پەترۆڵ پەیدا دەکەم، ئینجا دەگەڕێمەوە."
هیچ قسەی نەکرد.
من وتم:" خۆشم دەوێییت ماری، دەگەڕێمەوە لات، تۆ ناتوانی بموەستێنی."
لەبەردەرگاکە ماڵئاوایم لێکرد دەموچاوی زۆر خەمگین بوو، منیش خەمگین بووم نەمدەویست بڕۆم.
نیوەشەو بوو، زۆر تاریك بوو بەڵام من هەر ڕۆیشتم و رۆیشتم. زۆر هیلاك بووم کاتێك گڵۆپەکانی شارۆچکەکەم بینی، هەندێك پەترۆڵم دۆزییەوە.
ئینجا دەربارەی ناوی گوندەکە پرسیارم کرد، پیاوی گەراجەکە زۆر بە غەریبی سەیری کردم.
پرسیاری کرد:" کام گوند؟"
منیش لە بارەی گوندو ماڵە کۆنەکان و خەڵك و جل و بەرگەکان بۆم باس کرد.
جارێکیتر بە غەریبی سەیری کردم، بیری کردەوە، ئینجا وتی:
"گوندێك لەوێدا هەبوو، بەڵام ئێستا نەماوە، چیرۆکێکی غەریب هەیە لەبارەیەوە
پرسیم:" خەڵك چی دەڵێت لە بارەیەوە؟"
سەرەتا نەیدەویست پێم بڵێت بەڵام دواتر وتی:" ئاگرێکی گەورە لە گوندەکە کەوتەوە، هەموو خەڵکەکە مردوون، ئێستا نە هیچ کەسێك و خانوویەکی لیَ نییە."

من پرسیم:" ئەمە چۆن رووی دا؟ بۆچی؟"

وتی:" ئولیڤە کرۆماویل هەموویانی کوشت، لە گوندەکە تووڕە بوو چونکە یارمەتی پادشایان دابوو لە کاتی جەنگدا."

من نەمدەتوانی قسە بکەم، بیرم دەکردەوە کە ئەمە ڕاست نییە ئەو شەڕە سێ سەدو پەنجا و شەش ساڵ لەمەوپێش ڕووی داوە، ئینجا جل و بەرگە غەریبەکان، قژە درێژو خواردنی سەر ئاگرو ماڵە کۆنەکان و ئەللیەکانم بیرکەوتەوە، گریام.

" من تێناگەم، خەڵکم بینی لە گوندەکە، قسەم لەگەڵ هەندێك کەس کرد."

پیاوەکە بە خێرایی نیگای کردم ئینجا دەستی کرد بە قسە چیرۆکێکی سەیر هەیە لە بارەی ئەم گوندەوە. هەموو دە ساڵ جارێك ڕۆژێك جارێکی تر لادێکەوە دەژیتەوە، بەلاّم تەنها بۆ ماوەی یەك ڕۆژ ئینجا بۆ ماوەی دە ساڵی تر ون دەبنەوە.

تەنها لەو ڕۆژەدا تۆ دەتوانێت ئەو گوندە بدۆزیتەوە. بەلاّم پێویستە پێش ڕۆژ بوونەوە بڕۆیت، ئەگینا ناتوانی قەت بڕۆین.

من بیرم لەوە دەکردەوە دەبێت ئەمە ڕاست بێت، لەبەرئەوە بوو ماری دەیوت:" پێویستە بڕۆیت، خۆشیدەویستم بەلاّم دەیوت پێویستە ماڵئاوایی بکەیت، خۆشی دەویستم، بەلاّم دەیوت پێویستە ماڵئاوایی بکەیت، ئەو بۆ خاتری من دەترسا، ئینجا تێگەیشتم من گەڕامەوە بۆ گوندەکە بەلاّم لەوێ نەمابوو.

سەیرم کرد سەیرم کردەوە، بەلاّم نەمدۆزییەوە تەنها گوڵ و دارم بینی تەنها گوێم لە دەنگی ڕەشەبا و باڵندەکان بوو. زۆر خەمگین بووم لەسەر زەوییەکە دانیشتم و گریام هەرگیز ئەو ڕۆژەم بیر ناچێتەوە (ماری) لیم لە بیرە هەمیشە خۆشم دەوێیت.

ئێستا، من تەنیا دوو مانگی ترم پێویستە چاوەڕێ ببم گوندەکە جارێکی تر دەگەڕێتەوە لەو ڕۆژگارە تایبەت و دیاریکراوەکەدا من دەگەڕێمەوە جارێکی تر دەیدۆزمەوە خۆشەویستە قژ رەشە درێژەکەم ئەو کاتە پێش ڕۆژهەلاّت نارۆم لەگەڵ ئەودا دەمینییەوە.



## ئەم جێگایە ساردە

### نووسینی: جاك ئالّسۆپ

ئەم جێگایە ساردە. ناوەڕاستی هاوینە، خۆر ئەدرەشێتەوە بەلاّم من سەرمامە، بەلامەوە گرنگ نییە، پێم وت کە بڕوات و ئەویش ڕۆیشت. ئەلێ چەندەها ڕۆژە لێرە نییە، بەلاّم تەنیا چەند کاتژمێرێکی کەمە ئێرەی جێهێشتووە.

وازی لێ بێنە با بگەڕێتەوە بۆ لای ئەو ژنە بە لامەوە گرنگ نییە، زۆر زوو دەزانێت کە من باشترم لەو ژنەی دیکە. ئەو زۆر خراپە هەموو کەس ئەوە دەزانێت، ئەو حەز دەکات مێردی ژنەکانی تر بەرێت بۆ خۆی. ئەو ڕۆژە بینیم چۆن نیگای ئەو ژنەی دەکرد. بێعەقڵ. پیاوێکی سادەو بێعەقڵ! بە دوای هەر ژنێکدا دەڕوات کە بۆی پێبکەنێت، وەك سەگێکی بچکۆلەیە.

شەڕەکە چۆن دەستی پێکرد؟ من دەستم پێنەکرد. من کەسێکی دڵپیس نیم. ئەو دەستی پێکرد. دوێنی شەو دووبارە درنگ هاتەوە، من دڵم لێ پیس نەبوو. تەنها ویستم بزانم کە لە کوێ بووە.

"ئوه، بیل براونم بینی، چووینە دەرەوە بۆ خواردنەوە."

بیل براون! ئەی بیل براون بۆنی ژنانە بەکار دەهێنێت؟

ئەی درۆزن. بۆنەکەی ئەو ژنانەیە.

" بەڕاست؟ وام زانی کە بیل لە ویلایەتێکیترە بۆ بازرگانی."

ئاسایی بە، تووڕە مەبە. مەهێڵە بزانێت کە پێت زانیووە."

"لە ویلایەتێکی تربوو، دوێنێ گەڕاوەتەوە."

ئوە، چەند ئاسان درۆ دەکەیت ! وا ئەزانی من بێعەقڵم؟ وا بیر ئەکەیتەوە کە نازانم لە کوێ بوویت؟ یان نازانم لەگەڵ کێ بوویت؟

" چوونە کوێ بۆ خواردنەوە؟"

" ئەو هەموو پرسیارە بۆچی؟ ئازیزەکەم هیچی ناخۆش هەیە؟"

چۆن دەتوانێت پێم بڵێت:" ئازیزەکەم" ئێستا تۆ لە باوەشی ژنێکی تردا بوویت؟ دەتوانم بۆنی بکەم! تۆ... تۆ....

" نەخێر، هیچ شتێکی ناخۆش نییە. من حەزم دەکرد بزانم تەنیا ئەوە بوو:" چوو دەرەوە لە ژوورەکە، بەرەو مەتبەخەکە. لە پیاوەکە دوورکەوتەوە. بۆچی من سەرمامە؟ بۆچی ئەم جێگایە ئەوەندە ساردە لە ڕۆژێکی وا گەرمدا؟ دوام کەوت بۆ مەتبەخەکە دەستی خستە ناو قەدم پشتی ملمی ماچ دەکرد، من زۆرم حەز لەم ڕەفتارەی بوو، بەلاّم لەمەودوا نا، ئەو لەگەڵ ژنێکی تردا بووە. ژن ئاسان ئەو شتانە دەزانێت. پیاوان هەست دەکەن زۆر زیرەکن، بەلاّم تەنها کورێکی بچکۆلەن. وا دەزانن دەتوانن ڕاستی بشارنەوە بەلاّم نەخێر ناتوانن.

ماچی پشت ملمی دەکرد ئەوە عادەتێکی زۆر جوانی ئەو بوو. بەلاّم من نەدەجوولاّم. ئێستا ڕقم لێیەتی.

"چی هەیە، ئازیزەکەم؟ تۆ دڵنیایت کە باشیت؟"

من وەلاّمم نەدایەوە. پالّم پێوەنا، پێموت کە بە تەنیا جێم بهێڵێت، رامابوو، نانا ڕانەمابوو، تاوانبار دیاربوو، وەك کورێکی بچووکی خراپ. من ڕاستیەکەم دۆزیەوە، ئەویش ئەوەی دەزانی. باشە! وای لە من کرد ئازار بچێژم. ئێستا ئەو ئازار دەچێشێت.



من دوای ئەوە خێرا ڕۆیشتمە سەرجێگاکەم. نەمدەویست بیدوێنم نەمدەویست سەیری بکەم کاتێك هاتە سەر جێگا کە دەستی خستە سەرشانم. بەلاّم من نەمدەویست هەست بە دەستەکانی بکەم. ئەو دەستانە بەرژنێکی دیکە کەوتبوو، تەنها چەند کاتژمێرێك لەمەوبەر باشە، ئەگەر ئەو ئەوەندە ژنێکی جوانە دەتوانێ بچێتەوە لای. چی دەبینێت لەودا؟ زۆر لە من پیرترە، پێستێکی ناشرین هەیە. مکیاجی زۆر بەکار دەهێنێت قەڵەویشە. چۆن دەتوانێت ئەو بە باشتر بزانێت لە من؟ زۆر قورسە.

"تکایە دەستم لێ مەدە!"

دوو دەستی جوان و زۆر بە هێزی هەبوو، بەلاّم تاوانبار بوون. چۆن توانیت دەست لە ژنێکی ترەوە بدات بەم دەستە بەهێزو جوانانەی.

" چی ڕووی داوە، ئازیزەکەم؟ من شتێکی خراپم کردەوە؟ تکایە پێم بڵێ."

گوێم پێنەدا، قسە نەکردن، وا دەکات ئازار بچێژێت.

"گوێبگرە، من دوای لێبووردن دەکەم کە دواکەوتم. بەلاّم ماوەیەکی زۆر درێژ بوو بیلّم نەبینیبوو...."

"بیل براون! درۆم لەگەڵدا مەکە ! من دەزانم تۆ لەگەڵ کێدا بوویت بۆچی ئێستا ناچیتەوە بۆلای ئەو ؟"

" ئەو ؟ کێ؟ تۆ باسی چی دەکەیت؟ ئوو، نا دووبارە نا! من تۆم خۆش دەوی هیچ ژنێکی تر سەرنجم ڕاناکێشێت."

من ڕقم لە درۆکانی بوو، دەنگی هەمیشە دەکەوت، کاتێك درۆی دەکرد. من بڕیارم دا هیچ وشەیەکی تری پێنەڵێم دووبارە پێدەوتم کە خۆشی دەوێم. دەیوت کە من تاکەسەی ژنێکی بۆ ئەو. ئەوانە هەمووی قسەی هیچ بوون.

لە کۆتاییدا بێدەنگ بوو. هەستاو چوون خوارەوە. کاتێك گەڕایەوە. بە تووڕەیەوە قسەی دەکرد. بەلاّم من بەهێز بووم. هیچم نەوت. وازم لێ هێنا ئازار بچێژێت گەڕایەوە خوارەوە گوێم لە دەرگاکەی دەرەوە بوو داخرا.

پیاوان ! هەموویان وەك یەکن. من دەزانم کە دەچێت بۆلای دایکی. پیاوان هەمیشە وا دەکەن کاتێك ژیان بۆیان قورس دەبێت، دەچنەوە بۆلای دایکیان وەك کوڕێکی بچکۆڵە.

ئەو پشتی ملی ماچ دەکرد، بە هیوای ئەوەی هەموو کێشەکان کۆتایی بێت بەڵام ئەمە کاری نەکرد. ئێستا دەڕوات بۆ لای دایکی.

ئەوە چی بوو؟ دەرگای دەرەوە! ئەو گەڕایەوە، دەمزانی وا دەکات. ئەو هەمیشە دەگەڕێتەوە. لەسەرخۆبە، زۆر نەرم مەبە لەگەڵی. نامەوێت وا بزانێت کە بردوویەتیەوە. پێویستە قژم داهێنم. نا! بۆچی پێویستە؟ وازی لێبێنە چۆنم ئاوا منی بوێت.

ئەوە هاتە سەرەوە بۆ لام. باشە، یەکەمجار ئەو قسە دەکات ئاشتم دەکاتەوە، گەڕایەوە دووبارە هات بۆ ژووری نووسینەکە جانتاکەی کۆکردەوە ڕۆیشتە دەرەوە بێ ئەوەی قسەیەك بکات.

تەنانەت سەیریشی نەدەکردم. جارەکانی تر هەمیشە دەگەڕایەوە ئەو دەزانێت من خۆشم دەوێت. ئەو جێگایە ساردە. ناوەڕاستی هاوینە خۆر دەدرەوشێتەوە کەچی من سەرمامە. بەڵێ دەگەڕێتەوە لام پیاوان هەمیشە وا دەکەن.



# پیاوێکی دیکە...

## نووسنی: جان گراو

من نووسەر بووم کتێبم دەنووسی، ئێستا دەنووسم، بەڵام هیچ کەس نایزانێت، هیچ کەس ناتوانێت ببینێت ئێستا، شتێکی سەیرم بەسەردا هات. پێتان دەڵێم چی بوو، لە مانگی کانوونی دووەمدا، دەمویست کتێبێکی زۆر گەورە بنووسم، لەبەرئەوە گەڕامەوە بۆ ماڵەوە، ژوورێکی بچووکم دۆزییەوە. " ئەمە ژوورێکی باشە بۆ نووسین، بیرم دەکردەوە کە کتێبەکەم لێرە بنووسم."

ژوورێکی بچووك و بێدەنگ بوو، بەڵام حەزم لێ بوو، دەستم کرد بە نووسینی کتێبەکەم زۆر دڵخۆش بووم، ئینجا شتەکان روویان دا، رۆژێك، بەسەر مێزەکەم بووم قەڵەمەکەم بە دەستەوە بوو. لە پڕێکدا بیرم کردەوە کە پێویستم بە قاوەیەکە، قاوەشم نەمابوون پێویست بوو بچمە بازاڕ...

قەڵەمەکەم لەسەر مێزەکە داناو رۆیشتم، کاتێك گەڕامەوە بە دوای قەڵەمەکەم، لەسەر مێزەکە نەمابوو، سەیری زەویەکە و سەر کورسییەکە و جارێکی تر سەر مێزەکەم کردەوە بەڵام لێی نەبوو.

" من لەوە تێناگەم."

ئەو شەوە دووبارە شتێکی سەیر رووی دا، لەسەر جیگاکەم بووم ژوورەکە زۆر بێدەنگ و خامۆش بوو، لە پڕێکدا، چاوم کردەوە لە خۆمم پرسی:" ئەوە چی بوو؟ "

گوێم لە دەنگی پیاوێك بوو.

پرسیم:" کێ لێرەیە؟ "

وەلاّم نەبوو، هیچ کەسیش لە ژوورەکە نەبوو! نەم زۆدەتوانی تێبگەم، زۆریش دەترسام.

بیرم دەکردەوە " ئەتوانم چی بکەم ؟ ئەوە چی بوو؟"

لە دوای ئەوە هەموو ڕۆژێك شتێکی سەیر ڕووی دەدا، بەلاّم من پێویست بوو کتێبەکەم تەواو بکەم، لەبەر ئەوە هەر مامەوە.

ژوورەکە زۆر بچووك بوو. شت و مەکی زۆر لیّ نەبوو تەنیا جێگایەك، جێگایەك، مێزو کورسییەك، هەروەها ئاوێنەیەك کە بە دیوارەکەوە هەڵواسرابوو.

ئاوێنەیەکی زۆر کۆن. من حەزم لێی بوو، ڕۆژێکیان، سەیری ئاوێنەکەم کرد من ئەوم بینی! پیاوەکەی دیکە! خۆم نەبووم، ئەم پیاوە سمێڵی هەبوو من سمێڵم نەبوو.

چاو زەق کردەوە جارێکیتر سەیرم کردەوە، ئەم جارە دەموچاوی خۆمم بینی لە ئاوێنەکەدا.

بەبیرم دا هات:" ئەمە ڕووینەدا، من هەڵەبووم، هیچ پیاوێکی دیکەی لیّ نەبوو."

ڕۆژێك چووم بۆ پیاسە، ئیشم لە کتێبەکەمدا نەکرد، نەمدەویست لەو ژوورەدا بم، نەمدەویست شتی سەیر ببینم و ببیستم.

لە شەودا، گەڕامەوە بۆ ماڵەوە، ژوورەکە زۆر بێدەنگ بوو، سەیری ئاوێنەکە کرد دەموچاوی خۆمم بینی بەلاّم دڵخۆش نەبووم. چوومە سەر جێگاکەم بەلاّم نەمدەتوانی بخەوم.

" بیرم لەوە کردەوە، کە بەیانی ئەم شوینە بەجیّ بهێڵم و بڕۆم باشتر خەوتم."

بەلاّم شتێکی سەیر رووی دا. پیاوەکە لە لای جێگاکەمەوە وەستاو قسەی کرد لەگەڵم."

وتی تۆ قەت ئێرە بەجیّ ناهێڵێت، تۆ لەگەڵ مندا ئەمێنیێتەوە باشتر من چاوم کردەوە، زۆرم سەرما بوو ئەشترسام ئێستا ئەڕۆم، ناتوانم بۆ یەك خولەکە چیتر لێرە بمێنیێمەوە بە خێرایی شتەکانم خستە جانتایەکەوە. دەمویست هەر ئەو کات بڕۆم، نەمدەتوانی ئەو پیاوە لەبیرکەم. ئەترسام، بەلاّم لە چی؟ خۆشم نازانم.

کاتێك جلەکانم لەناو جانتاکەدابوو، بیرم دەکردەوە." کە ئێستا ئەم ژوورە بەجیّ دەهێڵم.



سەیری دەوربەری ژوورەکەم کرد هەروەها سەیری ئاوێنەکەم کردەوە دووبارە لە پڕێکدا هەستم بە ترس و سەرما کرد. نەمدەتوانی پیاوەکەی دیکە لە ئاوێنەکەدا ببینم. بۆ چی؟ چونکە ئەو لێرە نەبوو. بەلاّم دەموچاوی خۆشم لە ئاوێنەکەدا نەدەبینی ! هیچ دەموچاوێك. بۆچی نا؟

دەمویست هاوار بکەم. بەلاّم هیچ دەنگێکم نەدەهات من دەنگم نەبوو. ئینجا ئەوم بینی، من پیاوەکەی دیکەم بینی کە سمێڵی هەبوو. بەلاّم ئەو لەناو ئاوێنەکەدا نەبوو. ئەو لەسەر مێزەکە بوو قەڵەمەکەی منی بە دەستەوە بوو. کتێبەکەی منی دەنووسی! من زۆر تووڕە بووم دەمویست قسە بکەم بەلاّم نەمدەتوانی ! چونکە من دەنگم نەبوو.

پیاوەکەی دیکە قسەی نەدەکرد. پێدەکەنی و دەینووسی. لەپڕێکدا دەنگی دەرگا هات گوێم لە دەنگی هاوڕێکەم بوو بانگمی دەکرد:" تۆ لێرەیت؟ ئەمەوێت بتبینم؟"

زۆر دڵم خۆش بوو وتم:" هاوڕێکەم یارمەتیم دەدات."

بەلاّم نەمدەتوانی بجووڵێم پیاوەکە چوو بەرەو دەرگاکە و کردیەوە.

بە هاوڕێکەمی وت:" فەرموو وەرە سەیری ژوورەکەم بکە، من خەریکی نووسینی کتێبەکەمم."

هاوڕێکەم هاتە ژوورەوە بەلاّم منی نەدەبینی بۆ پیاوەکە پێدەکەنی هاوڕێکەم وتی:" ئوە، ئێستا سمێڵت هەیە.

دووبارە دەمویست قسە بکەم، بەلاّم نەمدەتوانی، هاوڕێکەم منی نەدەبینی، ئەو تەنها پیاوەکەی دیکەی دەبینی. ئەمە چیرۆکی منە پیاوەکەی دی ژوورەکەی منی هەبوو. هەروەها ئەو دەموچاو دەنگی منی هەیە. ئەو کتێبەکەشم تەواو دەکات. بەلاّم تەنها یەك شت نازانێت. من دەتوانم بنووسم، دەتوانم باسی چیرۆکەکەم بکەم. ئێستا من چیرۆکەکەم خۆمم بە تۆ گەیاند.

# پادشایەکی گەنج

## نووسینی: ئۆسکار وایڵد

پاشا گەنجەکە لەناو کۆشکدا بەتەنیا لە ژورەکەی خۆی بوو، تەنها تەمەنی شانزەساڵ دەبوو, خاوەن چاوێکی گەش، وەك گیانەوەر لەناو دارستان. دارو دەستەی پاشای گەورە لەناو دارستانەکە دۆزیانەوە. لەوکاتەدا، کوڕەکە بڕوای وابوو کە کوڕی پاسەوانێکی هەژاری دارستان بێت.

بەڵام ئێستا دەزانین کچەزای پاشای گەورەیە. کچی پاشا شووی کردووە بە پیاوێکی ئاسایی، (وێنە کێش)ی سەر دیواری کڵێسا و ماڵی پاشابووە لەو کاتەی پاشا تاجی کراوەتە سەر. بەڵام ڕۆژێك لەگەڵ کچی پاشا دیار نەماوە وێنەکانی بە تەواو نەکراوی بەجێ هێشتووە.

منداڵێکی لاواز لەدایکی دور خراوەتەوە لەوکاتەی دایکەکە خەوتووە. پاسەوانی دارستانەکە و ژنەکەی منداڵیان نەبووە، منداڵەکە دراوە بە ئەوان، شازادەش مردووە.

کاتێك پاشای گەورە خەریکە دمرێت. دەڵێت دڵگرانم چونکە شتی خراپم کردووە. تاجەکە نابێت لە خێزانەکەم دور کەوێتەوە. کچەزاکەم لەدارستانەکە بۆ بێنن، ئەو لە دوای من دەبێت بە پاشا.

کاتێك منداڵەکە دەهێندرێت بۆ کۆشکەکە. خۆشەویستیەکی سەیر پیشان دەدات بۆ هەموو شتە جوانەکان. لە خۆشیدا دەگریا کاتێك جل و بەرگ و خشڵ و گەوهەری بینی. خێرا ئەو چاکەتەی داکەند, کە لە دارستانەکە لەبەری دابوو. بە کۆشك دا دەسووڕایەوە لەم ژوور بۆ ئەو ژوور سەیری هەموو شتێکی دەکرد.

ڕۆژێك پیاوێکی دەوڵەمەند هات بۆ لای پاشا گەنجەکە. بینی کەلەسەر ئەژنۆ کەوتووە لە بەرامبەر وێنەیەکی جوانی ڤینسیا. ڕۆژێکی دیکە، خەڵك چەندین

کاتژمێر بەدوای پاشا دەگەڕان، لە کۆتایدا لە یەکێك لە ژورە بچووکەکانی باکووری کۆشکەکە دۆزیانەوە. سەیری وێنەی کەشتیەکی یۆنانی (ئادۆنیس)ی دەکرد.

لە شەودا، پاشا گەنجەکە بیری لە جل و بەرگێکی جوان دکردەوە بۆ ڕۆژە تایبەتەکەی. جلێکی ئاڵتوونی و تاجێکی لە گەوهەر.

خەڵك شەو و ڕۆژ کاردەکەن بۆ ئەوەی جل و بەرگەکەی لەکاتی خۆیدا بۆ تەواو بکەن. پاشا گەنجەکە خەیاڵی دەکردەوە لە کڵێسایەکی گەورە، جلوبەرگی شاهانەی لەبەر دایە، چاوەکانی داخست خەوی لێکەوت. خەوی بینی، لە خەویدا لە ژورێکی گەورەی نزم وەستاوە. لە دەوریدا جل و بەرگ دوور ئیش دەکەن. تەنها ڕووناکییەکی کەم لە پەنجەرەیەکی تەسکەوە دەهاتە ژورەوە -دەموچاوی پیاوەکان لاواز و زەرد دەبوون. منداڵی بچکۆلەش لەگەڵیاندا ئیشی دەکرد .هەموو لاواز و برسی بوون دەستەکانیان دەلەرزی.

پاشا گەنجەکە چوو بۆلای (بەرگ دوورەکان)، پیاوێك لە (بەرگ دوورەکان) بەتووڕەیەوە سەیری کردو پرسی

: بۆچی سەیرمان دەکەیت، فەرمان بەرەکان وتیان سەیری ئێمە بکەیت ؟:

پاشا گەنجەکە پرسی: کێ فەرمان بەری ئێوەیە ؟:

: پیاوێکە وەك من، بەڵام وەك من نییە، ئەو (جل و بەرگ)ی باشی لەبەر دایە. لەکاتێکدا من برسیمە، ئەو خواردنی زۆری لایە:

پاشا گەنجەکە وتی: تۆ کۆیلە نیت فەرمان بەرەکە خاوەنت نییە:

(بەرگ دورەکە) وەڵامی دایەوە: دەوڵەمەندەکان , هەژارەکان دەکەن بە کۆیلەی خۆیان. پێویستە ئێمە ئیش بکەین بۆ ئەوەی بژین. ئەوان کەممان دەدەنێ، ئێمە دەمرین پێمان دەڵێن کە ئازادبن، بەڵام کۆیلەین. ئەمانە گرینگ نییە. تۆ یەکێك نیت لە ئێمە, لە ڕوخسارد زۆر دڵ خۆش دیاری.

ڕوی وەرگێڕاو دەستی کردەوە بە ئیش کردن. ئینجا پاشا گەنجەکە کە بینی (بەرگ دوروەکان) خەریك دوورینی جل و بەرگە ئاڵتوونییەکەن، لەپڕێکدا هەستی بە ترس کرد.

پرسی: ئەم جل و بەرگە بۆ کێ دروست دەکەن:



: بۆ ڕێوڕەسمی تاج لەسەر نانی پاشا گەنجەکە:

پاشا گەنجەکە کەبە گریانێکی زۆرەوە خەبەری بۆوە، لە ژوورەکەی ناو کۆشکەکە بوو. لە پەنجەرەکەوە مانگی بینی لە ئاسماندا.

دیسان خەوی لێکەوتەوە و خەوی بینی، لە خەویدا لەناو کەشتییەك دابوو. سەدەها کۆیلە ئیشیان دەکرد، تەنها جلێکی سادەیان لەبەر بوو بەدەوری کەمەریاندا.

هەموو پیاوێك بەوەی پێشەوەیەوە بەسترابۆوە.

خۆری گەرم بەبێ هیچ بەزیەك لێیدەدان. پیاوێك بەبەینیاندا رایدەکرد و لێیدەدان. هەتا خوێنیان لێدەهات. فەرمانی دەکرد

: خێرا ئیش کەن:

لە کۆتایدا کەشتیەکی نزیك زەویەك وەستاو، کەشتیوانەکە یەکێك لە کۆیلە گەنجەکانی برد. بەرێکی بەست بە قاچیەوە لە یەکێك لە لاکانی کەشتیەکەوە شۆڕی کردەسوە ناو ئاوەکە.

پاش ماوەیەك دەریهێنایەوە لە دەستی چەپیەوە مرواریەکی پێبوو.

کەشتیوانەکە لێیوەرگرت. ئینجا دەیخستەوە ناو ئاوەکە. کۆیلە گەنجەکە ئەهاتە دەرەوە و دووبارە و دووبارە، هەموو کات مرواریەکی جوانی لەگەڵ خۆیدا دەهێنا. کەشتیوانەکە مرواریەکەی دەخستە ناو جانتایەکی سەوزەوە.

ئینجا کۆیلەکە لەکۆتایدا هاتەسەرەوە. ئەمجارە جوان ترین مرواری هێنابوو. شێوەی لە مانگی بڕاو دەچوو وەك ئەستێرەی بەیانیان دەگەشایەوە، بەڵام دەمووچاوی کۆیلەکە سپی هەڵگەڕابوو کەوتە خوارەوە لەناو کەشتییەکە، خوێن لە گوێیە و دەمیەوە دەهات.

کەشتیوانەکە هاواری کرد: مرد ؟ لاشەکەی فڕێ بدەنە ناو دەریاکەوە:

سەیری مرواریەکانی کرد: ئەمانە بۆ تاجی پاشا گەنجەکەیە

کاتێك پاشا گەنجەکە گوێی لەمە بوو بەدەم گریانێکی بەرزەوە خەبەری بۆوە. لە پەنجەرەکەوە دەیبینی، ئەستێرەکان کز بوون , خەریکە ڕۆژ هەڵدێت.

پاشا گەنجەکە دووبارە خەوی لێکەوتەوە و خەوی بینی، لە ناو دارستانێکدا پیاسەی دەکرد پڕ بوو لە میوە و گوڵی سەیر. بەردەوام بوو لە پیاسە کردن هەتا وەکو

هاتە دەرەوە لە دارستانەکەوە. قەرەباڵغییەکی بینی، لەلای ڕووبارێکی وشك ئیشیان دەکرد. هۆڵێکی گەورەیان لە سەر زەویەکە دروست دەکرد و بەردەکانیان دەشکاند.

پاشا گەنجەکە ئاوڕی دایەوە پیاوێکی پیری بینی

لە پشتیەوە، ئاوێنەیەکی بەدەستەوە بوو.

پرسی، ئەم پیاوانە چی دەکەن ؟

پیاوە پیرەکە وتی: خەڵکی شارەکە برسیانە و خواردنیان نییە، ئەویان کەمە، بەڵام ئەم پیاوانە لە ڕووبارەکەدا ئیش دەکەن بۆ ئەوەی بیدۆزنەوە. ..

: دەیانەوێت چی بدۆزنەوە:

: گەوهەر بۆ تاجی پاشا:

: بۆ کام پاشا:

: سەیری ئەم ئاوێنەیە بکە دەیبینی:

پاشا گەنجەکە سەیری ئاوێنەکەی کرد دەموچاوی خۆی بینی. بەگریانێکی بەرزەوە خەبەری بۆوە.

خۆر هەڵاتبوو دەگەشایەوە، لە باخەکەی دەرەوە باڵندەکان لە سەر دارەکان گۆرانیان دەوت:

وەزیروو دارو دەستەکەی هاتن بۆ ژووری پاشا گەنجەکە و پیرۆز باییان لێکرد، (خزمەت کارەکان) چاکەتە ئاڵتوونی و تاجەکەیان بۆ هێنا هەمووی خشڵ و گەوهەری جوان بوو.

بەڵام ئەو خەوەکی بیرکەوتەوە، وتی: ئەمانە دوورخەنەوە من لەبەری ناکەم:

وەزیرەکان زۆر سەیربوو لایان , هەندێك وەیان زانی گاڵتەدەکات، پێکەنین

دوبارە وتیەوە: ئەمانە دوورخەنەوە. من لەبەری ناکەم. ئەم جل و بەرگانە بە دەستێکی سپی دروستکراوە کە پڕبووە لە ئازار. خوێن بە گەوهەرەکانەوەیە مردن لە دڵی مرواریەکان:

هەرسێ خەونەکەی بۆ گێڕانەوە، پیاوەکانی گوێیان لێگرت، پێیان وت

: تۆ ئاگات لێیە چی دەڵێیت. خەون هەر خەونە، ڕاستی نییە. ئێمە ناتوانین خەمی ئەوکەسانە بخۆین کە ئیشمان بۆدەکەن. ئەگەر تۆ وابکەیت، ئەو جل و تاجە لەسەر ناکەیت. وەك پاشا نابیت. خەڵکە نازانێت کەتۆ پاشایت:



پاشا گەنجەکە وەڵامی دانەوە: لەوانەیە ئێوە ڕاست بکەن، بەڵام من نەئەو جاکەتە لەبەردەکەم , نە ئەو تاجەش دەکەمە سەرم. من جلێکی باشم لەبەر بوو کەهاتم بۆ ئەم کۆشکە. بەهەمان جلیشەوە لەم کۆشکە دەچمە دەرەوە. هەمووتان بڕۆن. تەنها بائەم کوڕە لێرە بمێنێتەوە:

وەزیرو خزمەتکارەکان ڕۆیشتن. تەنها، کوڕە خزمەتکارێك، مایەوە لەگەڵ پاشادا.

پاشاگەنجەکە سندووقەکەی کردەوە و چاکەتە کۆنەکەی دەرهێنا. ئەمە ئەو چاکەتەیە کەلەبەرم دابوو کاتێك لە سەر گردەکەی ناو دارستانەکە دادەنیشتم و سەیری گیانلەبەرەکانم دەکرد.

کوڕەکە وتی: گەورەم ئەی کوا تاجەکەت:

کوڕە لاوەکە پارچەیەکی لە گوڵە باخەکەی کردەوە کەلەلای پەنجەرەکەیەوە بوو، بازنەیەکی پێ دروست کرد و کردیە سەری و وتی

: ئەمە دەبێتە تاجی من:

پاشا گەنجەکە ژورەکەی جێهێشت و سواری ئەسپەکەی بوو، بەرەو ڕێگای دەروازەکە بۆلای کەنیسەکەڕۆیشت. کوڕەکە لەگەڵیدا ڕایدەکرد.

خەڵك لەسەر شەقامەکە پێدەکەنین کاتێك بەلایاندا تێدەپەڕی دەیان وەت: ئەمە پاشانییە:

وەستاو وەڵامی دانەوە: من پاشام:

هەرسێ خەونەکەی بۆ دەگێڕانەوە، پیاوێك لە قەرەباڵغیەکەوە بە تووڕەیەوە پیٚی وت

: ژیانی هەژاران بە هۆی ژیانی خەڵکە دەوڵەمەندەکانەوە بەردەوام دەبێت، کاتێك ئەو شتانە دروست دەکەن، دەتوانین نان بکڕین. بگەڕێوە بۆ کۆشکەکەت جلەکانی پاشایەتی لەبەربکە. تۆ بۆچی خەم بۆ ئێمە دەخۆیت ؟

پاشاگەنجەکە پرسی: ئایا دەوڵەمەند و هەژار برانین ؟:

چاوەکانی پڕبوو لە فرمێسك. بەتووڕەیی بەناو خەڵکەکەدا دەهات و دەرچوو خزمەتکارەکە ترساو بەجێی هێشت.

لەناو دەروازە گەورەکەی کڵێسا پاسەوانەکان هەوڵیاندا بیوەستێنن. پێیان وت

: تەنها پاشا دەتوانێت بێت بۆ ئێرە:

بەتووڕەییەوە وەڵامی دانەوە: من پاشام:

پاڵی پێوەنان چوە ژوورەوە، بەرز ترین قەشەی کڵێسا چاوەڕوانی بوو بۆ ئەوەی تاجەکە بخاتە سەر پاشا نوێیەکە. کەپاشاکەیان بینی لەجل و بەرگی هەژارانەوە چووەلای بۆئەوەی بیبینێ وتی: کوڕم. ئەمە ئەو جلەیە کە پاشا لەبەری دەکات ؟! من چ تاجێك بخەمە سەری تۆ ؟ دەبێت ئەمڕۆ خۆشترین ڕۆژ بێت: پاشاکە وتی: دڵخۆشێك دەتوانێت ئەمە لە بەر بکات کە بەخەمموو ئازارەوە دروست کراوە:

خەوەکانی بۆ قەشەکە باسکردوو قەشەکە وتی

: من پیاوێکی پیرم، دەزانم لە دنیا زۆر شتی هەڵە دەکرێت. بەڵام خوا ئێمەی بەو ڕێگەیە دروست کردووە، ئەو زاناترە لەتۆ، قورسە ناڵاندنی , دونیا قورسە بۆ یەك پیاو:

پاشا گەنجەکە وتی: تۆ چۆن دەتوانیت ئەو جێ بێڵێت لە ماڵی خۆت دا !:

قەشەکەی بەجێهیشت لەسەر ئەژنۆ دانیشت. لە پڕێکدا دەنگی بەرز دەهات لە شەقامەکەی دەرەوە. وەزیر و کار بەدەستەکان هاتن بۆ کڵێساکە و هاوریان دەکرد.

: خەونی خەونەکان لەکوێیە ؟ ئەو پاشایە لەکوێیە کە وەك خزمەتکار جلی لەبەر کردووە ؟ ناتوانێت ببێتە پاشای ئێمە !:

پاشا گەنجەکە هەستایەوە بەخەمێکەوە چووە بەردەمیان، لەوکاتەدا ڕووناکەی خۆر لە پەنجەرە ڕەنگ کراوەکانی کڵێساکە دەهاتە ژورەوە. بەر جلەکانی دەکەوت ڕەنگی چاکەتەکەی گۆڕی زۆر جوان تر بوو لەو چاکەتەی کە لە ئاڵتوون دروست کرابوو, گۆچان و گۆتەکەی سەری زۆر جوانتر بوو لە مرواریەکە، گوڵە سروشتیەکانی سەری بەتیشکی خۆرکە لە گەوهەرەکان زیاتر دەدرەوشایەوە.

جلەکانی وەك هی پاشا دەرکەوتن. ڕووناکە لەو شوێنەدابوو مۆسیقاو گۆرانی دەستی پێکرد. خەڵکەکە هەموو چونە سەر ئەژنۆیان

قەشەکە دەستی خستە سەر پاشا گەنجەکەو وتی

: کەسێك تاجی کردۆتە سەرت کەزۆر لەمن گەورەترە:

ئینجا لەسەر ئەژنۆکانی دانەوەی بۆ پاشا.



# خۆشەویستی یان پارە

## بەشی یەکەم

### نووسینی: راونا ئەکینیمی

خێزانی کلارسۆن لە شارێکی نزیك کامبریج دەژیان، نیومیل لە نزیکترین لادێ، ملێك دوور لە ڕووبارەکە. ماڵێکی گەورە و خۆش و باخێکی جوانیان هەبوو، پڕ لە گوڵ و درەختی پیر.

لە بەیانییەکی چوار شەممەی مانگی حەوتدا، جاکی لە باخەکەوە هات. ژنێکی درێژی، قەڵەو تەمەنی سی ساڵ دەبوو، ڕۆژێکی گەرمی ساڵ، بەڵام ئەو تەنوورەیەکی قاوەیی و کراسێکی زەردی لەبەردابوو. چووە مەتبەخەکە ئاو بخواتەوە لەو کاتەدا زەنگی تەلەفۆنەکە لێیدا.

جاکی وتی: کامبێرج ١٣٧٩:

: چۆنی من دیانام، دەمەوێت قسە لەگەڵ دایکم بکەم:

جاکی وتی: دایکم لێرە نییە، چووە بۆلای دکتۆر:

:بۆچی شتێکی خراپ ڕوویداوە ؟:

جاکی وتی: هیچ نەبووە، بۆچی تەلەفۆنت کرد ؟ کۆتایی هەفتە دێت ؟ دایکم دەیەوێت هەمووتان لێرەبن:

: پارەت پێنیە ! دایکم هەمیشە پارە دەدات بەتۆ !:

دیانا وتی: بەڵێ دەمەوێت لەوێ بم , تەلەفۆنم کرد چونکە هیچ پارەم پێنییە پلیتی شەمەندەفەر بکڕم.

دیانا وتی: ئەم تەلەفۆنە زۆرم لەسەر دەکەوێت، تکایە بەدایکم بڵێ. کە پێویستم بە پارەیە:

جاکی تەلەفۆنەکەی داخستەوە. جگەرەیەکی لە جانتاکەی دەرهێناو دەستی کرد بە کێشانی هەستی بە تووڕەیی دەکرد. چونکە خوشکەکەی هەمیشە داوای پارەی لێدەکات.

دیانا تەمەنی بیست ساڵە، بچووکترین منداڵی خێزانەکەیە، لەلەندەن دەژیا لە ژوورێك لە ماڵێکی گەورەدا.

دەیەوێت بێتە (گۆرانی بێژ). زۆر بەباشی گۆرانی دەوت , بەڵام سوودی نەبوو. جاکی گەڕایەوە بۆ مەتبەخەکە و دەستی کرد بە دروست کردنی چەند لەفەیەك، لەو کاتەدا دەرگای پشتەوە کرایەوە داکی هاتە ژورەوە.

مۆلی وتی: زۆر گەرمە!:

کڵاوەکەی لەسەر داکەند و خستیە سەر مێزەکە. ژنێکی ئەسمەری درێژ و دوو چاوی جوانی هەبوو.

دوو سەگی گەورەی ڕەش لەدوای ئەو هاتنە مەتبەخەکە و بەدەوریدا دەسووڕانەوە و دانیشتن دەستی دەهێنا بەسەری سەگەکاندا

جاکی لەفەیەکی خستە سەر مێزەکە. وتی: دایکە، دیانا تەلەفۆنی کرد. پارەی دەوێت بلیتی شەمەندەفەری پێ بکڕێت بۆ گەڕانەوەی:

مۆلی چاوی بۆماوەی چرکەیەك داخست. ئینجا هەستایە سەر پێ و وتی: ئەم دوای نیوەڕۆیە دەمەوێت ماڵەکە ئامادە بکەین بۆ کۆتایی هەفتە، ئۆه، تکایە بڕۆ بۆ لادێکە دەرمانەکانم بۆ بێنە:

جاکی وتی: بەڵێ باشە، دایکە:

مۆلی چوو بۆلای دەرگاکە

: دایکە، تکایە چاوەڕێبکە، پیتەر هۆبیس ئەم بەیانیە هات بۆ ئێرە. زۆر تووڕەبوو لە تۆ بەهۆی نامەکەتەوە ئیشەکەی لەدەستداوە، بۆچی تۆ نامەت بۆ نووسینگەی نوسیبوو ؟ دەیەوێت لەو بارەیەوە قسەت لەگەڵ بکات:

: من نامەوێت قسەی لەگەڵدا بکەم:

دەرگاکەی کردەوە

: بەڵام دایکە، تۆ تێناگەیت، ئەو حەڤدە ساڵە، ئەمە یەکەم ئیشی بوو. زۆر زۆر تورەیە وتی. .. وتی کە دەتکوژێت:

مۆلی وەڵامی نەدایەوە و چووە دەرێ لە ژوورەکە و دەرگاکەی داخست



## بەشی دووەم

کاتژمێر حەوتی ئێوارەی شەممە بوو. جاکی لە بەردەم پەنجەرەکە وەستا بوو. ئۆتومبێلێك بە هێواشی هات و لە بەردەم دەرگاکەیان وەستا. پیاوێکە درێژی سەر سپی دابەزی ئەلبێرت، مێردی خوشکەکەی مۆلی.

جاکی وتی: ئەوەی مامە (ئەلبێرت) ە، هەمیشە درەنگ دەکەوێت:

چووە دەرەوە دەرگاکەی کردەوە، ئەلبێرت هاتە ژوورەوە یەکسەر چوو بۆ لای مۆلی وتی: ئۆه، ئازیزم، من زۆر درەنگ کەوتم. داوای لێبووردن دەکەم، بە پەنجا ساڵ تەمەنتەوە ! ئەو کراسە جوانە چییە !:

مۆلی پێنەکەنی: سوپاس ئەلبێرت، هەموو بەرەو پیری دەچین: ئەم شەوە کراسێکی درێژی ڕەشی لەبەر بوو دوو سەگە ڕەشەکە لەسەر قاچەکانی دانیشتبوون. وتی

: ئێستا هەمووتان لێرەن بابچین نانی ئێوارە بخۆین:

هەموویان هەستان چونەلای مێزەکە

دیاناوتی: مێزەکە چەند جوانە. جاکی ئەو گوڵە جوانە چییە:

دیانا کچێکی جوانی قژدرێژی ڕەش هەبوو لەگەڵ دوو چاوی تۆخ، کراسێکی درێژی سووری لەبەر دابوو

ئەلبێرت لە تەنیشت ڕۆگیر دانیشت، ڕۆگیر کوڕی مۆلی بوو. دووەم منداڵی بوو لە کامبێرج دەژیا لەخانوێکی گرانبەها.

ئەڵبێرت وتی: کەسێك بەناوی پیتەر لە خوارووی ڕێگاکە وەستاندمی، ئەوە کێیە؟

زۆر لەتۆ تووڕەبوو مۆڵی:

جاکی سەیری ئەوبەری مێزەکەی دەکرد بەخێرایی وتی: ئەوە پیتەر هۆبسە، لە خانووی ئەوبەری ڕێگاکەیە، هەفتەی پێشوو ئیشەکەی لەدەست داوە لەهەموو کەس تووڕەیە:

ئەلبێرت وتی: ئەوە مۆلی بەدڵی نەبوو:

مۆلی هیچی نەوت، هەموویان دەستیان کرد بە نان خواردن جاکی وتی: ئامۆژن ئانی چۆنە؟:

ئەلبێرت وتی:  ئێستا زۆر خراپترە. هەموو کات لەسەر جێگایە. بیست و چوار کاتژمێر پێویستی بە پەرستارێك هەیە:

مۆلی وتی:  داوای لێبووردن دەکەم:

ئەلبێرت وەستا لەنان خواردن سەیری مۆلی کرد، ئەمە زۆر گران و زۆر قورسە، تۆ دەزانیت ئانی

غەمگینە چونکە تۆ سەردانی ناکەیت، مۆلی. ئەو تۆی زۆر خۆشدەوێت.

تۆ خوشکە بچووکی ئەوی.

مۆلی بۆ ماوەیەك چاوەکانی داخست، من ئەوە دەزانم ئەلبێرت. تەمەنم پەنجا ساڵە هەمیشە خوشکە (بچووکی) ئەو بوو، دەتوانین دواتر قسەی لەبارەوە بکەین:

ئەلبێرت پێکەنی:  ئۆه، باشە، ئێمە دواتر دەتوانین قسە بکەین، هەمیشە تۆ دواتر، هەمیشە بەیانی، قەت ئەمڕۆنا:

جاکی سەیری دایکی کرد. دایکی تووڕە بوو لە ئەلبێرت مۆڵی قەت حەزی نەدەکرد لەبارەی خوشکەکەمەوە قسە بکات حەزی نەدەکرد سەردانیشی بکات چونکە زۆر نەخۆش بوو.

جاکی وتی:  کراسێکی زۆرجوانە، دیانا، تازەیە ؟:

دیانا بە زەردە خەنەیەکەوە وتی:  سوپاس جاکی، بەڵێ تازەیە، زۆریش گرانە. چوار شەممە کڕیم:

جاکی وتی:  هەموو شتێکی تۆ گران بەهایە:

بیری تەلەفۆنەکەی کەوتەوە لەبارەی بلیتی شەمەندەفەر

دیانا وتی:  من حەزم لە شتی هەرزان نیە، لەم ماوە نزیکەدا پێویستم بە پارەی زیاتر دەبێت، دەمەوێت بڕۆم بۆ ئەمریکا. ڕۆگیر تۆ دەتوانیت یارمەتیم بدەیت:

ڕۆگیر وتی:  ئۆ، نەخێر. هیچ کەس نایەوێت یارمەتی تۆ بدات دیانا. تۆ حەزت لە ئیشکردن نییە. ئێمە هەمومان ئەوە دەزانین، بەڵام دەمانەوێت تۆش بیکەیت:



دیانا پێکەنی وتی:  گرنگ نییە: ڕۆگیر پێویستم بە یارمەتی تۆنییە. دایکم هەمیشە یارمەتیم دەدات. دایکم باشترینیانە لە خۆشەویستیا بۆ من:

لە پڕێکدا پێکەنی، پێکەنینێکی جوان و خێرا، بەڵام چاوەکانی سارد بوون، جاکی سەیری دایکی کرد. مۆڵی دەموچاوی (سپی هەڵگەڕا) بوو، هیچ تێنەگەیشت. ئایا دایکی دەترسێت لە دیانا ؟ جاکی دەیویست دایکی ئەمڕۆ دڵی خۆشبێت

جاکی پرسی:  حەزت لە هەندێك گۆشتی تر هەیە مامە ئەلبێرت ؟

ڕۆگیر، دەتوانیت خواردنەوە بۆ هەمووان تێبکەیت ؟:

ڕۆگیر شەرابی بۆ هەموویان تێکرد و وتی:  ئەمە شەرابێکی باشە:  مۆڵی بۆ یەکەمجار پێکەنی:  بەڵێ، باوکت حەزی لە شەراب بوو. هەمیشە دەیخواردەوە:

سەیری مۆلی کرد و ئەلبێرد وتی:  بەڵێ، هەروەها گرانیش بوو:

جاکی خێرا پرسی:  حەزدەکەیت بەڕێز بریگس بێنیت ڕۆگیس، دراوسێیەکی تازەیە لە کێڵگەکەیە دەیەوێت تۆ ببینێت:

مۆلی لە پڕێکدا و بە تووڕەیی وتی:  بریگس، بریگس:  لە بارەی ئەو پیاوە قسەمەکە. من حەزی پێناکەم. ئەوە دەیەوێت نیوەی باخەکەی من بخاتە سەر کێڵگەکەی خۆی، پێویستی بەخاکی زیاترە، من نامەوێت بێتە ماڵەکەمەوە، هەمیشە پیسەودانەکانی خراپن:

جاکی هەستاو جانتاکەی هێنا:  بەیارمەتی، من جگەرەیەك دەکێشم:

مۆلی وتی:  جگەرە ! هەمیشە جگەرەیەك بەدەمتەوەیە، جگەرە بۆ تۆ باش نییە:

جاکی دەستی کرد بە جگەرە کێشان هەستی بەتووڕەیی دەکرد, بەڵام هیچی نەوت دەیویست داکی (دڵ خۆش) بکات ئەم ئێوارەیە، بەڵام ئەوە زۆر قورس بوو. ڕۆگیر هەندێك شەرابی تری خواردەوە و وتی:  باشە، دایکە لەوانەیە بەڕێز بریگس ڕاست بکات. باخەکە زۆر گەورەیە، ئیشی زۆری تێدایە بۆ تۆ. ماڵەکەش گەورەیە تۆ ئێستا پەنجا ساڵی. پێویستی بە ئاگاداری زۆرتر هەیە ؟:

مۆلی هەستایە سەرپێ:  ڕۆگیر ! تۆ دەزانیت من پێویستم بە یارمەتی نییە ! هەموو ڕۆژێك لەباخەکەدا ئیش دەکەم، هەست بەخۆشی دەکەم لەوێدا، من دەزانم

هەمووتان پارەکانتان دەوێت، ئێوە هاتوون بۆ نان خواردنێکی خۆڕایی، نەهاتوون من ببینن. منتان خۆش ناوێت. خانوو و پارەکەتان دەوێت دەتوانن هەمووتان چاوەڕێبن کەس پارەی لە من دەستناکەوێت پێش مردنم ؟: جاکی گریا: وامەڵێ دایکە:

مۆلی بەرو دەرگاکە ڕۆیشت: ئێستا هەست بە هیلاکی دەکەم، دەچمە سەرەوە بۆ سەر جێگاکەم:

ژورەکەی بەجێ هێشت. کەس نەدەجوولایەوە دیانا بەخێرایی وتی: ڕۆژێك من ئەم ژنە دەکوژم:

ڕۆگیر سەیری دیانای کرد، بەڵام هیچی نەوت، ئەلبێرت سەری بەهێواشی جوولاند بەرەو خوارەوە وتی: تووڕەیە، هەمیشە لەبارەی پارەوە تووڕەیە، بۆچی ناتوانیت لەگەڵ خوشکەکەی باش بێت، ئانی بەم زوانە دەمرێت، مۆلی ئەوەش دەزانێت:

جاکی جگەرەکەی تەواو کرد و هەستایە سەر پێ: هەمووتان حەز لە قاوە دەکەن؟ وەرن بۆ مەتبەخەکە بالەوێ بیخۆینەوە:

## بەشی سێیەم

لەبەیانی زووی ڕۆژی دواتردا ماڵەکە بێدەنگ بوو، لەپڕێکدا گوێیان لە گریانێك بوو لەژوورەکەی تەنیشت رۆگیردا ژوورەکەی دایکی، ڕۆگیر چاوی کردەوە سەیری کات ژمێرەکەی کرد نزیك حەوت بوو. لەسەر جێگاکەی هەستاو بەخێرایی دەرگاکەی کردەوە. لەوکاتەدا دەرگای ژورەکەی دایکی کرایەوە دیانا هاتە دەرەوە، دەموچاوی (سپی هەڵگەڕابوو) و دەگریا.

: ڕۆگیر! دایکم، کوپێك قاوەم بۆ هێنا بەمردووی بینیم مردووە... لەسەر جێگاکەی مردووە:

ڕۆگیر بەپەلە چوو بۆلای دەرگای ژوورەکەی دایکی و سەیری پەنجەرەکەی کرد کرابۆوە, بەڵام ژوورەکە گەرم بوو، مۆلی لەسەر جێگاکە بوو، دەستێکی لەژێر سەری بوو. ڕۆگیر چووە لای جێگاکەیەوە دەستی خستە سەر شانی، زۆر سارد بوو. لەسەر یەکێك لەمێزە بچووکەکانی تەنشت جێگاکە کوپێکی گەرمی قاوەی لێ بوو, هەروەها کوپێکی بەتاڵیش:

دیانا وتی: من دەچم تەلەفۆن بۆ دکتۆر دەکەم:



ڕۆگیر بە هێواشی وتی: مردووە، دەموچاوی زۆر سپی هەڵگەڕا بوو. دایکم مرد:
دیانا بەرەو دەرگاکە ڕۆیشت دووبارە وتیەوە: من دە چم تەلەفۆن بۆ دکتۆر دەکەم:
ڕۆگیر بانگی کردوو: جارێ بووەستە، بابەخێزانەکە بڵێین یەکەم جار:
: خێزانەکەمان ؟ هیچ کەس دایکمی خۆش نەدەویست:
دیانا چووە خوارەوە، ڕۆگیر بە هێواشی بەدوایاندا چوو لە لای تەلەفۆنەکەوە وەستا
: دکتۆر پرات، من دیانا کلار سۆنم، دایکم مردووە. دەتوانیت بەخێرایی بێت:
دیانا تەلەفۆنەکەی دانا و دەستی کرد بە گریا
: ئەمە ڕاست نییە، ڕۆگیر، دایکم مرد ! باوکیشم زستانی پێشوو مرد، ئێستاش دایکم
: ڕۆگیر وتی: مەگری دیانا، بابڕۆینە سەرەوە بە مامە ئەلبێرت و جاکی بڵێین:
: نەخێر ! تۆ پێیان بڵێ: هیچ کەس دایکمی خۆش (نەدەویست).
تۆش بەداخەوە نیت بۆی. سەیری خۆت بکە ! تۆ پارەکەیت دەوێت:
ڕۆگیر لە پڕێکدا ویستی لە دیانا بدات وتی
بێدەنگ بە، ئەی تۆ ؟ تۆش دایکمت (خۆش نەدەویست)، تەنها پارەکەیت مەبەست بوو، ئەوەت بیر نەچێت !:
دیانا وتی: ئۆه، من ناتوانم لە ماڵەوە بمێنمەوە، دەچمە دەرەوە بۆلای ڕووبارەکە لە گەڵ سەگەکان:
ڕۆگیر وتی: نەخێر دکتۆرەکە دێت، دەمەوێت لێرەبیت:
دیانا هیچی نەوت چووە مەتبەخەکە و سەگەکانی هاتن بۆ لای:
سەگە جوانانە، دایکم و باوکم خۆشی دەویستن، ئینجا ئێستا من ئێوەم خۆش دەوێت:
دەرگای دواوەی کردەوە چووە دەرەوە لەگەڵ سەگەکان.
ڕۆگیر نەدەجوولا. لای تەلەفۆنەکەوە وەستابوو بیری دەکردەوە
: ئەمە ڕاستە من (دڵ خۆشم) بە پارەکان. پێویستم بە پارەیە، ئێستا دەوڵەمەندم. ئیشەکان ئاسانتر دەبێت بۆ من، بەڵام دایکم. ... بۆچی زیاتر خۆشم نەدەویست ؟ ئێستا مردووە:
بە هێواشی ڕۆگیر چووە سەرەوە، ویستی خۆی لەبەر بکات، پێش ئەوەی دکتۆر پارت بگات.

دکتۆر پارت پیاوێکی بچکۆڵەی قەڵەوی کەچەڵ بوو، دکتۆری خێزانەکە هەموو شتێکی لە بارەی خێزانی کلاسیکۆ بەباشی دەزانی. چووە سەرەوە سەیری لاشەی مۆلی کرد. بەوریایەوە سەیری کوپە قاوەکە و کوپە بەتاڵەکەی سەر مێزەکەی تەنیشت جێگەکەی کرد.

وتی: داوای لێبوردن دەکەم، رۆگیر. دیانا لە کۆیە ئەو تەلەفۆنەی بۆمن کرد:

رۆگیر وتی: چووە دەرەوە لەگەڵ سەگەکان، تووڕەبوو لە من. .. تووڕەیە لە هەمومان: دکتۆر پارت بۆ ماوەیەك هیچی نەوت

: ئەمە زۆر گرانە من تەلەفۆن بۆ پۆلیس دەکەم، رۆگیر:

:پۆلیس ! بۆچی ؟ چی ڕویداوە ؟:

: نازانم. دایکتان نەخۆش نەبوو، ڕۆژی سێشەممە بینیم تەندروستی زۆر باش بوو.

بۆچی مرد ؟ تیناگەم دەمەوێت ئەوە بزانم:

رۆگیر چووە لای پەنجەرەکەوە سەیری باخەکەی کرد، بەیانی هاوینێکی جوان بوو.

ئاسمان شین و باخەکە سەوز بوو. دایکی زۆری باخەکەی خۆش دەویست.

بەڵام تۆم بیرگس باخەکەی دەویست. رۆگیرش بەهەمان شێوە.

دکتۆر پارت وتی دایکت دەرمانی خەوتنی دەخوارد، دەزانی ؟ لە سێشەممەدا من هەندێك دەرمانی تازەم دایە، بەڵام ئێستا لە ژورەکەی نییە:

رۆگیر وتی من ئەوە باش نازانم، بابچەینە خوارەوە تەلەفۆن بکەین بۆ پۆلیس:

رۆگیر چوو بەرەو مەتبەخەکە هەندێك قاوەی دروست کرد لەوکاتەدا دیانا لەگەڵ سەگەگان هاتە ژورەوە وتی

: رۆگیر من داوای لێبووردن دەکەم، هەندێك شتم وت:

رۆگیر وتی: گرینگ نییە، ئەوە تۆیت، هەندێك قاوە دەخۆیتەوە. دکتۆر پارت تەلەفۆن بۆ پۆلیس دەکات. ئایا تۆ دەزانیت دایکم دەرمانی خەوی دەخوارد ؟ ئێستا بوتڵی دەرمانەکان لە ژوورەکە نییە:

دیانا قاوەکەی برد دەستی کرد بە خواردنەوەی وتی: چی ؟ من تێناگەم:

لەوگاتەدا دکتۆر پارت هاتە مەتبەخکە و وتی: ئێستا دێن، دیانا. من بەداخەوەم بۆ دایکت:



:دکتۆر پارت، من دەمەوێت شتێك بڵێم لەبارەی دوێنێ شەو، هەمووومان تووڕە بووین:

رۆگیر بە خێرایی وتی: بێدەنگ بە لەدڵی خۆیدا وتی دیانا قەت بیر ناکاتەوە پێش ئەوەی قسە بکات.

دیانا سەیری رۆگیر نەکرد

: دوێنێ شەو دایکم زوو چووە سەر جێگاکەی چونکە هەمووومان. ......:

دکتۆر پارت وتی: بۆ منی باس مەکە، دەتوانیت بە پۆلیس بڵێیت:

رۆگیر دەموچاوی (سوور هەڵگەڕاوە) لەپڕێکدا هەستی بە ترس کرد. بیری دەکردەوە: پۆلیس قسە لەگەڵ هەمووومان دەکەن، پرسیار دەکەن، دەبێت وەڵامیان بدەینەوە. ئەمە زۆر گران دەبێت:

قاوەکەی تەواو کرد و هەستا سەر پێ

وتی: من دەچمە سەرەوە، بە مامە ئەلبێرت و جاکی دەڵێم دەربارەی دایکم. ..

هەروەها لەبارەی پۆلیس:

## بەشی چوارەم

ژمارەیەکی زۆر پۆلیس بەخێرایی گەیشتن. هەروەها هەندێکیان کامێرایان پێبوو چونە سەرەوە بۆ ژوورەکەی مۆلی، دوو لێکۆڵەرەوەکە قسەیان لەگەڵ دکتۆر پارت دەکرد لە متبەخەکە و، خێزانەکە لەژووری دانیشتنەکە چاوەڕوان بوو. دیسان ڕۆژێکی گەرم بوو پەنجەرەکان کراوە بوون. سەگەان بەبێ دەنگی لەسەر قاچی دیانا دانیشتبوون. هیچ کەس قسەی نەدەکرد. جاکی جگەرەی دەکێشا. بۆ ماوەیەکی درێژ چاوەڕێیان کرد. لەپڕێکدا دەرگاکە کرایەوە و دوو لێکۆڵەرەوەکە هاتنە ژورەوە.

: بەیانیتان باش، من لێکۆڵەرەوەم واڵش ئەمەش سیرحانت فۆستەرە: لێکۆڵەرەوەکان پێدەکەنین.

: دوێنێ شەو حەبی خەوەکەی خانم کلارسۆنی خستۆتە ناو شیری گەرکەوە. ئێمە لێپرسینەوە

لەگەڵ هەمووکەس دەکەین، پێویستمان بەژوورێکە، بەیارمەتیتان:

رۆگیر هەستا: من رۆگیر کلارسۆنم، دەتوانین کۆنە ژوورەکەی ئۆفیسی باوکم بەکار بهێنین. لەگەڵمندا وەرە، لێرەوەیە:

ئۆفیسەکە ژوورێکی زۆر گەورە نەبوو، بەڵام مێزێك و سێ چوار کورسی لێبوو.

رۆگیر پەنجەرەکانی کردەوە:

بەرپرسی پۆلیس و واڵش وتی: من حەز دەکەم یەکەمجار قسە لەگەڵ مامت دابکەم، ئەلبێرت

: کینگ:

چاکەت و کڵاوەکەی دانا و لەتەنیشت مێزەکەوە دانیشت رۆگیر وتی: بەدڵنیاییە:

ژوورەکەی بەجێهێشت، فۆستەر لەناو دەرگاکەوە چاوەڕوانی دەکرد. پیاوێکی زۆر درێژی گەنج قژێکی رەش و زەردە خەنەیەکی جوانی هەبوو. زۆر دڵی خۆش نەبوو چونکە هەمیشە بەیانیانی یەك شەممە یاری تێنسی دەکرد. یەکێك بوو لە باشترین یاریزانەکانی نادی کامبێرج.

ئەلبێرت هاتە ژورەوە دانیشت

لێکۆلەرەوەکە پێی وت: من بەنیازم هەندێك پرسیارت لێبکەم، بەرێز کینگ، بەرێز فۆستەر هەمووی دەنووسیەوە:

ئەلبێرت سەیری قاچەکانی کرد: بەڵێ، بەڵێ. ئەوە ئیشی تۆیە، من ئەوە دەزانم:

واڵش بە پرسەکە پرسیاری کرد: لەبارەی دوێنێ و پێمبێ تۆ لەگەڵ خانم کلارسۆن توورەبوویت ؟:

ئەلبێرت سەیری لێکۆڵەرەوەکەی کرد بۆ یەکەم جار وتی: بەڵێ. هەمووومان توورەبووین.

رۆگیر توورەبوو , دیانا پارەی پێویست بوو بۆ ئەوەی بڕوات بۆ ئەمریکا, هەروەها پیاوێکیش بەناوی تۆم بێرگس. .. نیوەی باخەکەی دەویست بیخاتە سەر کێڵگەکەی. مۆلی ژنێکی دەوڵەمەند بوو. من پارەکەیم پێویست بوو چونکە ژنەکەم ئانی ـ خوشکی مۆلی ـ زۆر نەخۆشە. ئەوەم بە مۆلی وت:



پاش تر چی رووی‌دا:

" مۆلی لە هەمووان توورە بوو چووە نهۆمی سەرەوە. ئێمە چووین بۆ مەتبەخەکە بۆ قاوە خواردنەوە. جاکی داوای کرد هەموو بچینە سەرەوە وشەوشاد لە مۆلی بکەین، ئەو لەگەڵی دەژیا دەیویست (دڵ خۆشی) بکات. لە سەرەتادا رۆگیر رازی نەبوو نەیدەویست دایکی ببینێت "

" ئایا تۆ مۆلی و بینی لە ژوورەکەی خۆی ؟ "

" بەڵێ. من هیلاك بووم یەکەم کەس چوومە سەرەوە بۆ ژوورەکەی مۆلی، دیسان لەبارەی پارەکەوە لێم پرسیەوە، بەڵام نەخێر هەیچ پارەیەکی نەبوو بۆ خوشکەکەی "

ئەلبێرت وەستا و دەستی خستە سەر چاوەکانی لێکۆلەرەوەکە بۆ ماوەیەك سەیری ئەلبێرتی کرد

" ئایا گوێت لەهیچ دەنگێك بوو پاش ئەوەی چویتە سەر جێگاکەت ؟ "

" هەموو چونە ژوورەکەی مۆلی بۆ ئەوەی شەو شادی لێبکەن وابزانم. لە دوایدا گوێم لە یەکێك بوو. . چووە خوارەوە بە پلیکانەکاندا. ئەوە لە ناوەڕاستی شەو دابوو"

" زۆر باشە بەرێز کینگ سوپاس، ئێستا دەتوانیت بڕۆیت "

ئەلبێرت ژوورەکەی بەجێ هێشت. لێکۆلەرەوەکە دەستی خستە سەر پشتی سەری (کات ژمێر چەندە) ؟ برسیمە، من پێویستم بە قاوەکەیە "

فوستەر پرسی " بچن بۆ مەتبەخەکە ؟ "

" نا. دواتر، با جکی کلارسۆن ببینین "

جاکی هاتە ژوورەوە دانیشت. سەیری دەستەکانی دەکرد و هیچی نەوت لە پڕێکدا لێکۆلەرەوەکە وتی " ئێمە بتڵی حەبەکانی دایکتمان لە ژوورەکەی دیانا دۆزیەوە "

ئینجا چاوەڕێی کرد. دەموچاوە جاکی نەگۆڕا هیچی نەوت

" پێم بڵێ، ئایا دایکت حەبەکانی لەبازاڕی لادێکە هێنا

" بەڵێ‌دایکم عادەتەوەن حەبی خەو دەخوات، لەبەر ئەوە پێویستی بە حەبی زۆرە، هەندێجار خۆی لە بازاڕ دەیهێنێت، هەندێجار من. سێشەممە، من لە پیتر هۆیس داوام کرد بۆی بهێنێ لە ماڵێك لەو بەری لادێکە دەژی، هەمیشە بە پاسکیلەکەی دەچێت بۆ لادێکە"

" تێگەیشتم. دایکت ویستی لەماڵ بمێنێتەوە. ئەتۆ ؟ دەتویست بڕۆیت ؟ "

جاکی بۆماوەیەك سەری هەڵبڕی، ئینجا سەیری دەستەکانی کردەوە دووبارە.

" ئەمەماڵی دایکمە. من دایکم خۆش دەویست، ئەو باش بوو لەکەڵ من دا "

" تۆ دایکت بینی لەژووری نووستنەکەی دوێنێ شەو ؟ "

" بەڵێ، هەمووومان بینیمان. دیانا شیرێکی گەرمی بۆ کرد بردی بۆ دایکم. هەمیشە پێش خەوتن شیرێکی گەرمی دەخواردەوە "

لێکۆلەرەوەکە دەستی خستە پشتی سەرەی جاکی زۆر لەسە خۆبوو

" دایکت چی دەوت ؟ "

جاکی جانتاکەی کردەوە گەڕا بەدوای جگەرەیەکدا

" دەتوانم جگەرەیەك بکێشم ؟ "

" بەدڵنیایەوە. ئەمە ماڵی تۆیە "

لێکۆلەرەوەکە سەیری جاکی دەکرد دووبارە لێی پرسیەوە

" دایکت چی دەوت ؟ "

" دووبارە دەیویست بێتە خوارەوە، سەگەکانی بیرکەوتەوە دەیویست فێریان بکات. من دەچووم بۆ ژورەکەم ئەو هاتە خوارەوە "

" ئەمە (کات ژمێر) چەند بوو ؟ "

" بیرم نییە، لەناوەڕاستی شەو دابوو، وابزانم "

" ئەی کوپە شیرە گەرمەکە "

" لەسەر مێزەکەی تەنیشت جێگاکە بوو "

" تۆ پێویستیت بە پارەکەی دایکت هەبوو "

جاکی بە خێرایی وتی " نەخێر، پارە گرینگ نییە بۆ من. زۆر شتی گرینگ تر هەیە"

" باشە، مامە ئەلبێرت پارەی دەویست. تۆم بریگس باخەکەی. تۆ هیچت نەدەوست ؟"

جاکی جگەرەکەی تەواو کرد سەیری لێکۆلەرەوەکەی کرد. چاوەکانی لە پڕێکدا پڕبوون لە تووڕەیی



" بیرت نەچێت پیتەر هۆبس. ئیشەکەی لەدەست دا بە هۆی دایکمەوە. دەی ویست بیکوژێت، ئەی دیانا ؟ تۆ بتڵی حەبەکانت لە ناو جانتاکەی ئەو دۆزیەوە "

لێکۆلەرەوەکە بە وریایەوە گوێی گرتبوو.

" ئێمە لێپرسینەوە لەگەڵ هەمووان دەکەین، خانم کلار سۆن "

جاکی بۆ ماوەیەك هیچی نەوت

" حەز لە هەندێك لەفەو قاوەیە ؟ "

لێکۆلەرەوەکە بەگەرمیەوە وتی " ئاه ! بەڵێ، بەیارمەتی من زۆرم حەز لە لەفەو قاوەیە"

جاکی ژوورەکەی جێهێشت. لێکۆلەرەوەکە بیری لێدەکردەوە. بۆچی لەپڕێکدا تووڕەبوو ؟

## بەشی پێنجەم

دوای خواردنی قاوە و لەفەکان لێکۆلەروەکە واڵش بانگی رۆگیر کلارسۆنی کرد بۆ ئۆفیسەکە. رۆگیر هات و دانیشت لێکۆلەرەوەکە یەکسەر دەستی پێکرد.

" ئێستا، بەڕێز کلارسۆن بۆچی دوێنێ شەو دایکت لێت تووڕە بوو ؟ "

رۆگیر وتی " ئەم ماڵە زۆر گەورەیە، ئیشی زۆری تێدایە بۆ دایکم. من دەمویست بگوێزرێتەوە. بەڵام نەخێر، ئەو ئەم ماڵە و باخەکەی خۆش دەویست، نەی دەتوانی ئێرە جێ بهێڵێت. "

" لەبارەی ئیشەکەتەوە قسەم بۆ بکە. بەڕێز کلار سۆن. ئێسیتا دایکت مردووە تۆ دەوڵەمەندی ئایا پێویست بە پارەیە ؟ "

رۆگیر (دەم و چاو)ی لەپڕێکدا ترسی لێنیشت.

" تۆ چیێ دەڵێیت ؟ من دایکم نەکوشتووە، پێویستم بە پارەیە، ئەمە ڕاستە. لەگەڵ هاوڕێکەم دەمانەوێت ژمارەیەك خانوو و لە باخەکەدا دروست بکەین. پارەیەکی زۆر مان دەست دەکەوێت. لەبەر ئەوەی دەمویست دایکم خانووەکە بفرۆشێ، بەڵام بەڕێز بریگس نیوەی باخەکەی دەویست، بیخاتە سەر کێڵگەکەی "

لێکۆڵەرەوەکە قەڵەمەکەی لەسەر مێزەکە دەجووڵاند و وتی

" پێمبڵێ، چی روویدا لە نهۆمی سەرەوە ؟ تۆ چوویت بۆ ژوورەکەی دایکت ؟ "

" بەڵێ، چووم، دەمویست شەو شاد لە دایکم بکەم "

" لەبارەی ماڵەکەوە قسەت لەگەڵ کردەوە ؟ "

" بەڵێ دووبارە قسەم لەگەڵ کردەوە، وتی نەخێر. .. ماڵەکەی خۆش دەویست نەی دەویست بیفرۆشێ "

لێکۆڵەرەوەکە بۆ ماوەیەك سەیری رۆگیری کرد

" تێگەیشتم، ئێمە بتڵی حەبەکانی دایکتمان بەبەتاڵی لە سەر مێزی ژوورەکەی دیانا دۆزیەوە"

رۆگیر دەم و چاوی نەگۆڕی

ئۆه، کەسێك ئەوەی لەوێداناوە، دیانا دایکمی نەکوشتووە،

ئەوە دەزانم ئەو بە مردوویی دۆزیەوە.

زۆر باشە من دەمویست پاشتر دیانا ببینم

رۆگیر هەستا و ژوورەکەی جێ هێشت

لێکۆڵەرەوەکە هەستاو دەستی خستە گیرفانەکانی چووە لای پەنجەرەکە و سەیری دارەکانی دەرەوەی کرد. بۆچی رۆگیر (کلارسۆن) ترسا ؟ چی گرینگ هەیە سەیری فۆستەری دەکرد پێی وت

" سبەینێ بەیانی، بچۆ بۆ ئۆفیسەکەی رۆگیر کلارسۆن، ناوەکەیت لایە لەبارەی ئیشەکەیەوە هەندێ پرسیار بکە، هاورێکانی، پارە و خەرجیەکانی "

فۆستەر ئەوانەی نوسی وتی " بەڵێ "

دیانا هاتە ژوورەوە دانیشت سەیری فۆستەری کرد و بە زەردە خەنەیەکەوە وتی

" وابزانم من لەیانەی تێنس مانگی پێش و تۆم بینی، زۆر باش یاری دەکەیت ؟ "

فۆستەر (دەم و چاو)ی سور هەڵگەڕا والش سەیری دەکرد ئۆ بەڵێ، یاریزانێکی سەرنج ڕاکێش و خێرا ئەوە سیرجانت فۆستەرە "

دیانا جارێکی دیکە زەردەخەنەی بۆ کردەوە دەموچاوی فۆستەر زیاتر (سوور هەڵگەڕا)

والش پرسی " (خانم کلار سۆن)، دەمەوێت لەبارەی دوێنێ شەو قسەمان بۆ بکەیت "

" ئۆه، دەتوانم لەبارەی دوێنێ شەوەوە قسەتان بۆ بکەم. ئێمە هەموومان تووڕەبوین



دایکم زوو چووە سەر جێگاکەی من شیرێکی گەرمم بۆ کرد ئێمە هەموومان لە مەتبەخەکە بووین، پیتەر هۆز هاتە ژوورەوە خەریك بوو دەرگاکە بشکێنێ دیانا نەیهێشت "

" بەڵێ ؟ "

" زۆر تووڕە بوو بەهۆی نامەکەوە دەیویست دایکم بکوژێت ئێوە قسەی لەگەڵ دەکەن؟"

" ئێمە قسە لەگەڵ هەموویان دەکەین. .

" باشە، تۆم بیریگس هات بۆ مەتبەخەکە قسەش لەگەڵ ئەو دەکەن ؟ "

" من پرسیار دەکەم، خانم کلارسۆن کەی شیرەکەت بردە سەرەوە ؟ "

بۆ ماوەیەك وەستا ئینجا وتی

" لەدوای رۆگیر چوومە سەرەوە، من دایکم خۆش نەدەویست،

ئەو باوکمی کوشت، دەزانی ؟ زستانی پێشوو دوای سەری ساڵ ئۆتۆمبیلەکەی بەناو دارەکاندا لێخوڕی باوکمی کوشت.

لێکۆڵەرەوەکە زۆر بە وریایی سەیری روخساری دیانای دەکرد " تێگەیشتم. لەبەر ئەوە تۆ ویستت دایکت بکوژێت "

دیانا پێکەنی " من دەمویست بیکوژم، بەڵام وام نەکرد، لە بارەی ئەم خێزانەوە دەتوانم زۆر شتت پێبڵێم هەموومان دەمان ویست دایکمان بمرێت. مامە ئەلبێرت پارەی دەویست بۆ ئانی ژنی. ئینجا براکەم پێویستی بە پارەی زۆر بوو ماڵ و ئۆتۆمبیلی گران بەهای هەیە

. ئایا دەزانیت جاکی دایکمی خۆش نەدەویست ؟ ماوەیەك پێش ئێستا، کوڕێکی باش لێرە ئیشی دەکرد. باخەوان بوو. جاکی زۆری خۆش دەویست، بەڵام دایکم وتی نەخێر. باخەوان مێردێکی باش نییە بۆ کچی کلارسۆن ! "

لێکۆڵەروەکە بە بێ دەنگی گوێی گرت بوو. هەموو ئەو شتانە سەرنج ڕاکێش بوون , بەڵام ئایا گرینگ بوو ؟ لەوانەیە. کلارسۆن چ خێزانێکی بەختەوەر بوون !

لێکۆڵەرەوەکە بەوریاییەوە سەیری دەموچاوی دیانای کرد و وتی " ئێمە بوتڵی دەرمانەکانی دایکمان لە سەر مێزی ژووری نوستنەکەی تۆ دۆزیوەتەوە "

دیانا هەستایە سەر پێ لە پڕێکدا، دەموچاوی تووڕە بوو

" چی ؟ من لەوێدا دام نەناوە ! گوێ لەم قسانە ناگرم ! " ڕایکردە دەرەوە لە ژوورەکە

والش وتی " باشە، باشە، فۆستەر، تۆی بەدڵ بوو، پێویستە وریابی "

مۆستەر پێکەنی دەموچاوی دیسان سوور بۆوە لێکۆڵەرەکە وتی

" کەسێك حەبی خەوەکەی خستۆتە شیرە گەرمەکەوە بۆ مۆلی، دوێنێ شەو؟ هەموو خێزانەکە لە مەتبەخەکە بوون. پیتەر هۆبس، تۆ بیگس هاتوون. یەکێك لە وان مۆلی کوشتووە "

لێکۆڵەرەوەکە چاکەت و کڵاوەکەی لەبەر کرد. " وەرە پێویستە قسە لەگەڵ پیتەر هۆبس و تۆم بیجس بکەین. بابچین هەندێك قاوە بخۆینەوە یەکەم جار. حەزم لە لەفەیەکە، دیسان برسیمە!!.

## بەشی شەشەم

پیتەر هۆبس لەژێر ئۆتۆمۆبیلەکەیدا دۆزیەوە ئۆتمبیلێکی سەوز و کۆن. بەهێواش. پانتۆڵی شینی کۆن و تیشێرتێکی پیسی پرتەقاڵی لەبەر بوو

والش لێکۆڵەرەوەکە وتی " ئێمە دەمانەوێت، لەبارەی خات و کلارسۆن قسەت لەگەڵ بکەین " سەیری لێکۆڵەرەوەکەی کرد

" ئۆه، لەبارەی ئەوەوە، من دەزانم ئەو مردووە لەلادێکە پێیان وتم "

" دوێنێ شەو بۆچی چوویت بۆ ماڵی کلارسۆن "

" جاکی دەیویست من بچم براکەی رۆگیر ببینم "

پێ ی وتم " تۆ تووڕەیت، وەرە رۆگیر ببینە "

من چووم بۆ ماڵەکەی کەس دەرگای لێ نەکردمەوە. لەبەر ئەوە دەنگە دەنگی زۆرم دروست کرد ئینجا دەرگاکەیان لێکردمەوە.

خات و کلارسۆنی پیری لێ نەبوو. بەڵام بە رۆگیر و بە هەموویانم وت ؟

پیتەر دەستی کێشا بە ئۆتۆمبیلەکەدا



" دەمویست ئەو ژنە بکوژم. لە ئیشەکەم دەرکرام، یەکەم ئیشم بوو، بەهۆی ئەوەوە. مانگی پێشوو نامەیەکی بۆ ئۆفیسەکە نوسیبوو لەبارەی پۆلیسەوە پێی وتبوون، دەمویست بیکوژم ؟ "

" لەسەر خۆبە، دواتر چی ڕوویدا "

پیتەر بەتووڕەیی وتی " جاکی هەندێ قاوەی پێدام، بەڵام براکەی گوێی لەمن نەگرت , ئینجا تۆم بریجس هاتە ژورەوە. ئەویش دەیویست قسە لەگەڵ رۆگیر بکات. بەڵام رۆگیر گوێی لێ نەگرتین. جاکی زۆر دڵتەنگ بوو. دڵی پڕبوو لە گریان. ئینجا من رۆیشتم بۆ ماڵەوە ز "

" تێگەیشتم. ئێستا لەبارەی دەرمانەکانەوە پێم بڵێ تۆ چووی بۆ لادێکە ؟ "

" دەرمانەکان؟ ئۆه، بەڵێ. بیرم کەوتەوە جاکی دەیویست من دەرمانەکانی دایکی بهێنم لەلادیکە. بەپاسکیلەکەمـ ئۆتۆمبیلەکە ئیشی نەدەکرد "

" زۆر سوپاس پیتەر، ئەوە هەموو بوو "

"ئەوە هەمووی هەمووی بوو " پیتەر بەتووڕەیەوە پێکەنی

" تۆ جارێکی دیکەش دەگەڕێیتەوە، دەزانم ! من باش پۆلیس دەناسم "

تۆم بیرجیس نیو میلێك دوور بوو، نزیك رووبارەکە. کێڵگەیەکی بچووك و ماڵێکی کۆن و پیس بوو

لێکۆڵەرەوەکە ( والش ) وتی " پارەی زۆر لێرە دانییە "

تۆم بریجس پیاوێکی گەنج و تەمەنی سی ساڵ دەبوو، دەستەکانی پیس و دانەکانی خراپ بوو وتی " چی ڕویداوە ؟ بەیارمەتیت ! من نانی ئێوارە دەخۆم "

ئمە دەتوانین چاوەڕێ بین. نانەکەت تەواو بکە "

" ئێمە دەمانەوێت یەك دوو پرسیارت لێبکەین لە بارەیدوێنێ شەو "

تۆم دەرگاکەی کردەوە و وتی " وەرن و لەو ژورەی پێشەوە چاوەڕێ بن "

لێکۆڵەرەوەکە سەیری شتەکانی دەورو بەری ژوورەکەی کرد.

تەلەفزیۆنێکی کۆنی ڕەش و سپی، لەگەڵ هەندێك کتێب لە سەر مێزەکە بوو.

وێنەی کچێکی (دڵ خۆش) و قژی درێژی قاوەیی لەسەر مێزەکە بوو. لێکۆڵەرەوەکە بۆ ماوەیەك سەیری وێنەکەی کرد

" ئەو کچە کێیە؟"

تۆم برێجس گەڕایەوە بۆ ژوورەکە " تەواو بوو ؟ " لێکۆڵەرەوەکە پرسی دەزانی کە خاتوو کلارسۆن مردووە ؟ " تۆم بیجس بەخێرایی لەسەر نزیك ترین کورسی دانیشت.

" چی ؟ چۆن مرد ؟ کەی ئەمە ڕوویداوە ؟ من دوێنێ شەولەوێ بووم "

" دوێنێ شەو یاخود لەبەیانیەکی زوو دا مردووە تۆ چیت کرد ؟ "

" من ؟ بۆچی لەمن دەپرسی ؟ من چووم بۆ ماڵەکەیان بۆ ئەوەی بەڕێز کلارسۆن و رۆگیر ببینم. پارەیەکی زۆر دەدۆڕێنم لەم کێڵگەیەدا پێویستم بە خاکی زیاتر هەیە. نیوەی باخەکەی خاتوو کلارسۆنم دەویست تۆچووی بۆ مەتبەخەکە. دوای ئەوە چیت کرد؟ لە بیرت ماوە؟

تۆم بریجس سەیرێکی فۆستەری کرد و ئینجا گەڕایەوە بۆ لای لێکۆڵەرەکە "باش لە بیرم ماوە، هەموو خێزانەکە لە مەتبەخەکە بوون. پیتەر هۆبس لەوێ بوو، من قسەم لەگەڵ رۆگیر کرد، ئەو دەیویست دایکی زەویەکە بفرۆشێت. نەیدەویست بیداتە من، بەڵام خاتوو کلارسۆن مردووە. ئێستاش چی روو دەدات؟"

لێکۆڵەرەوەکە وێنەی کچەکەی گرت بە دەستییەوە و وتی:"ئەوە کێ بوو؟"

تۆم دەموچاوی سوور بۆوە "کێ؟ ئەو! ئەوە هاوڕێیەکە ماوەیەکی زۆر لەمەو پێشە."

دوو لێکۆڵەرەکە گەڕانەوە بۆ ماڵی کلارسۆن بە ناو باخەکەدا. زۆر جوان، سەوز، بێدەنگ بوو.

واڵش هەستی بە هیلاکی و برسێتی دەکرد. کێ مۆلی کوشتووە، ئێستا وەڵامەکە دەزانیت، بەڵام پێویستە یەك دوو پرسیاری تر بپرسین."

با بڕۆین، فۆستەر، سبەینێ رۆژێکی نوێیە" کڵاوەکەی کردەوە سەری.

## بەشی حەوتەم

لە بەیانی دووشەممەدا فۆستەر چوو بۆ ئۆفیسەکەی رۆگیر هەندێك پرسیاری کرد. ئینجا چوو بۆ ماڵی ئەلبێرت هەندێك پرسیاری زیاتری کرد. والش لە ئۆفیسەکەی دانیشتبوو تەلەفۆنی کرد. تەلەفۆنی کرد بۆ پرسیار لە بارەی پیتەر هۆبس و تۆم بریجس. ئینجا هەندێك قاوە و لەفەی خوارد.

لە کاتژمێر سێدا دوو لێکۆڵەرەوەکە چوون بۆ ماڵی کلارسۆن بە رۆگیری وت:"من حەز دەکەم هەمووتان ببینم."



هەموو هاتنە ژووری دانیشتنەکە، والش لە بەردەم پەنجەرەکە راوەستا و یەك بە یەك سەیری دەکردن."

"من دەمەوێ قسەتان لەگەڵ بکەم. کەسێك مۆلی کلارسۆنی کوشتووە. کەسێك حەبی خەوەکانی بۆ کردووەتە شیرە گەرمەکەوە و کوشتوویەتی. کەس نایەوێت چیرۆکە راستییەکەم پێ بڵێت، بەڵام ئێستا من چیرۆکە راستییەکە دەزانم! پێتان دەڵێم."

دوو شەگەکە بە هێواشی هاتنە ژوورەوە و لە سەر قاچی دیانا دانیشتن. ژوورەکە زۆر بێدەنگ بوو.

لێکۆڵەرەوە رووی کردە ئەلبێرت و وتی:"بەڕێز کینگ، ژنەکەت زۆر نەخۆشە و پێویستیی بە پەرستار هەیە. تۆ خۆت ئەوەت پێ وت، لە بارە ی ماڵەکەی خۆت هیچت نەوت. مانگی داهاتوو خانووەکەت دەفرۆشیت، چونکە پێویست بە پارەکەیەتی."

ئەلبێرت تووڕە بوو.

ساڵی پێشوو من داوای هەندێك پارەم لە مێردەکەی مۆلیێ کرد، رازی بوو بمداتێ، بەڵام دواتر لە رووداوێکدا مرد."

دیانا هاواری کرد، رووداو، ئەوە رووداو نەبوو. دایکم باوکی کوشت، چونکە پارەکەی دەویست."

"ئێستا با باسی خۆت بکەین دیانا، تۆ هەموو مانگێك سەردانی دایکتت دەکرد و پارەت لێ دەسەند. مانگی پێشوو پارەی تەلەفزیۆنەکەتی دا پێت. ئەم مانگە پارەی تەلەفۆنەکەت هەموو مانگێك تۆ بە دایکتت دەوت (ئەمە رووداو نەبوو، تۆ باوکمت کوشت. من دەچم بە پۆلیس دەڵێم) دایکت لە پۆلیس دەترسا و پارەی دەدایتێ، بەڵام لە کۆتاییدا ویشتی تۆ بوەستێنێ. بە دکتۆر پارتی وت لە رۆژی سێشەممەدا هیچی تر پارەی تر نا، لە رۆژی یەکشەممەدا مردووە. تۆ شیرە گەرمەکەت برد بۆ دایکت. چیی پێ وتی؟" دیانا دەستی کرد بە گریان"من باوکم خۆش دەویست! هەمیشە پارەی دەدا بە من، منی خۆش دەویست. ئەوە دایکم بوو، نە منی خۆش دەویست و نە باوکیشم."

دیانا وەشتا و سەگەکان چوون بەرەو دەرگاکە

"ئەمە راستە، من پارەم زۆر لە دایکم سەندووە، لە رۆژی شەممەدا پێی وتم ئیتر پارەی تر نییە. چووم بیکوژم، بەڵام ئەوەم نەکرد."

سەگەکان گەڕانەوە سەر قاچی دیانا و دانیشتن. لێکۆڵەرەوەکە سەیری رۆگیری کرد:

" بەڕێز کلارسۆن تۆش پێویستت بە پارە بوو".

ڕۆگیر دەموچاوی (سوور هەڵگەڕا) "تکایە پێیان مەڵێ!"

"بەڕێز کلارسۆن ئیشەکەت مانگی پێشوو لە دەست داوە، هیچ پارەت پێنەبووە. بەڵام خانوویەك و ئۆتۆمبێلیکی گرانبابیت هەیە. حەزت لە شتی گرانبابیە."

خوشکەکانی سەیریان کرد، بەڵام ڕۆگیر دەستی خستە سەرچاوەکانی "قسە لەگەڵ مندا مەکە."

دیانا وتی"ئێستا ئەوە گرنگ نییە، دایکمان مردووە، پارەیەکی زۆرمان هەیە. تۆ پێویستت ە ئیش نابێت.

ڕۆگیر دەموچاوی سوور هەڵگەڕا "بێ دەنگ بە! دیانا"

ئینجا لێکۆڵەرەوەکە دەستی پێ کردەوە.

"پیتەر هۆبس پیاوێکی گەنجی تووڕەیە. خاتوو کلارسۆن باش نەبووە لە گەڵیدا. ئەو دەرمانی خەوەکەی بۆ هێناوە لە بازاڕەکە، بەڵام ئایا حەبەکانی خستۆتە ناو شیرە گەرمەکە؟ من هەست دەکەم نەخێر، تۆم بریجس نیوەی باخەکەی دەویست بیخاتە سەر کێڵگەکەی. ئەویش شەو لە مەتبەخەکە بوو. ئایا ئەو حەبی خەوەکەی کردۆتە ناو شیرەکەوە؟

من هەست دەکەم نەخێر."

لە پڕێکدا باران باری. بۆ ماوەی خولەکێك هەموو لە پەنجەرەکەوە سەیریان دەکرد. جاکی جگەرەیەکی لە جانتاکەی دەرهێنا و دەستی کرد بە کێشانی لێکۆڵەرەوەکە وتی " بەڵام کەسێك دەیویست پیتەر هۆبس ئەو شەوە بێت بۆ مەتبەخەکە. دەیویست هەمووتان ببینن، (گوێ) ی لێبگرین "

لێکۆڵەرەوەکە لە پەنجەرەکە دەرکەوتووە و دانیشت " من چیرۆکە ڕاستیەکەتان پێ دەڵێم ئێستا. خاتوو کلارسۆن، تۆ دەتویست پیتەر هەبیس بێت بۆ ماڵەکە ئەو شەوە، ئەو زۆر تووڕەبوو لە دایکت بەهۆی نامەکەوە.

وتی ( دەمەوێت بیکوژم ) تۆ دەتویست هەموویان گۆیان لەوە بێن بۆچی ؟ "

جاکی دەم وچاوی سپی هەڵگەڕا " ئەمە ڕاست نیە ! ئەی لەبارەی دیانا ؟

تۆ بتڵە بەتاڵەکەت لە جانتاکەی ئەو دۆزیەوە ! "

دیانا هەستا سەر پێ " جانتای من ؟ جاکی ! تۆ باسی چی دەکەیت ؟ "

لێکۆڵەرەوەکە وتی " تکایە بێ دەنگ بن، دانیشن، سەیری جاکی کرد.

ئەمە ڕاستە، ئێمە بتڵە بەتاڵەکەمان لە جانتاکەی دیانا دۆزیەوە. بەڵام تۆ چۆن ئەمەت زانی ؟ ئێمە پێمان نەوتی "



" تۆ وتت. .. پێشتر. .. تۆ بەمن وت "

" نەخێر. ئێمە بتڵێکی بەتاڵمان لە ژوورەکەی دیانا دۆزیەوە " تەنها ئەوەمان وت. تۆ لەبارەی جانتاکەی دیاناوە قسەت کرد. ئێمەش ئەوەمان نووسی، فۆستەر ئەوانەی هەموو نووسیەوە.

لێکۆڵەرەوەکە بەوریایی سەیری جاکی کرد

" ماوەیەك پێش ئێستا، تۆم بریجس ناسیوە، ئەوە باخەوان بوو لێرە و خۆشت ویستووە. بەڵام دایکت بەدڵی نەبوو. "

جاکی سەری خستە نێوان دەستی و وتی " نەخێر، نەخێر "

" ئێمە وێنە کۆنەکەی تۆمان لەماڵی بەڕێز بیجس دۆزیەوە، گەنجتری لەوێدا . قژت درێژە. ساڵی پێشوو تۆم بیجس گەڕایەوە.

تۆ ئەوت خۆش دەویست و ئەویش تۆی خۆش دەویست، بەڵام هیچ پارەی پێنەبوو، باخەکەی دەویست بۆ کێڵگەکەی، پارەی دەویست، تۆی دەویست. بەڵام دایکت دەیوت نەخێر. لە کۆتایی دا تۆ ویستت دایکت بکوژی. ... کوشتنی دایکت هاتۆتە خوارەوە بۆ ئەوەی سەگەکان ببینێ حەبی خەوەکانت خستۆتە ناو شیرە گەرمەکەوە. دواتر قوتوەکەت خستۆتە ناو جانتاکەی دیاناوە"

جاکی هەستایە سەر پێ. چاوەکانی تاریك و پڕ ترس بوو

" تۆ تێناگەیت ! دایکم هیچی نەدەبەخشی پێم ئەم هەموو ساڵە. من دەمویست بەختەوەر بم. .. دەمویست لەگەڵ تۆم بم. ئەوە هەمووی بوو. تۆمم خۆش دەویست، ئەویش منی خۆش دەویست دایکم دەیوت نەخێر "

ئینجا دەستی کرد بە گریان کەس سەیری نەکرد، جاکی ماڵەکەی جێ هێشت چوو ناو ئۆتۆمبێلی پۆلیسەکەوە، لێکۆڵەرەوەکە کەسەیری کرد بە هێواشی ڕۆیشت بەرەو ئۆتۆمبێلەکە. هەستی بە هیلاکی و برسیەتی دەکرد. وەستاو ئاوڕێکی لە ماڵەکە دایەوە.

بە فۆستەری وت " باشە لە کۆتایی دا، پارەکەیان بە دەست هێنا. ئەلبێرت، ڕۆگیر، دیانا، (هەموویان) ئێستا دەوڵەمەندن. بەڵام ئایا دڵخۆش دەبن ؟ "

چووە سەیارەکە و وتی " بابڕۆین برسیمە، پێویستم بە لەفەیەکە.

# جوان و گەرم

## چیرۆکی جاك ئالسۆپ

" موف ڕۆژنامەی بەیانیانم لە کۆیە ؟ تۆ دەزانیت من حەز دەکەم لەسەر جێگاکەم ڕۆژنامە بخوێنمەوە. ناتوانین هیچ شتێك بەڕاستی بکەیت ؟"

" ببوورە، ئازیزەکەم، بیرم چوو، ئێستا دەڕۆم بۆت دەهێنم "

خانم موف دەموچاوی گرژ کرد

" ئۆه، گرینگ نییە. ئێستا لەوانەیە لەسەر پلیکانەکان بکەوێت یان هەرشتێك. ئۆف ! ئەم چایە ساردە ! من ڕقم لە چای ساردە !

تۆ هیچ شتێك بەڕاستی ناکەیت، موف ئەتوانیت ؟ "

" ببوورە ئازیزەکەم، ئێستادەچمە خوارەوە کوپێك چای دیکەت بۆ دێنم "

کاتێك موف ژوورەکەی جێهیچشت، هاواری کرد بەدوایدا

" نانەکە نەسوتێت "

" نایسووتێنم ئازیزەکەم "

ئەم بەیانییە جیاواز نەبوو لە بەیانیەکانی دیکە بەدرێژایی ساڵانی هاوسەر گیریان، کاتێك

یەکیان بینی و یەکیان خۆش ویست ژنێکی گەنجی تەندروست و بەهێز بوو.

پزیشکەکانیش نازانن چیەتی. خانم موف دەڵێت. کە هەموو کێشەکانی بەهۆی (لاوازی دەرمانەکانیەوەیەتی ! )

زۆر ترین کات لە جێگادا دەمێنێتەوە، هەرچەندە لە نەخۆشیە کۆنەکانی بەرەو باشتر دەڕوات، نەخۆشییەکی تازە دەست پێدەکات. ئەم دووانە منداڵیان نییە، لەبەر ئەوەی موف دەبێت چاودێری بکات.

موف هاتە سەرەوە و سینیەکی پێبوو کە کوپێ چای تازەو هەندێك نانی لەسەر بوو.

خانم موف سەیری سینیەکەی کرد.

" باش بوو کە نانەکەت نەسووتاند موف "" نەخێر، ئازیزەکەم. هیوادارم چاکەت بەدڵ بێت "

خانم موف سەیرێکی سینیەکەی کردەوە ئینجا هاوسەرەکەی

" ئۆە، نا ! موف، من هەزار جارم پێوتی ئەو کڵاوە ناشیرینە ورە مەکە سەرت.

تۆ تەنها دەتەوێت من دڵگران بکەیت، وانییە ؟ بەس سەیر کردنەکەی نەخۆشم دەخات. لایبە لە سەرت "

خۆی خست بەسەر سەرینەکاندا بۆ ئەوەی موف کڵاوەکە لابدات

" ببوورە ئازیزەکەم. بیرم چوو "

موف کڵاوەکەی لابرد و خستیە گیرفانیەوە. تەنها کڵاوێکی بچوك بوو، وەك ( کیپا ) ئەوەی جولەکەکان دەیکەنە سەریان، بەڵام حەزی لێبوو. هەستی دەکرد جلی لەبەردانییە بێ ئەوە. هەموو بەیانییەك دەیکردە سەری. هەموو بەیانییەکیش ژنەکەی پێی لادەبرد.

کاتێك نانی بەیانی تەواو بوو، خاتوو موف لیستێکی ئامادە کرد بۆ موف کە پێویست بوو جێبەجێبکات. شۆردن و پاکردنەوە و بازاڕ کردن. موف سینیەکە و لیستەکەی بردوو چووە خوارەوە. حەزی لە ئیشی ماڵ و بازاڕو سەرقاڵی بوو ڕۆژەکەی بە خێریی تێدەپەڕی. بەڵێ، ڕۆژەکان باش بوو، بەڵام خۆشترین کات لە شەو دا بوو ئەو کاتە کە کوپێك کاککاوی دەبرد بۆ ژنەکەی.



" کاکاوە کەتم بۆ هێناوی، ئازیزەکەم. بیخۆرەوە تا گەرمە"

بۆ ماوەیەك سەیری دەکرد، کاتێك قسەی دەکرد زۆر نەرم و لە سەر خۆبوو.

"من داوای لێبووردن دەکەم ئەم بەیانییە تووڕەبوم لێت، موف تۆ دەزانیت، بەهۆی دمارەکانمەوەیە. لەو کاتەدا زۆر خراپن "

" دەزانم، ئازیزەکەم، ناتوانی هیچ بکەیت "

مەبەستت چییە " ناتوانم هیچ بکەم ؟ "

دەزانی کەشتێکی خراپی وتووە

" من تەنها مەبەستم ... "

" دەزانم مەبەستت چییە ! تۆ بەڕاست ڕقت لێمە، وانییە موف ؟ تۆ واهەست دەکەیت من حەزدەکەم نەخۆش بم ! تۆ هەست دەکەی من خۆشی لەوە دەبینم

لەسەر جێگاکە بمێنمەوە لە کاتێکدا تۆ دەڕۆیتەوە خەڵك دەبینیت پیاسەر دەکەوێ لە خۆرەتاودا. .. تۆ ئەو کاتەدا دڵخۆش دەبیت کە من دەمرم، وانییە موف ؟ "

چاوی پڕ بوو لە گریان

" ئێستا، ئیستا، ئازیزەکەم، تۆ خۆت دڵگران دەکەیت. کاکاوەکەت بخۆرەوە، حەبی خەوت بخۆ، بەیانی هەست بەباشی دەکەیت "

بتلی تەنیشت مێزەکەی هەڵگرت پڕبوو لە حەبی سوور. حەبێکی دایە. دوو سەرینی هێنا

" تۆ بەختت هەیە، موف. تەنها چاوەکانت (دا ئەخست) و بەخێرایی خەوت لێدەکەوت.

من لەبیرم چۆتەوە خەوێکی باش و قوڵ چۆنە "

دوو حەبی دەرهێنا و خواردی، بەڵام چارەکێکت زیاتر، خەوی لێکەوت دەمی کرابۆوە

موف سەیرێکی کرد. دەستی چەپی بەرز کردەوە شل بوو. بەڵێ، خەوی لێکوتووە، دڵنیا بوو.

کڵاوە سوورەکەی لە گرفانی دەرهێنا و کردیە سەری. زمانێکی لێ دەرهێنا.

هاواری کرد بەڵام زۆر بەدەنگی بەرز نا " موف کڵاوەکەی لەسەر دایە، موف کڵاوە سوورە کۆنەکەی لەسەر دایە "

هاواری دەکرد دوبارە، تۆزێك بەدەنگی بەرز تر، ئینجا دەستی کرد بەگۆرانی. خێرا دەستی کرد بەسەما و بازدان لە چواردەوری ژورەکە.

موف کڵاوە سوورە کۆنەکەی لە سەردایە ! "

" کڵاوەکەی هەڵدەدا بەهەوادا و دەی گرتەوە دەیخستە سەر لوتی.

" ئەم کڵاوە ئەکەمە سەر ئەگەر حەزم لێبێت، تۆ ناتوانی ڕێگام لێبگرێت ئازیزەکەم خاتوو موف ! ناتوانیت ڕێگام لێبگرێت ! "

پێدەکەنی، کڵاوەکەی خستە سەر زەوییەکە و بەدەوری دا سەمای دەکرد ئەو کاتی ئەو بوو، ئەوکاتەی کەخاتوون نەیدەتوانی سەرزەنشتی بکات سەیرێکی کردەوە. بەڵێ، خەوتووە پارێزراوە، هاواری دەکرد و کڵاوەکەی بەهەوادا هەڵدەداو دەیگرتەوە. لە پڕێکدا هەناسەی وەستا، دەم وچاوی سوور بۆوە، کەوتە سەر زەویەکە، سەر کڵاوەکەی. خێرا ژوورەکە بێدەنگ بوو تەنها دەنگی پرخەی خاتوو موف دە هات.

ڕۆژ بووە و خاتوو موف خەبەری بۆوە. خۆی کێشایەوە بە هێواشی چاوەکانی کردەوە. تینوی بوو، کە بەدەم کراوەی دەخەوەێت قوڕگت وشك دەبێت.

" موف ! موف ؟ (لەکوێی) ؟ کوا چاکەم ؟ "

بۆڵە بۆڵی دەکرد لەبەر خۆیەوە " موف، تەمەڵی شەیتان ! بڕوا ناکەم چووبێتە دەرەوە منی بیر چوبێتەوە، ناتوانێت هیچ شتێکی ڕاست بکات، ئەو ... "

لاشەکەی بینی لەسەر زەویەکە، بەهێواشی و بەئازارەوە، هاتە دەرەوە لەجێگاکەی، ژنێکی لەشی قورس بوو سۆڵەکانی لە پێکردو بەخۆ ڕاکێشان گەیشتە ئەو شوێنەی کە موفی لێکەوتبوو سەیری دەکرد و سەری دەجولاند.((ئێستا تۆ چیت کرد موف,تۆ پیاوێکی بێ ئەقڵیت)) دانەوییەوە و دەستی گرت دوشەکانی زۆر ساردبوو. دەکەوتە خوارەوە بەدەستیەوە. فرمێسك لە چاوەکانی دەکەوتە خوارەوە بۆ سەر زەویەکە. بە دەنگی نەرمەوە وتی " موف، موف، پیاوی پیری بێ ئەقڵ، ئێستا چیت کرد "

چاوەکانی سڕی و بەگریان لەسەر زەویەکە لە تەنیشتەوە دانیشت و لاشەکەی کردە باوەشی وەك ئەوەی منداڵێکی بچووك بکاتە باوەشی سەری خستە سەر سینگی ڕوومەتەکانی ماچ دەکرد بەسۆزەوە دەستی کرد بە قسە کردن وەك ئەوەی گۆرانی بۆ بڵێت



" تۆ پیاوێکی بێئەقڵ بوویت، زۆر بێئەقڵ. قەت نەدەتوانی شتێکی ڕاست بکەیت، موفی داماو؟ قەت شتێکی ڕاست نەدەکرد. ئێمە چی لەتۆبکەین موف ؟ موفی داماو سارد، سارد، سارد، سارد "

کاتێك ئەو قسانەی دەکرد، کڵاوە خوریەکەی بینی لەسەر زەویەکە تەنیشت موف بەنەرمیەوە وەك ئەوەی دایکێك جل لەبەر منداڵەکەی بکات کڵاوەکەی کردە سەری.

" ئەوەتا موف ! ئەمە وادەکات موف جوان بێت و گەرمیشی دەکاتەوە.

ئەی وانیە ؟ جوان و گەرم، موف جوان و گەرم. بەڕاستی موف کوڕێکی باشە.

# شازادە دڵخۆشەکە

## نووسینی: ئۆسکار وایڵد

پەیکەری شازادە دڵخۆشەکە لە بەشی سەرەوەی شارەکە بوو. بە ئاڵتوون داپۆشرا بوو، لە جیاتی هەردوو چاوەکانی دوو گەوهەری شین داندرابوو، گەوهەرێکی سوور هەڵواسرابوو بە ناوەڕاستی جلەکانیەوە هەمووکەس بە جوانی دەیزانی دایکێك بەکوڕە بچووکەکەی دەوت کە دەگریا

" بۆچی تۆ لە شازادە دڵ خۆشەکە ناچیت "

پیاوێکی دڵ تەنگ سەیری پەیکەرەکەی کرد وتی " من خۆشحاڵم لە دونیا کەسێك هەیە بەختەوەرە "

شەوێکیان باڵندەیەك بەتەنیا دەفڕێ. باڵندەکانی تر لە میسرن ئێستا.

" ئەم شەوە من لەکوێ بمێنمەوە ؟ "

بیری لە من دەکردەوە لەو کاتەدا پەیکەرەکەی بینی

" لێرە دەمێنمەوە، بەرزە، لەبەر ئەوە هەوایەکی زۆر پاکی هەیە "

لە بەینی قاچەکانی شازادە دڵ خۆشەکە مایەوە بیری دەکردەوە " من جێگایەکی خەوی ئاڵتوونیم هەیە "

بەڵام کاتێك سەری خستە ژێر باڵیەوە، دڵۆپێك ئاوی گەرم بەربۆوە بەسەریدا.
سەیرێکی سەرەوەی کرد " ئەمە زۆر سەیرە، هیچ هەورێك لە ئاسمان نییە، بەڵام بارانیشە "
ئینجا دڵۆپێکی کەش بەربۆوە، پێویستە شوێنێکی دیکە بدۆزمەوە "
ئینجا بڕیاری دا بفڕێت. بەڵام باڵەکانی کردەوە، ٣ دڵۆپی کە هاتە خوارەوە سەیری سەرەوەی کرد بینی ئۆه ! چی بینی !...
چاوی شازادە دڵ خۆشەکە پڕبوو لە فرمێسك فرمێسکەکان بە دەموچاوە ئاڵتوونییەکەدا دەهاتە خوارەوە. دەموچاویزۆر جوان بوو لەبەر ڕوناکی مانگدا، باڵندەکە هەستی بە خەم کرد بۆ شازادە باڵندەکە لێی پرسی
" تۆ کێیت ؟ "
((من شازادەی دڵخۆشم))
" ئەی بۆچی دەگریت ؟ من بە فرمێسکەکانت تەڕ بووم "
شازادەکە وتی " کاتێك لە ژیاندا بووم، وەك هەر کەسێکی تر دڵم هەبوو.
بەڵام نەم دەزانی فرمێسکەکانم لە کوێن. من لە شوێنێك دەژیام کەهیچ خەمێکی لێ نەبوو. لەو ڕۆژەدا یاریم لەگەڵ هاوڕێکانم دەکرد لە باخێکی خۆش دا، ئینجا لە ئێوارەدا سەمام دەکرد. باخەکە دەوری بە دیواری بەرزگیرابوو.
نەم دەزانی ئەو بەشەی ئەو دیوو دیوارەکە چیە؟ لەبەر ئەوە بانگ دەکرام بە شازادەی دڵ خۆش بانگ دەکرام
من زۆر بەختەوەر بووم بە دونیا بچوکەکەی خۆم. ئێستا مردوم منیان لێرە داناوە، دەتوانم هەموو غەمگینیەکانی شارەکەم ببینم. دڵم لەمادەیەکی هەرزان دروست کراوە. بەڵام تەنیا ئەو دڵە هەژارەشم دەتوانێت هەست بکات، لەبەر ئەوە من دەگریم"
شازادە دڵخۆشەکە بە دەنگی نزم وتی "ئۆه، ئەمە هەمووی ئاڵتوون نییە تەنها ڕووی دەرەوەی زێڕە "
شازادە دڵ خۆشەکە بەدەنگی نزم وتی " دوور لەم شوێنە ماڵێکی هەژار هەیە لە شەقامێکی بچووك. لە ڕێی پەنجەرە کراوەکەیانەوە دەتوانم ژنێك ببینم لەسەر مێزێك



دانیشتوە، دەموچاوێکی لاواز و زبری هەیە و دەستەکانی سوور. خەریکی دروست کردنی کراسێك بۆ یەکێك لە خانمی پاشاکان، بۆ سەما کردن. کوڕە بچووکەکەی لەسەر جێگاکەی لە سووچێکدا پاڵ کەوتووبو. زۆر نەخۆشە. دەگری چونکە دایکی دەیتوانی تەنها ئاوی بداتێ. .. باڵندە بچوکەکە تۆ خشڵە سوورەکە بەرە بۆیان، من ناتوانم لێرە بجووڵێم
باڵندەکە وتی "هاوڕێکانم چاوەڕێمن لە میسر"
شازادەکە وتی " باڵندە بچکۆلەکە، باڵندە بچکۆلەکە. تکایە شەوێك لەگەڵ مندا بمێنەوە ئەم کارە بۆ من بکە، کوڕەکە دەگری و دایکیشی زۆر خەمبارە "
شازادە دڵ خۆشەکە زۆر خەمگین دیار بوو باڵندە بچکۆڵەکە. بەزەیی پێدا هاتەوە
"ئێرە زۆر ساردە، بەڵام من تەنها ئەمشەو لات دەمێنمەوە، سبەینێ خشڵەکە دەبەم"
شازادەکە وتی "سوپاس بۆ تۆ، باڵندە بچکۆڵەکە"
باڵندە کە خشڵە سوورە جوانەکەی شازادەی برد بەسەر سەربانی شارەکەدا فڕی.
لەشوێنەکان دەپەڕیەوە گوێی لە دەنگی سەما بوو. کچێکی جوان لەبەردەم پەنجەرەیەك لەگەڵ خۆشەویستەکەی قسەی دەکرد " هیوادارم کراسەکەم ئامادەبێت بۆ ئاهەنگی سەمای هەفتەی داهاتوو، ئەو ژنە زۆر تەمبەڵە "
باڵندەکە لە ڕووبارەکە پەڕیەوە بەردەوام بوو لە فڕین. لەکۆتایی دا گەیشتە ماڵە هەژارەکە سەیری ژوورەوەی کرد. کوڕەکە لەسەر جێگاکەی پاڵکەوتبوو، دایکی بەماندوویی خەوی لێکەوتبوو. باڵندەکە چووە ژورەوەو خشڵە سوورەکەی لەسەر مێزەکە دانا ئینجا بە دەوری جێگاکەی دا فڕی، هەوای دەورووپشتی باڵی بەسەر ڕوخساری کوڕە بچوکەکەدا جووڵاند.
کوڕەکە وتی " دەم و چاوم زۆر گرینگ نییە هەست دەکەم بەرەو باشتر دەڕۆم "
خەوی لێکەوت. باڵندەکە فڕی و گەڕایەوە بۆ لای شازادە دڵ خۆشەکە و پێی وت
" سەیرە زۆر ساردە، بەڵام هەست بەگەرمی دەکەم "
شازادەکە وتی: لەبەرئەوەی تۆ شتێکی باشت کردووە.
باڵندەکە خەوی لێکەوت، کاتێك ڕۆژ بۆوە، باڵندەکە بەرەو ڕووبارەکە فڕی تا خۆی بشوات.

پیاوێکی زیرەك بینی و پێی وت" ئەمە زۆر سەیرە، ئەم جۆرە باڵندەیە لێرەیە، لەم زستانەدا ! پێویستە ئەوە بنوسم ! "

باڵندەکە بیری"دەکردەوە ئەم شەو دەڕۆم بۆ میسر "

کاتێك مانگ دەرکەوت، گەڕایەوە بۆ لای شازادە دڵ خۆشەکە و پێی وت

" دەتوانم شتێکت بۆ بکەم لە میسر "

شازادەکە وتی "باڵندە بچکۆلەکە، باتلندە بچکۆلەکە، تکایە شەوێکی دیکە لەگەڵ مندا بمێنەوە"

باڵندەکە وەلامی دایەوە " هاوڕێکانم چاوەڕێمن "

شازادەکە وتی " دوور لەو بەری شار، دەتوانم نووسەرێکی گەنج ببینم لەژوورێکی بچووك لە نهۆمی سەرەوەیماڵەکە. لەسەر کورسی و مێزێك دانیشتووە کە هەمووی کاغەزە. لەتەنیشتیەوە چەند گوڵێکی مردوو هەن. هەوڵ دەدات چیرۆکەکە تەواو بکات , بەلام زۆری سەرمایەو ناتوانێت بنوسێت. هیچ ئاگرێك لە ژوورەکەی دانییە. زۆر بێهێزە و برسیەتی "

باڵندەکە بەمیهرەبانیەوە وتی " من چاوەڕێی دەکەم شەوێکی دیکەِ لەگەڵ تۆدا بمێنمەوە، چی بۆ بەرم ؟ "

شازادە وتی " یەکێك لە چاوەکانی منی بۆ بەرە، بەبەردێکی هندی جوان دروست کراوە. پیاوە گەنجەکە دەتوانێت بیفرۆشێت دارو خواردنی پێبکرێت. چیرۆکەکەی تەواو بکات "

باڵندەکە وتی " من چاوی تۆ دەربهێنم، شازادەی ئازیز ؟ ناتوانم ئەوە بکەم ! "

دەستی بەگریان کرد

شازادەکە وتی " دەری بهێنە "

باڵندەکە چاوی شازادەی دەرهێنا و فڕی بەرەو ژووری پیاوە گەنجەکە.

ئاسان بوو بگاتە ئەوێ , چونکە سەربانێکی بەبەرد دروست کرابوو. پیاوەکە دانیشتبوو سەری خستبۆ بەینی دەستیەوە، گوێی لە شەقەی باڵی باڵندەکە نەبوو. کاتێك سەری هەڵبڕی، خشڵە جوانە شینەکەی بینی لەلای گوڵەکاوە داندرابوو.

لە خۆشی دا دەگریا " کەسێك حەزی لە چیرۆکەکانم بووە ! ئەمە دیاری کەسێکە کە کتێبەکانی خوێندۆتەوە ئێستا دەتوانم ئەم چیرۆکەش تەواو بکەم ! "



ڕۆژی دواتر باڵندەکە فڕی بۆ لای ڕووبارەکە سەیری کەشتیوانەکانی دەکرد لەسەر کەشتیەکە ئیشیان دەکرد " من دەڕۆم بۆ میسر "

بەگریانەوە ئەم ڕستەی دەوت بەلام کەس گوێی لێنەدەگرت. کاتێك کە مانگ دەرکەوت گەڕایەوە بۆ لای شازادە دڵخۆشەکە پێی وت

" هاتووم تا ماڵ ئاوایت لێبکەم "

شازادەکە وتی "باڵندە بچکۆلەکە، باڵندە بچکۆلەکە، تکایە شەوێکی دیکەِ لەگەڵم بمێنەرەوە "

باڵندەکە وەلامی دایەوە "ئێستا زستانە، بەم نزیکانە بەفر دەبارێت لەمیسر ئاوو هەوا گەرمە، دارەکان سەوزن. شازادەی ئازیز، من پێویستە بەجێت بهێڵم، بەلام قەت تۆ لەیاد ناکەم"

شازادەکە وتی "چێکی بچووك لەلای فولکەی خوارەوە وەستاوە، هێلکە دەفرۆشێت. هێلکەکانی کەوتونە سەر زەویەکە و شکاون. پارەی پێنیە بیباتەوە ماڵەوە.

باوکی ئازاری دەدات. چاوەکەی ترم دەربهێنەو بیدە بەو منداڵە "

باڵندەکە وتی " من شەوێکی دیکە لەگەڵتدا دەمێنمەوە، بەلام ناتوانم چاوەکاەی تریشت دەربهێنم. تۆ ئیتر ناتوانیت ببینی ! "

شازادەکە وتی "دەری بهێنە "

باڵندەکە چاوەکەی تری شازادەکەی دەرهێنا و فڕی بۆ لای کچەکەو خشڵەکەی خستە دەستیەوە.

" ئەم پارچە شووشەیە زۆر جوانە ! "

کچە بچکۆڵەکە گریا و لە خۆشیدا ڕای کرد بەرەو ماڵەوە، ئینجا باڵندەکە گەڕایەوە بۆ لای شازادەکەو پێی وت

" ئیستا ناتوانیت ببینیت، لەبەر ئەوە من لەگەڵتا دەمێنمەوە "

شازادەکە پێی ووت " نەخێر، تۆ دەبێت بڕۆیت بۆ میسر "

باڵندەکە وەلامی دایەوە " من لەگەڵ تۆدا دەمێنمەوە لەسەر قاچەکانی شازادەکە خەوی لێکەوت

ڕۆژی دواتر لەگەڵ شازادەکە مایەوە. چیرۆکی سەیری بۆ گێڕایەوە لەبارەی ئەو زەوی و خاکانەی کەدەیزانی

شازادەکە وتی " باڵندەی بچکۆلەی ئازیز، تۆ لەبارەی ئەو شتە سەیرو سەرنج ڕاکێشانەوە پێم دەڵێیت، بەڵام دەردەسەری و ئازار چەشتنی ژن و پیاوەکان سەیرترە لە هەموو شتێك. بفرە بەسەر شارەکەم دا بڵندەی بچووك پێم بڵێ کە چی دەبینیت "

باڵندە گوێڕایەڵەکە بەسەر ئاسمانی شارەکە دا فڕی. دەوڵەمەندەکانی دەبینی کە دەیان خواردەوە و دەیاخواردەوە لە ماڵە گەورەکاندا.

خەڵکی هەژاریش دەبینی لە دەروازەی شارەکە دانیشتوون. فڕی بۆ شەقامە تاریکەکان و دەموچاوی سپی هەڵگەڕاوەکان و چاوە غەمگینەکانی دەبینی. لە ژێر پردێکدا دوو کوڕی بچووکی بینی کە بەتەنیشت یەکەوە پاڵکەوتبوون بۆ ئەوەی گەرمیان بێتەوە

دەیان وت " ئێمە زۆرمان برسیە "

پاسەوانەکانیش هاواریان دەکرد بەسەریاندا " نابێت لێرە بمێننەوە "

باڵندەکە گەڕایەوە بۆ لای شازادەکەو تا ئەمانەی پێ بڵێت، شازادەکە وتی

" من گیانم بەئاڵتوون داپۆشراوە، پارچە پارچە بیانبەو بیدە بەو خەڵکە هەژارە "

باڵندەکە پارچە پارچە زێڕەکەی دەبرد تا شازادەکە ڕەنگی ڕەساسی و ناشیرن بوو.

باڵندەکە ئاڵتوونەکەی بۆ هەژاران برد.

ڕوخساری منداڵەکان گەشاوەتر بوو دەیان وت " ئێمە ئێستا نانمان هەیە" دەگریان لە خۆشی دا.

ئینجا بەفر باری. بووە سەهۆڵ بەندان باڵندە بچووکەکە سەرمای بوو. شازادەکەی بەجێ هێشت , چونکە زۆری خۆش دەویست. بەڵام بەرەو مردن دەچوو. بەشازادەکەی وت

" خوات لەگەڵ، شازادەی ئازیز ! دەتوانم ماچێکت بکەم ؟ "

شازادەکە وتی " دڵم خۆشە کەتۆ دەڕۆیت بۆ میسر، زۆر لێرە مایتەوە، ماچم کە چونکە زۆرم خۆش دەوێت "



باڵندە وتی " من ناڕۆم بۆ میسر، من دەمرم "

ماچێکی شازادەی کرد و، بەمردووی کەوتە خوارەوە بۆ سەر قاچەکانی، ئینجا دەنگێکی سەیر لەناوەوەی پەیکەرەکە هات مادەی دڵەکە بووە دوو لەتەوە.

لە بەیانی زووی ڕۆژی دواتر " پیاوێکی گرینگ لە شارەکە پیاسەی دەکرد لەگەڵ دوو هاوڕێیدا. سەیرێکی پەیکەرەکەی کردوو وتی

" شازادە دڵخۆشکەرەکە زۆر پرشنگ دار نییە ! خشڵ سوورەکەو چاوەکانیشی دیار نەماون، ئاڵتوون داپۆشراوە، لەسواڵکەرێك دەچێت "

هاوڕێی پیاوەکە وتی " بەڵێ ڕاستەکەی "

پاسەوانەکە وتی " ئەوە باڵندەیەکی مردوو لەسەر قاچەکانی ! ئێمە پێویستە فەرمان بدەین کە نابێت باڵندە لێرە بمرێت "

پەیکەری شازادە دڵ خۆشەکەیان داگرت و خستیانە ناو ئاگرەوە پارچەیەك لە مادەیەکی پرشنکدار هاتە دەرەوە بە پیاوە ئیشکەرەکە وتی

" ئەمە سەیرە ئەو پارچە شکاوەی ناوەڕاستی پەیکەرەکە بەتوندی ماوەتەوە، پێویستە فڕێی بدەین "

ئەوانیش لەگەڵ باڵندە مردووە کە دا فڕێیاندا.

خودا بەبەردەستەکانی وت " باشترین شتم بۆ بهێنن لەو شارە "

ئەوانیش دڵە شکاوەکەو باڵندە مردووەکەیان بۆ هێنا.

وتی: بەڵێ ئێوە شتێکی ڕاستان بۆ هێنام "

باڵندە کە تائەبەد گۆرانی بۆ باخەکەم دەڵێت شازادە دڵخۆشەکەش لە شارە ئاڵتونیەکەم دەمێنێتەوە.

# ڕۆحی ماسیگرەکە

## نووسینی: ئۆسکار وایڵد

ماسیگرە لاوەکە هەموو ئێوارەیەك دەچووە ناو بەلەمەکەیەوە و تۆڕی هەڵدەدایە ناو ئاوەکەوە هەندێ جار زۆری ماسی نەدەگرت. بەڵام هەندێ جار ماسی لەقووڵی دەریاوە کەوە دەهات و دەکوتە تۆڕەکەی ئەوەوە، ئینجا دەیبردن لە شار دەیفرۆشتن. ئێوارەیەك تۆڕەکەی زۆر قورس بوو، ماسی گرە لاوەکە پێکەنی و بیری کردەوە.

" لەوانەیە ماسی هەموو دەریاکەم گرتبێ ! "

تۆڕەکەی ڕاکێشا و ڕاکێشا، نزیك تر دەبۆوە لە بەلەمەکەی، لەکۆتاییی دا گەیشتە سەر ئاوەکە، هیچ ماسییەکی تێدا نەبوو، تەنها بووکی ئاونەییێت کە نوستبوو (حوريە بحر). قژی وەك ئاڵتوون، لەشی وەك مرواری، زۆر جوان بوو. ماسیگرە لاوەکە گرتیە باوەشی. کاتێك دەستی بەرکەوت، چاوە شینە قووڵەکانی کردەوە ویستی ڕابکات. بەڵام ماسیگرەکە نەیهێشت. دەستی بەگریان وتی

" تکایە، تکایە، دوورم مەخەرەوە، من کچێکی پادشای دەریام، پیاوێکی تەنهاو پیرە من شك دەبات "

ماسی گرەکە وەڵامی دایەوە " تۆ دەتوانی بڕۆیت، بەمەرجێك بەڵێن بدەیت کاتێك بانگت دەکەم، پێویستە بێت بۆ لای من و گۆرانی بچڕیت. ماسیەکان حەزیان لە گۆرانی خەڵکی دەریایە. دێن و ئێمەش تۆڕەکەمان پڕ دەبێت " بووکی ئاو بەڵێنیدا و، ماسیگرەکە دەستەکانی واڵا کردەوە، بووکی دەریا ڕۆیشت و لەناو ئاوەکەدا ون بوو.

لەدوای ئەم ڕوداوەوە هەموو ئێوارەیەك كاتێك ماسیگرەكە دەچوو ناو بەلەمەكەیەوە، بووكی دەریا بانگی دەكرد. ئەویش دەهاتە سەر ئاوەكە و گۆرانی دەچڕی.

گۆرانی دەگوت لە بارەی شوێنی باشەوە كە خاكی شوێنەكەی پاك، گەوهەری شین و مرواریە. گۆرانی لەبارەی باخەكانی ناو دەریاكان لە قوولآی دەریاكەوە دەهات بۆ ئەوەی گوێ لە گۆرانیەكانی بگرن، ئینجا ماسیگرەكە تۆڕەكەی هەڵدەدا بەچوار دەوریاندا و دەیگرتن.

كاتێك بەلەمەكە پڕ دەبوو بووكی دەریا لە ناو دەریاكە وون دەبۆوە.

بووكی دەریا قەت لەماسی گرەكە نزیك نەدەبۆوە جارێك ماسی گرەكە ویستی دەستی لێبدات.

بەڵام ئەو گەڕایەوە بۆ ناو ئاوەكە و ئەو ڕۆژە نەیبینیەوە.

هەر ڕۆژێك تێدەپەڕی دەنگی بەسۆز تر دەبوو لەگوێی ئەو دا، تۆڕەكەی و بەلەمەكەی بیر دەچۆوە. ماسی دەهات بەڵام ئەو نەیدەبینین. لە لێواری بەلەمەكە دادەنیشت و گوێدەگرێت، تاریكی دەوری دەدا و ڕووناكی مانگەشەو قاچە قاوەیەكانی دەگوشی بۆ ڕەنگی زیوی.

ئێوارەیەك ماسی گرەكە بووكی دەریای بانگ كرد

" بووكی بچكۆڵەی دەریا، خۆشم دەوێیت. وەك مێردت قبوولّم كە "

بەڵام بووكی دەریا وەڵامی دایەوە " نەخێر، تۆ پیاوێكی ڕۆحیت . ڕۆحت لە خۆت دور بخەرەوە تا منیش خۆشتم بوێیت "

ماسیگرە لاوەكە وتی " من پێویستم بە ڕۆح نییە. ناتوانم بیبینم ناتوانم دەستی لێبدەم. بە دڵنیایەوە لە خۆمی دور دەخەمەوە تۆش دەبیتە خێزانم، ئێمە لە قووڵترین بەشی ڕووبارەكە دەژین، تۆ ئەو شوێنە خۆشانەی ناو گۆرانیەكانم پیشان بدە "

بووكی دەریا پێكەنی و بەخۆشحاڵیەوە دەموچاوی لەبەینی دەستەكانی شاردەوە. ماسی گرەكە هاواری كرد " بەڵام چۆن ڕۆحم لەخۆم دور خەمەوە ؟ پێم بڵێ چۆن ئەوە بكەم ؟ "

بووكی بچكۆڵەی دەریا وتی " من نازانم، خەڵكی ناو دەریا ڕۆحیان نییە "



بەخەمێكەوە سەیری كرد و بە مەلە كردن دوور كەوتەوە، لە ڕۆژی دوایی دا ماسیگرە لاوەكە چوو بۆ ماڵی قەشەكە و پێی وت " باوكە، من لە خۆشەویستیدام لەگەڵ كچێك كە خەڵكی دەریایە، بەڵام ناتوانم بیخوازم چونكە ڕۆحم هەیە، پێم بڵی چۆن ڕوحم لەخۆم دوور خەمەوە، من پێویستم پێی نییە، ناتوانم بیبینم ناتوانم دەستی لێبدەم. "

قەشەكە وەڵامی دایەوە " پیاوێكی بێ ئەقڵ ! ڕۆح لەلایەن یەزدانەوە بەخشراوە پێت.

گرینگ ترین شتە كەتۆ هەتە، وەك گەوهەر و ئاڵتوونی پاشاكانە. خەڵكی دەریا ڕۆحیان نییە، وەك گیانەوەران، لەبارەی ڕاستی و هەڵەوە نازانیت "

ماسیگرە لاوەكە وتی " باوكە، من كچێكی پاشای دەریام گرت بەتۆڕەكەم، ئەو لە ئەستێرەی بەیان زۆر جوانترە، سپیترە لە مانگ من ڕۆحی خۆم دەبەخشم لە پێناوی جەستەیدا. من پێویستە ڕۆحم لە خۆم دوور خەمەوە "

قەشەكە هاواری كرد " دوور كەوەرەوە، دوور كەوەرەوە "

ئینجا ماسیگرە لاوەكە چووە شار. دووكاندارەكە هاواری لێكرد " ئەمڕۆ چی دەفرۆشیت ؟ "

" ڕۆحم دەفرۆشم من پێویستم پێنیە "

دووكاندارەكە پێكەنی پێی " ئێمەناتوانین ڕوحی تۆ بكڕین. چی لێبكەین ؟ لەشی خۆتمان پێبفرۆشە تا بتكەین بە كۆیلە. بەڵام لەباری ڕوحەوە قسە مەكە "

ماسیگرەكە بیری دەكردەوە " ئەمە زۆر سەیرە. قەشەكە بەمنی وت. كەنرخی ڕوح لە ئاڵتوون و خشڵ گرانترە. من تێناگەم "

چووەخوارەوە بەرەو دەریاكە بۆ ئەوەی بیر بكاتەوە، لەكۆتایی دا بیری كەوتەوە كە جادوو گەرێك لە نزیك قەراغ دەریاكە هەیە. بەدرێژایی دەریاكە بەسەر لمەكەدا بۆ ئەو شوێنەی ئەوی لێدەژی.

جادووگەرەكە ڕێی جادووە دەیزانی كە ماسی گرەكە دێتە لای. پێدەكەنی و چاوەڕێی دەكرد. هاواری كرد " چیت دەوێت ؟، من دەتوانم هەموو شتێكت بدەمێ، بەڵام هەموو شتێك نرخی خۆی هەیە "

ماسیگرە لاوەكە وتی " من تەنیا شتێكی بچكۆلەم دەوێت، بەڵام قەشەكە لێم تورەبوو كاتێك داوام لێكرد، دووكاندارەكە پێكەنی پێم. لەبەر ئەوە هاتم بۆلای تۆ "

لەوکاتەدا نزیك دەبۆوە لێی پرسی " تۆ چیت دەوێت ؟ "

ماسیگرە لاوەکە وەڵامی دایەوە " من دەمەوێت رۆحم لەخۆم دوورخەمەوە "

جادووگەرەکە سەیری چاوەجوانەکانی دەکرد و لێی پرسی " تۆ چی دەبەخشی بەمن، ئەگەر یارمەتیت بدەم ؟ "

" پێنج پارچە ئاڵتوون، هەروەها تۆڕەکەو ماڵەکە و بەلەمەکەشم، بەس تەنها پێمبڵێ چۆن رۆحی خۆم بدۆڕێنم "

پێکەنی وتی " من جادووگەرم. چەند ئاڵتوون و زیوم دەوێت بەدەستی بهێنم "

" باشە من چیت پێببەخشم ؟ چیت بۆ بکەم ؟ "

دەستە قەڵەوە سپیەکانی خستە سەر سەری زەردەخەیەکی بۆ کرد وتی " پێویستە تۆ سەمام لەگەڵ بکەیت ئەی کورە قۆزەکە "

ماسیگرەکە هاواری کرد " تەنها ئەوە ؟ هیچی زیاترنا ؟ "

وەڵامی دایەوە پێکەنی " تەنها ئەوە، پێویستە کاتێك کەمانگ پڕدەبێت سەمابکەین. ئەم شەو تۆ وەرە بۆ شاخەکە ئەوە، شوێنی کۆبوونەوەی جادوگەرەکانە ( ئەو ) لەوێ دەبێت "

ماسیگرە لاوەکە پرسی " ئەوە کێیە ؟ "

" ئەمشەو وەرە. لە نزیك داری سەر شاخەکە بوەستە چاوەڕوانی من بکە. کاتێك مانگ پڕدەبێت، من لەگەڵت دەبم. ئینجا پێکەوە سەما دەکەین لەسەر باخەکە "

" بەڵام تۆ یارمەتیم دەدەیت کەرۆحم لە خۆم دوور خەمەوە "

ڕوناکی خۆر قژە سوورەکەی دەدرەوشانەوە، وەڵامی دایەوە " بەڵێ دەیکەم "

ماسیگرە لاوەکە هاواری کرد "تۆ باشترین جادووگەری. من ئەم شەو لەگەڵ تۆدا سەمادەکەم"

ئینجا بەدڵخۆشیەوە بەڕاکردن گەڕایەوە بۆ شارۆچکەو جادووگەرەکە سەیری دەکرد لەوکاتەدا " ئەو هی من دەبێت ! من بەقەد ئەو جوانم "

ئەو ئێوارەیە، کوڕە لاوەکە سەرکەوت بۆ سەر لوتکەی شاخەکە لەژێر دارەکە وەستا لەمانگەشەو دا، دەریا لە خوارەوە دوور بوو، کەشتیە ماسیگرەکان دەجوڵانەوە لەناو ئاوەکەدا.



لەنیوەشەو جادووگەرەکان بە فڕین لەناو هەواوە هاتن، ئەو کاتەی ئەو کاتەی دەوکەوێتە سەر زەوی

وتیان " ئۆف ! ئەو بۆنە چییە غەریبەیەك لێرەوەیە ؟ "

جادووگەرە گەنجەکە بەدوایانداهات. عەزیەکی ئاڵتوونی لەبەر دابوو, هەروەها قژە سوورەکەی بەردابۆوە. کاتێك جادووگەرەکان ئەویان بینی هاواریان کرد " لەکوێیە ئەو کورە ؟ "

ئەویش پێکەنی و ڕایکرد بەرەو دارەکە دەستی ماسیگرەکەی گرت. بردیە ژێر ڕووناکی مانگەشەو و دەستی کرد بە سەما کردن لەگەڵیدا. جادووگەرەکانی کە بەدەوریاندا دەستیان کرد بە سەما کردن. ئینجا دەنگی ئەسپ هات. بەڵام ماسیگرەکە نەیدەتوانی ئەسپ ببینێت. هەستی بەترس کرد هاواری کەرد بۆ جادووگەرەکە " خێراکە، خێراکە ! "

ئەویش دەستەکانی لەملیەوە ئاڵاند. ماسیگرەکە دەیزانی کەسێکی خراپ چاودێری دەکات.

لە پاشادا کەسێکی بینی لە ژێر سێبەری بەردەکاندا.

پیاوێك بوو جلی ڕەشی لەبەردا بوو. دەموچاوی سپی بوو، بەڵام دەمی وەك گوڵێکی سوور وابوو.

دەستە سپیەکانی بە ئەنگوستیلەکانی قوورس ببوون.

سەیری ماسیگرەکەی دەکرد کاتێك سەمای دەکرد. لە پڕێکدا سەما کەرەکان وەستان و چوون دەستی پیاوەکەیان ماچ کرد بە شانازیەوە پێدەکەنی، بەڵام بەردەوام سەیری ماسیگرەکەی دەکرد.

جادووگەرەکە وتی" ئێستا ئێمە دەبێ بچین بۆلای".

ماسیگرەکە کە نزیك بۆوە لە پیاوەکە، لە پڕێکدا ناوی خودای هێنا، نەیزانی بۆ ناوی خودای هێنا.

جادووگەرکان هاواریان کرد و بڵاو بوونەوە. پیاوەکە چاوەکانی داخست لە ئازاردا. بانگی ئەسپەکەی کرد و چووە سەر پشتی و بە خەمێکەوە سەیری ماسیگرەکەی کرد.

جادووگەرە قژسوورەکەش ویستی دوور بکەوێتەوە. بەڵام ماسیگرەکە قۆڵی ڕاکێشا و هاواری کرد "دەستت لا بدە"

نەخێر، یەکەم جار، تۆ پێویستە نهێنییەکەم پێ بڵێیت."

"نهێنیی چی؟"

"خۆت دەزانی".

بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە وتی"من بە قەد کچی دەریا جوانم".

ماسیگرەکە پاڵێکی پێوە نا "ئەگەر بەڵێنەکەت نەپارێزیت دەتکوژم".

دەموچاوی سپی هەڵگەڕا و وتی"باشە، ئەوە ڕۆحی خۆتە، نەك هی من."

چەقۆیەکی سەوزی دەرهێنا.

"ڕۆح سێبەری لەشە. لە نزیك ڕووبارەکە بوەستە. پشت لە مانگ بکە. سێبەری خۆت ببڕە لە قاچەکاندا و، فەرمان بدە بە ڕۆحەکەت کە لێت دوورکەوێتەوە".

چەقۆیەکی برد و لە شاخەکە هاتە خوارەوە. ڕۆحەکە لە ناخیدا هاواری دەکرد، ئەم چەند ساڵە ئەمن لە گەڵێدا بووم و خزمەتم کردویت لە خۆتم دوور مەخەرەوە. ئایا قەت ئازارم داویت؟

ماسیگرەکە پێکەنی و وتی:"تۆ ئازاری منت نەداوە، بەڵام من پێویستم بەتۆ نییە. خۆشەویستی بانگم دەکات." لەسەر لمەکە وەستا و پشتی لە مانگ بوو. سێبەرەکە لە بەردەمیدا بوو."

ڕۆحەکە وتی: ئەگەر من پێویستە بڕۆم، بە بێ دڵ دوورم مەخەرەوە. هیچ خۆشەویستی و میهرەبانییەك نییە لە دنیادا. من دەترسم، پێویستم بە دڵت هەیە لە گەڵمدا بێت."

"دڵم هەڵگری خۆشەویستییەکەمە، لەبەرئەوە چاوەڕێ مەکە و بڕۆ! من پێویستم بە تۆ نییە"

ماسیگرەکە چەقۆبچووکەکەی دەرهێنا و سێبەرەکەی بێری لە قاچەکانەوە لەبەر دەمیدا وەستا. وەك خۆی بوو. هەنگاوێك چووە دواوە و چەقۆکەی فڕێ دا. هەستی بە ترس کرد. وتی: بڕۆ. پێویستە جارێکی دیکە یەکتر ببینینەوە."



ڕۆحەکە وتی: نەخێر: پێویستە جارێکی دیکە یەکتر ببینینەوە.

ماسیگرەکە هاواری کرد"چۆن یەکتر ببینینەوە، دوام دەکەویت بۆ قوولترین بەشی دەریاکە؟:

ڕۆحەکە وتی:"هەموو ساڵێك جارێك من دێمەوە ئەمشوێنە بانگ دەکەم، لەوانەیە تۆ پێویستیت پێم بێت".

ماسیگرەکە وتی:بۆچی پێویستیم بە تۆ دەبێت، بەڵام خۆت چیت پێ باشە وا بکە. ئینجا بازی هەڵدایە ناو ئاوەکە بووکی دەریا هات دەستی لە ملی ئاڵاند و ماچی کرد چوون بەرەو قووڵایی ئاوەکە.

ڕۆحەکەش بە گریانەوە ڕۆیشت.

پاش ساڵێك ڕۆحەکە گەڕایەوە لای ڕووبارەکە و بانگی ماسیگرەکەی کرد.

ماسیگرەکە لە ئاوەکە هاتە دەرەوە و وتی:"بۆچی بانگم دەکەیت؟"

ڕۆحەکە وەڵامی دایەوە"وەرە نزیکم، دەمەوێت باسی ئەو شتە سەرنج ڕاکێشانەت بۆ بکەم کە بینیومن."

ماسیگرەکە نزیك بۆوە و گوێی گرت ڕۆحەکە پێی گوت کاتێك کە تۆم بەجێ هێشت چووم بەرەو ڕۆژهەڵات. هەموو شتێکی حەکیم لە ڕۆژهەڵاتەوە دێت.

چووم بەرەو شار، شەقامەکانم تێپەڕاند و گەیشتمە باخچەیەك کە هی خودا بوو. بە یەکێك لە قەشەکانم وت"دەمەوێت خواکەتان ببینم".

بردمی بۆ ماڵی ناو باخچەکە. خودا لەوێ نەبوو تەنیا ئاوێنەیەکی ئاسن و مێزیکی بەرد نەبێت، بە قەشەکەم وت "خودا لە کوێیە؟"

وەڵامی دایەوە "خودا نییە، بەڵام ئەم ئاوێنەیە تایبەتە. هەموو شتێك پێشان دەدات. ئەگەر ئەم ئاوێنەیەت هەبێت، هەموو شتێك دەزانیت هیچ لە تۆ شاراوە نابێت."

من ئاوێنەکەم دزی و شاردمەوە. بمگەڕێنەوە بە ڕۆحی خۆت، تۆ حەکیمتر دەبیت لە چاو هەموو پیاوە حەکیمەکان."

ماسیگرەکە پێکەنی و هاواری کرد "خۆشەویستی باشترە لە تێگەیشتن، بووکی بچکۆڵەی دەریام منی خۆشدەوێت"

چووە ناو دەریاکەوە. ڕۆحەکە ڕۆیشت و دەگریا. لە دوای ساڵی دووەم ڕۆحەکە گەڕایەوە بۆ لای ڕووبارەکە بانگی ماسیگرە گەنجەکەی کرد. ماسیگرەکە هاتە سەر ئاوەکە و وتی "بۆچی بانگم دەکەیت؟"

ڕۆحەکە وەڵامی دایەوە "وەرە نزیکتر، من دەمەوێت ئەو شتە سەرنجڕاکێشانەت پێ بڵێم کە لە باشوور بینیم." کاتێك تۆم جێ هێشت گەشتم کرد بەرەو باشوور.

هەرچی ئاڵتوون و خشڵە لە باشوورەوە دێت. دوای چەندین ڕۆژ گەیشتمە "عەشتار". پاشای ئەو شارە ئەنگوستیلەیەکی تایبەتی هەبوو لە پەنجەیدا. ئەگەر ئەو ئەنگوستیلەیەت هەبێت، دەوڵەمەندتر دەبیت لە هەموو پادشاکانی سەر زەوی.

من چوومە شوێنی پادشاکە و سەربازەکان پێیان دام، بەڵام نەیانتوانی ئازارم بدەن. پادشاکە پرسیی تۆ کێی؟ بۆچی ناتوانین ئازارت بدەین؟ تکایە ئەم شەو لێرە جێ بهێڵە. لە کاتێکدا تۆ لێرەیت من پاشای ئەم شارە نابم."

وەڵامم دایەوە "من دەڕۆم، ئەگەر ئەنگوستیلەکەم بدەیتێ."

ئینجا ڕۆحەکە بە ماسیگرەکەی وت" من ئەنگوستیلەکەم شاردووەتەوە، لە شوێنێك دوور نییە لێرەوە." وەرە لە گەڵ مندا بیبە بۆ خۆت. تۆ دەوڵەمەندتر دەبیت لە هەموو پادشاکانی سەر زەوی".

ماسیگرەکە پێکەنی و وتی" خۆشەویستی باشترە لە ئاڵتوون و خشڵ. بووکی بچکۆڵەی دەریا منی خۆش دەوێت" گەڕایەوە ناو ئاوەکە.

ڕۆحەکە بە گریانەوە ڕۆیشت.

لە کۆتایی ساڵی سێیەمدا ڕۆحەکە هاتەوە قەراغ ڕووبارەکە و بانگی ماسیگرەکەی کرد. کاتێك هات ڕۆحەکە وتی" وەرە نزیکتر. دەمەوێت ئەم شتە سەرنجڕاکێشانەت پێ بڵێم کە بینیومن. لە گەشتەکانمدا چوومە شارێك لە نزیك ڕووبارێك ماڵێکی لێ بوو. کاتێك لەوێ دانیشتبووم، پیاوێکی پیر هاتە ژوورەوە موسیقای دەژەنی. کچێك هات و سەمای دەکرد، دەموچاوی داپۆشرابوو، نەمدەتوانی ببینم، بەڵام پێیە سپییەکانی وەك باڵندەیەکی بچووك دەجووڵایەوە. جوانترین پێی هەبوو کە بینیبێتم. سەرنجڕاکێشترین



سەماکەر بوو. تەنیا چەند ڕۆژێکی کەم لەم شوێنەوە دوورە. ماسیگرەکە بیری کەوتەوە کە بووکی بچکۆڵەی دەریا قاچی نییە. ناتوانێ سەما بکات. لەبەر ئەوە وتی"باشە. ئەوە تەنیا گەشتێکی بچووکە، ئینجا دەگەڕێمەوە بۆ لای خۆشەویستەکەم".

هاتە سەر زەوییەکەو دەستی لە ڕۆحەکەیەوە ئاڵاند. ڕۆحەکە دەگریا لە خۆشیدا و بەرەو لای ئەو چوو.

ئەو شەوە ڕۆیشتن و گەیشتنە شارەکە. کاتێك بە درێژایی شەقامێك ڕۆیشتن، ماسیگرەکە کووپێکی زیوی بینی. ڕۆحەکە پێی وت:"ئەو کووپە بەرەو بیشارەوە."

کووپەکەی برد و شاردییەوە، بە خێرایی شارەکەیان بەجێ هێشت، بەڵام لە دواییدا ماسیگرەکە کووپەکەی فڕێدا و بە ڕۆحەکەی وت:

"بۆچی پێت وتم کووپەکە ببەم، ئەوە هەڵە بوو."

بەڵام ڕۆحەکە وەڵامی دایەوە" گرنگ نەبوو."

لە ئێوارەی ڕۆژی دووەمدا، چوونە شارێکی دیکەوە. کاتێك بە درێژایی شەقامەکە دەڕۆیشتن، ماسیگرەکە منداڵێکی بینی کە جامە ئاوێکی بە دەستەوە بوو. ڕۆحەکە پێی وت" ئەو منداڵە ئازار بدە."

ماسیگرەکە منداڵەکەی ئازار دا و منداڵەکە گریا، ئینجا شارەکەیان بە خێرایی بەجێ هێشت. بەڵام دواتر ماسیگرەکە تووڕە بوو".

بۆچی پێت وتم ئازاری ئەو منداڵە بدەم؟ ئەوە هەڵە بوو"

بەڵام ڕۆحەکە وەڵامی دایەوە"گرنگ نەبوو".

لە ئێوارەی درەنگی ڕۆژی سێیەمدا، گەیشتە شارێکی دیکە ماسیگرە لاوەکە دانیشت بۆ پشوودان. ماوەیەك تێپەڕی و پیاوێك بە لایاندا تێپەڕی وتی"

"بۆچی لەسەر ئەو شەقامە دانیشتووی؟"

ماسیگرەکە وەڵامی دایەوە" هیچ شوێنێك نییە لێی بخەوم. هیچ هاوڕێیەکم نییە لەو شارە؟"

پیاوەکە وەڵامی دایەوە"ئاخۆ ئێمە هەموو برای یەکتری نین؟ هەموومان خوایەك دروستی نەکردووین؟ وەرە لەگەڵ مندا بۆ ماڵەکەم".

ماسیگرە لاوەکە لە ماڵی کابراکە خەوت. لە ناوەڕاستی شەودا، ڕۆحەکە خەبەری کردەوە. وتی" بڕۆ بۆ ژووری کابراکە و بیکوژە و ئاڵتوونەکانی ببە. پێویستمان پێیەتی".

ماسیگرە لاوەکە دەستی بۆ چەقۆکە برد، بەڵام کابراکە خەبەری بۆوە و وتی:" ئاوا پاداشتی چاکەکەم بە خوێن ئەدەیتەوە؟"

ڕۆحەکە وتی " بیکوژە ! "

ماسیگرەکە پیاوەکەی کوشت و سێ تورەکە ئاڵتوونەکەی برد، کاتێك دوور کەوتنەوە لە شارەکە ماسیگرە لاوەکە وتی " بۆچی پێت وتم ئەو پیاوە بکوژم ؟، بۆچی پێت وتم ئاڵتوونەکانی بەرم "

ڕۆحەکە وەڵامی دایەوە " گرینگ نەبوو "

ماسی گرەکە هاواری کرد " نەخێر ! گرینگ بوو، بۆچی تۆ وا لەمن دەکەیت "

ڕۆحەکە وەڵامی دایەوە " کەتۆ منت خستە ناو دنیاوە، منت بەبێ دڵ نارد "

ماسیگرەکە وتی " تۆ خراپی. من خۆشەویستەکەم لەیاد کرد کاتێك لەگەڵ تۆ بووم "

تورەکانی ئاڵتوونەکەی فڕێدا " پێشتر من لەخۆم دوور خستەوە، جارێکی تریش لە خۆمت دوور دەخەمەوە ! "

پشتی کردە مانگ و بەچەقۆ بچووکەکەی، هەوڵی دا سێبەرەکەی ببڕێت دووری بخاتەوە.

بەڵام ڕۆحەکە وتی " پیاو لەژیاندا دەتوانێت تەنها یەکجار ڕۆحی لە خۆی دوور بخاتەوە، تۆ پێویستە تا ئەبەد من بپارێزی "

ماسیگرەکە وتی " من دەگەڕێمەوە ئەو شوێنەی کە بووکی دەریا گۆرانی دەوت. بانگی دەکەم. لەبارەی ئەو شتە خراپانەی کردومە پێدەڵێم "

ڕۆحەکە وتی " زۆر ژنی جوانتر هەیە. کچێکە سەماکەر هەیە لە سامەریس. لەکاتی سەمادا پێدەکەنێ. وەرە لەگەڵم بۆ ئەو شارە "

ماسیگرەکە وەڵامی نەدایەوە. چووە بەرەو ئەو شوێنەی کە خۆشەویستەکەی گۆرانی بۆ دەوت بانگی بووکی بچکۆلەی دەریای کرد. بەڵام نەهات. کوخێکی بەبەرد دروست کرد هەموو ئێوارە و شەوێك بانگی بووکی دەریای دەکرد.



بەڵام ئەو قەت نەهات بۆ سەر ئاوەکە.

ساڵێك تێپەڕی، ڕۆحەکە بیری دەکردەوە " من فەرمانی خراپم پێدا، بەڵام خۆشەویستیەکەی ئەو زۆر گەورەبوو. ئێستا فەرمانی شتی باشت پێدەدەم. لەوانەیە بێت لەگەڵمدا "

لەبەر ئەوە ڕۆحەکە پێی وت " من لەبارەی خۆشی دونیاوە پێم وتی، ئێستا لەبارەی ئازارەکانی دنیاوە قسەت بۆ دەکەم. لەبارەی ئەو کەسانەی کە برسیانە، هەژارن نەخۆشن، بڕۆ بابڕۆین یارمەتی ئەو کەسانە بدەین "

بەڵام ماسیگرە لاوەکە وەڵامی نەدایەوە، ساڵی دووەم تێپەڕی، ڕۆحەکە وتی

" خۆشەویستی تۆ بەهێزترە لە من، بخەرە دڵتەوە بابەمەوە بەشێك لەتۆ "

ماسیگرە لاوەکە وتی " بەدڵنیاییەوە دەتوانیت بێت "

ڕۆحەکە وتی " ناتوانم ڕێگای دڵت بدۆزمەوە، هیچ شوێنێکی لێ نیە، چونکە دڵت پڕە لە خۆشەویستی "

ماسیگرەکە وتی " من دەمەوێت یارمەتیت بدەم "

لەو کاتەدا قسەیان دەکرد گوێی لە گریانێکی بەهێز بوو لە دەریاکەوە دەهات.

یەکێك لە خەڵکی ناو دەریاکە مردبوو. ماسیگرە لاوەکە کوخەکەی بەجی هێشت و چوو بەرو ئاوەکە، شەپۆلێکی ڕەش هاتە سەر خاکەکە و لەگەڵ خۆی دا لاشەی بووکی بچووکی دەریاکەی هێنا بوو.

ماسیگرەکە خۆی هەڵدایە تەنیشتیەوە گرتیە ئامێز و دەمە سوورەکەی سارد بوو

شەپۆلی زیاتر بەرێوە بوو. دەنگی گریانەکە لەشوێنی پاشای دەریاوە دەهات.

ڕۆحەکە وتی " دەریا وادێت، ئەگەر لەوێدا بمێنیتەوە دەتکوژێت. دوور کەوەرەوە "

بەڵام ماسیگرە لاوەکە گوێی نەگرت بەبووکی بچوکۆلەی دەریای وت " خۆشەویستی باشترە لە حەکیم بوون و تێگەیشتن و دەوڵەمەندی، خۆشەویستی جوانە.

من خراپ بووم تۆم بەجی هێشت، من زۆرم بانگ کردی تۆهەر نەهاتی. بەڵام خۆشەویستی تۆ هەمیشە زۆر بەهێز لەگەڵ مندا مایەوە، ئێستا تۆ دەمریت منیش لەگەڵ تۆدا دەمرم "

دەریا لێیان نزیك بۆوە و دای دەپۆشین بە شەپۆلەکان. ماسیگرەکە زانی کەکۆتایی نزیکە، ماچی ڕوخساری ساردی بووکی دەریای کرد، ئینجا دڵە شکاوەکەی.
ڕۆحەکە ڕێگایەکی دۆزیەوە بۆ ناو دڵی و بووە بەشێك لەو، دەریا ماسیگرە لاوەکەی داپۆشی.

## ئێمە هەموو تاوانبارین

KINGSLEY AMIS نووسینی:

کلیف ڕاینەر لەگەڵ دایك وباوە پیارەکەیدا دەژیا، لە ماڵێکی بچووکدا، یەکێك بوو لەو ڕیزە ماڵانەی کە بە ژمارە کەم بوون کەوتبوونە نێوان کارگەیەکی پیس و کۆن و ڕێگایەکی پڕ ژاوەژاو شوێنێکی دڵگیر نەبوو.
بەڵام خانووی ژمارە (٩) ماڵی کلیف لە ناوەوە خاوێن و هێلانەی دۆستایەتی بوو دایکی زۆر دەستی تیایدا بوو هەروەها باوە پیارەکەشی هەندێك شتی ئەکرد بۆ ماڵەکە.
زۆرجاران کلیف هیچی شك نەدەبرد بیکات زۆربەی کات لەماڵەوە بوو، بەڵام حەزی نەئەکرد ئەو کاتانەی باوەپیارەکەی لەوێ دەبوو ئەو لە ماڵەوە بێت.
باوە پیارەکەی ناوی (دۆن ماکئینتایەر)بوو، دۆن قەت نەدەچوو بۆ کڵێسا، بەڵام هەمیشە لەبارەی ڕاست و هەڵەوە قسەی دەکرد.
زۆربەی کات لە کلیف توورە بوو، چونکە هیچ کام لەو قسانەسەرنجی کلیف_ی ڕانەدەکێشا، دۆن پیاوێك بوو کە ژیان لەگەڵیدا قورس بوو، بەڵام کلیف دەیزانی کەباوەپیارەی خراپتریش هەیە.
دوای نیوەڕۆیەك کاتێك هیچ نەبوو بۆ بینین لە تەلەفزیۆنکە کلیف لە ماڵ چووە دەرەوە، بۆ بینینی (تێری) ی هاوڕێی لە قاوەخانەی (پارادای). دواتر بە پیاسە دەگەڕایەوە ئوتومبێلێك لەپشتیەوە وەستا، ئوتومبێل پۆلیس بوو.
(هێی... تۆ هیچ شتێکی خراپ هەیە؟ )پرسیاری پۆلیسەکە نادۆستانە بوو.
کلیف حەزی بە پۆلیس نەدەکرد، وەلآمی دایەوە (نەخێر)
(بۆ کوێ دەڕۆی ؟)



(ماڵەوە)
دەقەیەك چاوەڕێبکە لەو شوێنەی خۆت بمێنەوە)
پۆلیسەکە لە ئوتومبێلەکەی هاتە دەرەوە پیاوێکی درێژ تەمەنی چل ساڵ دەبوو، چاکەت و پانتۆڵێکی تۆخی لەبەر بوو، لەگەڵ تیشێرتێکی شینی کاڵ بە دیقەتەو سەیری کلیف_ی کرد لێی پرسی:
"ناوت چییە کوڕم؟ "
"پێویستە پێت بڵێم؟ "
"نا تەنها پرسیم"
کلیف ناوی خۆی پێ وت
"ئەی چەند ساڵی کلیف هەژدە؟ "
"حەڤدەم"
پۆلیسەکە سەیرێکی کاتژمێرەکەی کرد"تۆ هیچ ئیشت نییە ڕاستە؟ "
"بەڵی ڕاستە"
"تۆ پیاوێکی گەنج و بەهێزی، هیچ ئیشێکت نییە، ئیشی زۆر هەیە لەم ناوە بەلآم تۆ حەزت لە ئیشی قورس نییە، باشە بە هەر حاڵ من دەتگەینمە ماڵەوە"
کلیف وتی "ناپێوست ناکات من لەم نزیکانە دەژیم "
"ئوە... نزیك ئەم شوێنە، ئایا تۆ لەگەڵ خێزانەکەت دەژیت؟ "
"بەڵی لەگەڵ دایکم و باوە پیارەکەم"
"تێگەشتم"پۆلیسەکە سەیری خوارەوەی ڕێگاکەی کردو ڕیزە ماڵێکی کەمی بینی ئینجا بە ئوتومبێلەکەی گەڕایەوە، پێش ئەوەی بڕوات بە کلیف وت:
"جارێکی تر دەتبینمەوە"
کلیف بۆ ماوەی خولەکێك بیری لەمەکردەوە"جارێکی تر دەتبینمەوە!!" بۆچی پۆلیسەکە وای وت؟
کاتێ کلیف گەڕایەوە بۆ ماڵەوە، چووە مووبەقەکەو زانی شتێکی خراپ ڕوویداوە دایکی و دۆن لە ماڵەوە بوون....

دۆن بە خەندەیەکی نا دۆستانەوە وتی"ئەها... ئەوە کوڕە گەنجەکە هاتەوە بۆ ماڵەوە"
دایکی بە خێرایی سەیرێکی کرد
دۆن وتی "تۆ لێرە دانیشەو گوێ بگرە، من قسە لەگەڵ دایکت دەکەم، ئالیس، ئایا تۆ پێت وایە من پارەی ناو جانتاکەی تۆم بردبێت؟ "
ئێستا کلیڤ لە سەیرکردنەکەی دایکی کەشت
دایکی وتی "نا، قەد دۆن، من تەنها وام بە خەیاڵدا هات کە لەوانەیە.... "
"واتزانیوە من بیرم چووە پێت بڵێم وایە؟ "
" تەنها ئەوە بوو... تۆ دەزانی"
دۆن هەستایە سەرپێ "بەڵی دەزانم، تۆ دەتەوێت یارمەتی کوڕە هیچەکەت بدەیت، ئەو پارەکەی بردووە تۆش ئەوە دەزانیت".
دۆن هاتە بەردەم کلیڤ وەست"تۆ یاریەکی زۆر ترسناك دەکەیت کوڕم، ئایا ئەوە دەزانیت؟ هەمووگەنجەکان وەك یەکن کاتێك تۆ شتێك دەبینیت و حەزت لێی ئەبێت و دەیبەیت، بەلاّم ڕۆژێك دێت باجی ئەوە بدەیت دەزانیت؟ "
دایکی کلیڤ سەیری کرد، بەلاّم یەکەمجار کلیڤ قسەی کرد وتی "نا دایکە، من نەبردووە"
دەموچاوی دۆن سوورهەڵگەڕا"بە تووڕییەوە وتی "کێشەی تۆ ئەوەیە کە بیر لە ڕاست وهەڵە ناکەیتەوە "
کلیڤ بە تووڕەیەوە بە باوە پیارەکەی وت"ئەم قسانە یارمەتی تۆ نادات، سێ مانگ لە زیندان بوویت لەبەر ئەوەی شەڕت کرد، ئەوەیان خراپترە لەوەی من"
"من هەڵەم کرد باجەکەیم دا"
دایکی کلیڤ کووپێك چای هێنا بۆ دۆن وتی "هەردووکتان بوەستن"ئەمانە هەموو لەبەر ١٠ پاوەن، لەوانەیە من هەڵەم کردبێت، لەوانەیە من پارەکەم ون کردبێت"
دۆن
ڕووی وەرگێڕاو چووە بەردەرگاکەو وتی"من دەچم خۆم دەشۆم دوای بەنیازم بۆ ماوەی کاتژمێرێك بچمە دەرەوە، بەلاّم وا نەزانیت ئەمەم بیر دەچێتەوە"



دەرگاکە داخرا، ئینجا کلیڤ سەیری دەموچاوی دایکی کرد وتی"ببوورە دایکە"
"وەرە لێرە دانیشە، کلیڤ ئەوەیان دواجار بوو، جارێکی تر یارمەتیت نادەم، دۆن دەیویست تەلەفون بۆ پۆلیس بکات، من نەمهێشت، تۆ لەوە دەگەیت؟ "
کلیڤ تێگەشت کە دایکە تووڕە بووە، دڵی گوشرا
دایکی وتی"هەندێك جار تۆ گەمژەیت کلیڤ، بەرێگایەکدا دەڕۆیت چاوت داخراوە"

## بەشی دووەم

دەی دەویست بۆ حەوت کە کلیڤ لە باری "لۆرد هاری "بوو لەگەڵ تیری بەلاّم هیچ قسەی نەدەکرد، ئەیویست بیر بکاتەوە "کەواتە دایکی ئەم بە گەمژە دەزانێت"

باشە دایکی دەیەوێت ئەم چی بکات، کتێب بنووسێ، فڕۆکە لێبخوڕێت لە تەلەفزیۆن بەرنامەی هەبێت.... "

مارلین وپاولا هاتن لەگەڵ تیری و کلیڤ دانیشتن دووکچەکە نە خەندە کەوتە سەر لێوانیان نە قسەیەکیان کرد. کاتێك هەموویان چوونە دەرەوەتاریك بوو، بەلاّم گڵۆپی دووکانەکان داگیرسابوون، پاسیش هاتووچۆی بوو، تیری باسی ئەو، کەەسانەی دەکرد کە لە ئیشەکەیدا دەیانبینێ، چونکە تیری ئیشی دەکرد، کلیڤ گوێی نەدەگرت، هەرچواریان چوونە ڕێستۆرانتێکی هەرزان، پێش ئەوەی بچنە ژوورەوە کلیڤ ئاوڕێکی بۆ ئەوبەری شەقامەکە دایەوە، ئوتومبێلیکی پۆلیسی لێ بوو، لەوانەیەهەمان ئوتومبێلەکەی ئەو ڕۆژە بێت، بەلاّم دەموچاوی دووپیاوی ناو ئوتومبێلەکەی نەبینی.

لەسەر مێزەکە دانیشتن چاوەڕێی خواردن بوو، هیچیان قسەیان نەدەکرد، ئینجا کلیڤ باسی ١٠ پاوەنەکەی بۆ کردن.

تیری وتی"تۆ زۆر زیرەك نیت کلیڤ، من وام دەزانی دایکت هاوڕێتە ئەمە باش نییە بۆ تۆ"

پاولا وتی"بۆچی بردت، بۆچی پرست پێنەکرد، ئەو دەزانێت کە تۆ پارەت زۆر پێنییە".

کلیڤ وتی "نا، ئەو هیچم ناداتێ، دەترسێت لە باوە پیارەکەم".

کلیڤ دەیزانی کە دایکی لە دۆن ناترسێت، خواردنەکە گەشت و لە قسەکردن وەستان، کلیڤ سەیری هەرسێکیانی کرد"پاولا، مارلین، تیری.... "چاکەتەکانیان، گڕیان سەروسیمایان....... لەدڵی خۆیدا وتی"بۆچی من قەت هەستم بەمانە نەکردووە لەمەوپێش، ئەوان واهەست دەکەن جیاوازن، سەرنج ڕاکێشن، نائاسایین، بەلاّم لە ڕاستیدا گەمژەن ئەم وشەیە بۆ ئەمانیش شیاوە وەك بۆ من: دایکم ڕاستی کرد".



پاولا ویستی شتێك بڵێت بەلاّم کلیڤ نەیهێشت وتی"هەمووتان بێدەنگ بن، ١٠پاوەنەکەی دایکی دەرهێنا لەسەر مێزەکە داینا، تیری تۆ پارەی خواردنەکەبدەو من لە دەرەوە چاوەڕێت دەکەم، خێراکە".

کلیڤ خێرا بەرەو دەرگاکە ڕۆیشت و هەستی بەتووڕەیی دەکرد دەیویست لەکەسێك بدات، لەدەرەوە بایەکی سارد هەڵیکرد، کاتێك ئەوان هاتنە دەرەوە پاڵێکی بە پاولاو مارلین وەنا بۆ ژێر چەتری پاسەکە، لەوێ جێیهێشتن، تیری ڕاکێشا لەگەڵ خۆی بردی و دوورکەوتنەوە.

تیری پرسی "پیلانەکەت چییە تۆ دەتەوێ چیبکەیت؟ "

"من بیر دەکەمەوە".

"ئەم ئێوارەیە بۆ وا شێواویت"؟

"کلیڤ ویستی پێبڵێت بۆ، بەلاّم، چۆن، هەستی کرد کە لە شتێکی گرنگ تێگەشتووە، بۆ ماوەی چرکەیەك هەموو شتێکی بینی، بەلاّم، دوور تێگەشت کە ئەو هیچ کەس نییە، لە پڕێکدا هەستی کرد زۆر بچووکە، بەلاّم نەیدەزانی چۆن ئەو هەستە دەربڕێت بە وشە، تیری هیچ بەلایەوە گرنگ نەبوو، بۆیە کلیگ وتی"تۆ براکانی بەترفیلد_ی دەزانی لە کوێیە؟ "

تیری وتی "بەڵێ کارگە کۆنەکە لە سووچی ئەم ڕێگایەدایە"

"من و تۆ، من و تۆ دەچین و ئەوە دەکەین!"

"تۆ باسی چی دەکەیت، چی دەکەین لەوێ".

کلیڤ وتی"من نازانم، زۆر شت، کاتی چووین بۆ ئەوی دەیبینین".

"چی، بچینە ئەوێ و شت بەرین".

"کوڕێکی زیرەکیت، بابڕۆین، کاتمان زۆر نییە".

تیری وتی"بەلاّم لەوانەیە سەگ، یان پاسەوان یان هەر شتێکی لێ دەبێت".

"نا لەوێ هیچ شتێکی لێنییە، ئەوە شوێنێکی کۆنە، کەسی لێ نییە بە ئاسانی دەتوانین بچین".

کلیڤ چی وت سەبارەت بە کارگەکە ڕاست دەرچوو، کلیڤ و تیری چوونەناو کارگەکەوە سەیری چواردەوری خۆیان کرد، هیچی لێنەبوو، جگە لە قالدرمەیەك کە بە (١٤) پلیکانە دەچۆوە سەرەوە بۆ نهۆمی دووەم، سەرکەتن بەسەرییدا، بەلاّم گوێیان لە دەنگێك بوو تیری وتی "خێراکە، با بڕۆینە دەرەوە لێرە".

لە پڕێکدا پیاوێك پەیدا بوو کە بە دوایاندا ڕایکرد، پیاوەکە لە دەوروبەری ٥٠ ساڵ ئەبوو سمێڵی هەبوو پێش ئەوەی کلیڤ تیری لە قالدرمەکان بێنە خوارەوە، پیاوەکە چاکەتەکەی کلیڤی گرت، کلیڤ ویستی خۆی لە دەستی ڕابپسکێنێت، نەیدەویست لێی بدات، نەپاڵی پێوەنا، نە هیچ، تەنها ویستی خۆی ڕزگار بکات بەلاّم پیاوەکە لە قالدرمەکان کەوتنە خوارەوە بۆ سەر زەویەکە، کلیڤ قەت دەنگی ئەو کەوتنەی بیرناچێتەوە.

تەنها دەیوست ڕابکات لەو شوێنە نەمێنێت، بە خێرایی بەرەو دەرگاکە ڕۆیشت و کردیەوە، تیری لە بارەی پیاوەکە شتێکی وت، بەلاّم کلیڤ گوێی لێنەگرت دەرگاکەی کردەوە و ڕایکرد.



## بەشی سێیەم

"چۆنی کلیڤ، ئەها یەکتریمان بینییەوە، زۆر زووتر لەوەی کە بیرم لێ دەکردەوە پیاوە درێژەکە بوو سەیری کاتژمێرەکەی کرد، وتی، "تەنها دوای ٥ کاتژمێر پاش دوا یەکتر بینینمان."

کلیڤ و تیری لە ژوورێکی پۆلیسخانە بوون، پۆلیسەکە هەندێك کاغەزی دەرهێنا لەسەر مێزەکە دەستی کرد بە خوێندنەوەی، "بەڵی.. تێگەشتم.... بەڵی" بە دەنگی نزم وتی "ئوە من ناوم پارنیل عەریف پارنیل ئێستا کلیڤ "ئێستا پاسەوانەکە چاکەتەکەمی گرت من پاڵم پێوەنا ئەم هاواری کردو کەوت"ئەمە قسەکانی تۆ بوو کلیڤ بەلاّم ئەوە هەمووی بوو ئایا تۆ لێت دا یان هەرشتێکی دیکە"

کلیڤ وتی "نا ئەو کەوتە خوارێ، ئەوە هەموو بەزمەکە بوو".

پارنیل وتی"ڕاستە تا ڕادەیەك هاوڕیانە دەدوا".

"ئێستا کوڕینە ئەمە یەکەمجارە، ئێوە دەزانن، یەکەم جارە کێشەتان هەبێت لەگەڵ پۆلیس".

کاتێ کلیڤ لەبارەی شەڕەکەی شەوی شەمە لەلادێکە قسەی بۆ کرد، پارنیل بە مەراق بوو، کلیڤ وتی"بەلاّم هەڵەی من نەبوو، من دەستم پێنەکرد، لەکەسیشم نەداو تەنانەت پۆلیسیش نەیگرتم".

لە پڕێکدا پارنیل بە بێباکیەوە وتی"ئوە.... باشە پرسیاری دواتر، دادگا دەیەوێت بزانێت لەبارەی ماڵەکانتانەوە، هەر شتێکی سەرنج ڕاکێش دەزانن، نەبوونی باوك، شەڕی خێزانی، هەموو ئەو شتانە یارمەتیتان دەدات لە دادگا".

کلیڤ وتی"باشە، باوکم حەوت ساڵ لەمەو پێش دایکمی جێهێشتووە. دایکم ئێستا لەگەڵ پیاوێکی تردا دەژی مستەر ماکلنتیری".

"ئەی سەبارەت بە مستەر ماکلتیری قسەم بۆ بکە کلیڤ".

کلیڤ پێی وت سێ مانگ لە زینداندا بووە

"بەڵی" پارنیل بە مەراقەوە وتی "ئێستا شتێك هەیە بینووسین، ئەمەی نووسی، سێ مانگ کێشەی خێزانداری'ئەی سەبارەت بە تۆ تیری؟ "

تیری وتی "هیچ شتێك"

پارنیل به وردی سەیری هەردوو کوڕەکەی کرد زەردەخەنەیەك گرتی چاوی نیوە داخراو بوو "بۆچی ئەمەتان کرد کوڕینە ؟ هیچ شتێکی سەرنج ڕاکێش و گرنگ لە کارگەکەیا نەبوو"

کلیڤ وتی"بۆ پێکەنین"

تیری وتی "ئەوەیان ڕاستە، بەلاّم ئێستا دەزانین کە ئەوەیان هەڵە بوو"

پارنیل لە ژوورەکەدا دەهات و دەچوو، کلیڤ جگەرەیەکی داگیرساند.

تێری پرسی "ئێمە چیمان بەسەردێت؟ "

"ئوه..، بابزانین، سبەینێ دەتانێرنەوە بۆ ماڵەوە بۆ ماوەی هەفتەیەك یان دووان، ئینجا دەچن بۆ دادگا، ١٠٠ یان ٢٠٠ پاوەن دەدەن، هەموو کەس ڕووداوەکە لە بیر دەکات، بەلاّم من جیاواز دەیبینم، پارنیل هاتە پێشەوە چاوەکانی پڕبوو لە تووڕەیی و دڵڕەقی وتی "هەستەکەم زیندان شوێنیکە بۆ ئێوە، پێنج ساڵ لە زیندان بۆ ئەوەی هەرجارێکی تر ویستتان پێبکەنن بیرتان کەوێتەوە"

دەستی پارنیل خێرا دەجوولاّ جگەرەکە لە نێوان لێوەکانی کلیڤ_دا کەوتە خوارەوە بۆ سەر زەوییەکە، کلیڤ دەیویست ترسەکەی بشارێتەوە "ئێمە نابێت بچینە زیندانەوە، چونکە خوار تەمەنی هەژدەین"کلیڤ ئەمەی وت ئەیوست پێبکەنێت.

پارنیل وتی "دەمت داخە، گوێ لەمن بگرە، زۆر کەس هەن بەزەییان بە تۆدا دێتەوە، نایانەوێت تۆ سزا بدرێیت، بەلاّم من یەکێك نیم لەوانە، بەزەیم بە تۆدا نایەتەوە، دەمەوێت سزات بدەم، تۆ باش نیت، هیچتان باش نین، کەسیش ئەوەی پێنەوتوون، تەنها من، هیچ کەس لەم ڕۆژەدا نایەوێت لەبارەی ڕاستی و هەڵەو خراپە شت ببیستێت، بەلاّم ئەمەیان تەنها یەکمجارتانە، دوبارەو سێ بارەی دەکەنەوە، ئەو کاتە دەتان گرینەوە هەموو ئەو کەسە گەلحۆیانە تێدەگەن کە هەڵە بوون، ئەو کاتە دەچنە زیندانەوە، هەرچەندە یاری و، تەلەفزیۆن و هەموو ئەو شتانەی لێیە، هەر زیندانەو خۆش نابێت.

پارنیل دەرگاکەی کردەوەو لەگەڵ ژنە پۆلیسێك قسەی کرد لە دەرەوەکاتێك گەڕایەوە بۆ ژوورەوە وتی"بیستوومە کە پاسەوانەکە، لەنەخۆشخانەیە ئەمشەو،



لەوانەیە تەنها قاچی یان پشتی ئازاری بووبێت، لەوانەشە شتێکی خراپی بێت، بەلاّم ئەمەیان گرنگ نییە بۆ ئێوە، ئێوە پێکەنین و خۆشی خۆتا هەبوو.

ئێوارەی داهاتوو لە ژوورەکەی خۆیدا، کلیڤ لە خەو هەستا کاتێك گۆیی لە باوە پیارەکەی بوو هاتە ژوورەوە، چووە خوارەوە دایکی و دۆن بینی لە مووبەقەکە بوون، دانیشت و دۆن وتی "یەکەم شت من هەست دەکەم، حاڵی پاسەوانێکەیە، ڕاستە کلیڤ، ها؟ "

کلیڤ بە خێرایی وتی"بەڵێ".

"باشە ئێستا حاڵی چۆنە؟ دەزانیت؟ دواجار کەی بوو تەلەفونت کرد بۆ نەخۆشخانە".

"کاتژمێریك... کاتژمێرونیویك لەمەوپێش".

"بڕۆ دەرەوە جارێکی تر تەلەفونیان بۆ بکە دەی".

کلیڤ چووە دەرەوەو تەلەفونی کرد بۆ نەخۆشخانەکە، دەترسا، بەلاّم نەیئەزانی بۆ، ژنێك وەلاّمی یایەوە پێی وت":

"مستەر هاریس باش نییە، بەلاّم خراپتریش نەبووە".

"کاتی کلیڤ گەڕایەوە بۆ مووبەقەکە، دۆن بە تووڕەیەوە وتی"هێشتا نەمردووە، پەشیمان نیت؟ "

"پەشیمانم دۆن"

"بەڵێ دەبینم، پەشیمانی چونکە تۆیان گرت، چیت دەویست لەو کارگەیە؟ "

"تەنها دە پاوەن، بۆ ئەوەی بیدەمەوە بە دایکم".

دایکی پرسی"تۆ بە من دەڵێیت ئەمەت کرد تەنها لەبەر ئەوەی پارەکە بگەڕێنیتەوە بۆ من".

کاتێ کلیڤ بە بەڵێ وەلاّمی دایەوە، دایکی هەستایە سەرپێ بۆ ئەوەی و هەندێك "چا" لێبنێت.

دۆن بە پێکەنینەوە وتی"تێگەشتم، تۆ وادەزانی کە دوو هەڵە، ڕاستیەك دروست دەکات؟ باشە پێویستە بچیت بۆ لایمستەر فۆستەر، قەشەکە، ئەو لەو شتانە زیاتر تێدەگات، بە بەراورد لەگەڵ مندا.. "

ئەم بەیانییە، ئەو هەندێك پارەی داوە بە تۆ بۆ ئەوەی بگەڕێیتەوە بۆ ماڵەوە، نازانم بۆچی، لەبەر ئەوە بچۆ سوپاسی بکە"

کاتێك دۆن مووبەقەکەی بەجێهێشت دایکی کلیف زۆر بە ساردییەوە بە کلیف وت"ئەم چیرۆکە دروست مەکە، لە پێناوی ئەوەی قەرزەکە بە من بدەیتەوە، کلیف من نازانم بۆ وات کردووە، لەوانەیە تەنها بۆ خۆشی بوویێت، چونکە تۆ بیر ناکەیتەوە وەك هەمیشە، تۆ تۆ... گێلیت"



## بەشی چوارەم

کلیف هەستی کرد باشترە، کاتێك لە ماڵەکە چووە دەرەوە. لەوبەری ڕێگاکەوە کڵێسایەك هەبوو، کلیف پاڵی بە دەرگاکەوە ناو کرایەوە، چووە ژوورەوە، رووناك بوو، خەڵکی لێبوو خۆیان ئامادە دەکرد بۆ شتێك، کەسێك کلف بانگ کرد:"چۆنی تۆ دەتەوێت یارمەتیم بدەیت"

کلیف ئاوڕی دایەوە، پیاوێکی درێژ، لە نزیکەی ٣٠ساڵ تەمەنی بوو، بە زەردەخەنەیەکی دۆستانەوە بەرەو رووی دەهات، پیاوەکە وتی"تۆ منت دەویست ؟ من رۆبن فۆستەرم، من تۆ دەناسم، تۆ کلیف راینەری، ئەم بەیانییە لە دادگاکە تۆم بینی" تەوقەی لەگەڵ کلیف کرد "خۆشحاڵم بە بینینت، دەبا دانیشین"

کلیف وتی"من دەمەوێت سوپاست بکەم، کە ئەم پارەیەت بۆ داوم".

قەشەکە وتی"لەبیری کە ئەوەیان ئەرکی منە، لەکاتی لە کاتی کێشەدا یارمەتی خەڵکی دەدەم، تۆش کێشەت هەبوو کلیف"

کلیف وتی "بەڵێ دەزانم"

فۆستەر سەیری کاتژمێرەکەی کرد"یەکێك دەیەوێت قسەت لەگەڵدا بکات"

"ئوە..... کێ"

فۆستەر وتی"یەزدان خۆی"

قەشەکە دووچاوی گەورەو شینی پێوەبوو، بەڵام، بەر لەوەی کاتی زیاتری هەبێت و شتێکی تر بڵێت، پیاوێکی گەنج بە قژێکی درێژەوە هات دەیویست قسەی لەگەڵدا بکات، ئەو کاتەی پیاوەکە ئەو شوێنەی جێهێشت فۆستەر وتی"ببوورە"

کلیف وتی" چی روودەدات لێرە؟ "

"ئێمە نمایشێکمان هەیە، بۆ خەڵکی گەنج، لەتەك گۆرانی وسەماکردندا، کڵێسا شوێنیکە بۆ خەڵك کلیف، ئەو خەڵکە هەمان ئەو پێویستیانەیان نییە کە سەد ساڵ لەمەو پێش هەیانبووە"

کلیف پرسی"تۆ پێش ئیستا چیت وت لەبارەی یەزدانەوە؟ "

"ئەها.... بەڵێ، ئیستا یەزدان دەیەوێت تۆ...... "

لەپڕ دەنگێك هات و فۆستەر كلیڤ برد بۆ ژوورێكی بچووك كە مێزێك و هەندێك كورسی تێدابوو، دەستی بە قسەكردن كردەوە"تۆ هاتوویت بۆ ئێرە، بەهۆی باوە پیارەكەتەوە، ڕاستە؟ ئەو تا ڕادەیەك پیاوێكی قورسە، مستەر ماكلنتری هەمیشە وادەزانی، كە باشترین لای ئەوەو لەبارەی ڕاستی و هەڵەوە قسە دەكات... وایە؟ "

كلیڤ وتی "ڕاستە، ئەوە خۆیەتی".

بۆ ماوەی خولەكێك هەردووكیان پێكەنین، ئینجا فۆستەر وتی"ئێستا كلیڤ تۆو هاوڕێكەت تێری چوون بۆ كارگەكە، پاسەوانەكە، كەوتە دواتان و تۆش خستت بەزەویدا؟ بێ بیركردنەوە، تۆ نەتویست بكەوێت، ئەم ڕووداوە ڕێكەوت بوو.... وایە؟"

كلیڤ وتی "بەڵێ، بەڵام من... "

فۆستەر تێهەڵچووە و وتی"تۆ بە نیازی، باجی ئەوە بدەیت، ئێستا لە ناوەوە دڵت خۆش نییە هەست بە خراپی دەكەیت، ئەوەش دەزانیت كەبەد ڕەفتار بوویت، هەروەها تۆ پەشیمانیت، لەبەر ئەوە یەزدان تۆ دەبەخشێت، پێویستە ئەو هەستە خراپەت نەمێنێت، ئەوە كێشەی تۆیە"

كلیڤ وتی"كێشەی من؟ بەڵام من وامزانی... "

"پێویست ناكات، گوێ لە باوەپیارەكەت بگریت، ئەو دەیەوێت هەستێكی خراپت بداتێ، بەڵام یەزدان ئەوەی ناوێت، یەزدان ڕووناكی و خۆشەویستییە.... "

كلیڤ وتی"تەنها شتێك هەیە، كە مەرجە بیزانیت، من ئازاری پاسەوانەكەم نەدا، من دەمویست لەخۆمی دوور بخەمەوە، ئەو كەوتە سەر زەوی، دەشزانم ئەوە گرنگ نییە بەڵام.... "

"ئوو... دەزانم، ئەوە گرنگە بۆ دادگا"

"نا من لە بارەی دادگاوە قسە ناكەم، من ئازاریم نەدا، بەڵام ئەمە گرنگ نییە، گوناهی من بوو پاسەوانەكە كەوت، من هۆی ئەو ڕووداوە بووم، لێم تێدەگەیت... ".

دەنگی خەڵك لە دەرەوە دەگەیشتە گوێیان، فۆستەر سەیرێكی كاتژمێرەكەی كرد وتی"ئوه، بیرم چوو كلیڤ، تۆ هەڵەت كرد، تۆ زۆر پەشیمانیت، خوا تۆی بە خشیوە، ئەوە هەموو چیرۆكەكەیە"..

كلیڤ هەستایە سەرپێ و سوپاسی قەشەكە كرد، ئینجا بە هێواشی گەڕایەوە بەرەو دەرگای كڵێسەكە"



## بەشی پێنجەم

دوای نیوەڕۆی ڕۆژی دواتر، توێژەرەوەی كۆمەڵایەتی خاتوو ئادمس ناوێك هات بۆ ماڵیان و دەیویست لەگەڵ كلیڤ و باوە پیارەكەی قسە بكات، هەموویان لە مووبەقەكە دانیشتن، دۆن كەوتە قسە كردن بۆ ئادمس، سەبارەت بە ڕاست و هەڵە، كلیڤ سەیری كرد زانی ئەم لە تەمەنی، قەشەكەدا بوو زۆر جوان نەبوو، بەڵام دەموچاوێكی ڕێك وپێكی هەبوو، زۆریش لێو بە خەندە نەبوو.

خاتوو ئادمس وتی "من تێدەگەم لەتۆ بەباشی مستەر ماكلنتری، بەڵام پێویست ناكات هەمووشت بە ڕەش و سپی ببینین"

دایكی كلیڤ وتی"با گوێ لە خاتوو ئادمس بگرین".

بەڵام دۆن نەیویست بێدەنگ بێت وتی"ئەم خانمە بە نیازە، بڵێت تەنها گەنجێكەو هەڵەی كردووە، پێویستە لەوە تێبگەین، باشە من نامەوێت گوێم لەوە بێت. "

"دۆن خۆت توورە مەكە خاتوو ئادمس بۆ یارمەتی ئێمە لێرەیە، با ئێمە بە جێیان بهێڵین، قسە لەگەڵ كلیڤ بكات. "

كاتێك دایكی كلیڤ و باوە پیارەكەی چوونە دەرەوە، توێژەرە كۆمەڵایەتییەكە هاوڕێیانەتر مامەڵەی دەكرد بە كلیڤ_ی وت "جگەرە دەكێشیت؟ "

كلیڤ جگەرەیەكی لێ وەرگرت وسوپاسی كرد.

"كلیڤ پێش ئەوەی بچیت بۆ دادگا، پێویستە من لە بارەی ماڵەكەتان و خێزانەكەت و خۆتەوە ئاگادار بم. "

كلیڤ وتی "ئەم هەموو شتانە بۆ دەكەیت؟ "

"ئەمە یارمەتی تۆ دەدات لە دادگا، كاتێك كەسێك نەخۆش بێت، یاخود كێشەیەكی هەبێت، دادگا ئەو شتانە لەبەر چاو دەگرێت، بۆ نموونە باوە پیارەكەی تۆ، هەڵسوكەوت كردن لەگەڵیدا گرانە.. وایە؟ "

كلیڤ وتی "نا".

"ئەمە شتێکە لەوانەیە یارمەتیت بدات، ڕۆژێك زیاتر لە بارەی ئەم شتانەوە قسە دەکەین، ئەی لەبارەی باوکت؟ باوە پیارەکەت نالێم".

"ئێمەی جێهیشت و چووە لای ژنێکی تر. "

"تۆ جار جار دەیبینیت"

"دەمبینی، بەلاّم ڕۆیشتن بۆ کەنەدا، دووساڵ لەم و پێش".

خاتوو ئادمس لە دەفتەرە بچووکەکیدا شتێکی نووسی "پێم بڵێ کلیف، تۆ بیرت لە چی دەکردەوە کە چووی بۆ کارگەکە؟ "

"هیچ شتێك، من خەمگین بووم، دۆن، دۆن باوە پیارەکەم لە من تووڕە بوو چونکە... "

کلیف وەستا ئینجا وتی "چونکە ١٠پاوەنم لە جانتاکەی دایکم بردبوو".

خاتوو ئادمس شتێکی باسکرد سەبارەت بە"شتی ئاساییەوە"ئینجا وتی "ڕاستە با قسە لەسەر ئەو کاتە بکەین کە بچووك بوویت"

کلیف تێنەگەیشت "لەبارەی چییەوە ؟ ئەی لەبارەی پارەکە؟ تۆ دەتەوێت لەو بارەیەوە بزانیت یان نا؟ "

"ئەوە گرنگ نییە، گرنگترین شت ئێستا چۆن هەست دەکەیت کلیف؟ "

"ئوه.. نازانم، خراپ، خەمگین... "

خاتوو ئادمس وتی "تاوانبار؟ "

"ئا تاوانبار، ئەوە ڕاستە، بۆ نا، من تاوانبارم."

"نا، تۆ تاوانبار نیت کلیف. "

"چی؟ بەلاّم، دەیانەوێت من لە دادگا بڵێم تاوانبارم".

"ئەوە، هەمان ئەو شتە نییە کە تۆ دەیدرکێنیت."

"ئەوە نییە!؟ بەلاّم، من ئەوەم کردووە، من دەڵێم ئەوەم کردووە، ئەوانیش ئەوە دەزانن، لەوە زیاتر چیت دەوێ."

"کلیف بە یارمەتیت، ئەمانە هەمووی یاریکردنە بە وشەکان، گرنگ نییە"

"باشە من تێناگەم... !!"



کلیف هەستی بە تووڕەیی و شەکەتی کرد.

کچەکە وتی"تۆ کلیف ڕاینەری، تۆ تاوانبارنیت لەبەرامبەر هیچ شتێکدا، کۆمەڵگا تاوانبارە، ئێمە هەموو تاوانبارین"

"کلیف بۆ ماوەی چەند خولەکێك بیری لەم قسەیە کردەوە و هەستی بە تووڕەیی زیاتر کرد، دەیویست لە کەسێك بدات"

"تۆ هەست کردووە کەس بایەخی بە تۆ نادات، بۆیە ئەمەت کردووە، تۆ پێویستت بە یارمەتی هەبوو، بەلاّم تەنها کێشەیەك لە ئارادا هەیە. مستەر هاریس.... "

"چی بووە، پاسەوانەکە؟ تۆ هیچ دەزانیت؟ "

کلیف لە ناکاو ترسێك دایگرت

"باشە، دادگا نازانێت، بەلاّم لەوانەیە قەت نەتوانێت بڕوات"

دەست و قاچی کلیف سارد سارد بوون "کەی ئەوەت زانی؟ "

"تۆ پێویست ناکات هەست بە تاوان بکەیت کلیف، ئەوە ڕووداوێك بوو، تۆ نەتویستووە ئەمەیان ڕووبدات، بەلاّم با ئەوە لە بیرخۆمان بەرینەوە، من دەمەوێت سەبارەت بە شتێکی دیکە قسەم بۆ بکەیت.

کلیف چیتر گوێی لێنەگرت.

## بەشی شەشەم

ڕۆژێك دواتر، کلیڤ لە سوپەرمارکێتێکدا ئیشێکی دۆزییەوە، دەیویست خاتوو ئادمس پاسەوانەکە لەبیر خۆی بەرێتەوە بۆ ئەم مەبەستە، ئیشەکە یارمەتیدەر بوو.

ئێوارەکەی لەگەڵ پاولا_دا لە ڕێستۆرانتی (پارادی)دانیشتن، پاولا زۆری پرسیار لێکرد ئەویش تووڕە بوو.

پاولا وتی"دەزانم، هەفتەی داهاتوو دەچیت بۆ دادگا، بەلاَم پێویست ناکات بە رق و تووڕەیی مامەڵەی من بکەیت. "

کلیڤ وتی "من لە دادگا ناترسم، هیچی خراپ ڕوونادات، پارێزەرەکان دڵنیایان کردوم."

"باشە بۆچی تووڕەیت لە من؟ "

خۆشبختانە تیری و مارلین لەو کاتەدا هاتنە لایان.

تیری پاش ماوەیەك وتی"چی ڕوویداوە؟ "

پاولا وتی "لە تاو دادگاکەی.... "

کلیڤ بە خێرایی وتی "من لە دادگا ناترسم، پاسەوانەکە.... هاریس"

تیری وتی "ئەها بیستومە، بەختێکی خراپی هەبوو. "

مارلین وتی"هەندێك پارەی دەست دەکەوێت، دەزانیت پارەی دەدەنێ؟ "

کلیڤ وتی"ئوو... باشە وەك دوو قاچی تازەیە.. باشە"

پاولا وتی "ئەی بۆ ناچیت بۆ لای ببیبنیت؟ "

"ناتوانم، پارێزەرەکان پێیان وتم، پێویست ناکات، ئێستا بچم. "

خواردنەکە هات، دەستیان کرد بە قسە کردن لە بارەی شتی ترەوە.

لە دوانیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە، ڕۆژێك پێش دادگایی کردنەکە، کلیڤ جارێکی تر چاوی بە پارنیل کەوتەوە، بە ڕێگاکەوە بوو، هەمان ڕێگەی جاری پێشووتر، لە تەنیشت کلیڤەوە، پارنیل ئوتومبێلەکەی وەستاند، پەنجەرەکەی کردەوە وتی "چۆنی کلیڤ، ئامادەی بۆ ڕۆژێکی گەورە؟، من تاڕادەیەك پێم ناخۆش بوو کە هەستم دەکرد هەموو کەس دەیەوێت یارمەتیت بدات، دوایی چاوم بە کەسێك کەوت ژنی پاسەوانەکە، ئێستا دڵخۆشم، چونکە ئەو تۆی خۆش ناوێت"



کلیڤ پرسی "ژنەکە دەتوانێت چیبکات؟ "

"خۆی و مێردەکەی، دەتوانن قسە لەگەڵ پارێزەرەکان بکەن، پارێزەرەکانیش بە دادگا بڵێن سەبارەت بە کێشەکەی مستەر هاریس_ەوە، کە لە نەخۆشخانە کەوتووە، دەتوانن بڵێن کە ئەمانە هەمووی بە هۆی تۆوە ڕوویداوە، لەوانەیە دادگا بیەوێت تۆ سزا بدات. "

"من سزا بدات ؟ چۆن؟ "

پارنیل بە تووڕەیەوە سەیری کلیڤی کلرد "تەنها ئەوەت لا گرنگە؟ چۆن؟ بە بەندیخانە سزات دەدات، شەش مانگ یان لەوانەیە ساڵێك"

کلیڤ وتی "بەلاَم، من زۆر منداڵترم لەوەی بچمە بەندیخانەوە"

پارنیل بە پێکەنینەوە وتی"ئێستا ناوێکی تازەیان لێناوە، چونکە کەس حەز بە ناوی (بەندیخانە)ناکات، خەڵك حەز دەکات وا بزانێت ئەو شوێنە لە بەندیخانە خۆشترە، بەلاَم، ڕاست نییە، من دەتوانم دڵنیات بکەم، باشە ئێستا دەچیتەوەماڵەوە؟ "

ئوتومبێلی پۆلیسەکە دوور کەوتەوە.

دادگا وەك ئەوە نەبوو کەلە تەلەفزیۆندا دەردەکەوێت، کلیڤ لە زۆربەی شتەکان تێنەدەگەیشت، خاتوو ئادمس ڕاستی کرد دادگا نەیانارد بۆ بەندیخانە، بەلاَم پارێزەرەکانی کلیڤ باسی شتێکیان دەکرد، لەبارەی (١٠٠) پاوەنەکەوە بوو، ژنی پاسەوانەکە لەوێ نەبوو..... لە پڕکدا تەواو بوو هەموو خەڵکەکە دەستیان کرد بە پێکەنین و قسەکردن، دایکی کلیڤ دەگریا.

کلیڤ وتیری لە خۆشیانا سەمەیان دەکرد، کلیڤ پارنیل_ی بینی، چوو بۆ لای قسەی لەگەڵ کرد "ئەو خانمە، ژنی پاسەوانەکە، چی ڕوویدا؟ خۆ دەیویست من بچمە بەندیخانە وەك تۆ حەز دەکەی"

"ئوو لەوانەیە کەسێك قسەی بۆ کردبێت، وای لێ کردبێت بە جۆرێکی جیاواز بیربکاتەوە، هەمیشە ئەوە ڕوودەدات. "

"کلیڤ پرسی "کێ قسەی بۆ کردووە؟ "

"ئێمە قەت ئەوە نازانین، بۆ تۆ گرنگە بزانیت، چونکە یارمەتی تۆی داوە. "

کلیڤ وتی"دوێنی کە لە ڕێگاکە منت وەستاند ئەمەت دەزانی؟ "

پارنیل وتی"بەڵێ، دەمزانی، بەلاّم دەمویست تۆ بترسیت، دەمویست سزات بدەم، یەکەم لەبەر ئەوەی هەڵەت کردووە، دووەم بۆ ئەوەی خۆم هەست بە باشی بکەم، سێیەم چونکە یارمەتی تۆ دەدات. "

پۆلیسەکە بەرەو دەرگاکە ڕۆیشت و چووە دەرەوە، کلیف گەڕایەوە بۆ لای خێزانەکەی و هاوڕێکانی، سوپاسی خاتوو ئادمس کرد.

دۆن چاکەت و پانتۆڵێکی تۆخی لەبەر بوو، ئاوڕیدایەوە بۆ خاتوو ئادمس وتی "منیش سوپاست دەکردی، خاتوو ئادمس، بەلاّم ئەم شتە کۆتایی نەهاتووە، دەزانیت پیاوێك لە نەخۆشخانەیە، بەهۆی ئەم کوڕەوە، هەڵەی کردووە، هەروەها...... "

کەس گوێی لێنەگرت بۆیە دۆن بێدەنگ بوو.



## بەشی حەوتەم:

کاتێك کلیف چوو بۆ نەخۆشخان، پاسەوانەکە لە ژوورەکەی خۆی نەبوو، بەلاّم ژنەکەی لەوێ بوو، هەر کلیف بینی وتی "من دەزانم، تۆ کێیت، هەروەها، دەشزانم چیت کردووە، من دەمویست بچیت بۆ بەندیخانە، بەلاّم، پارێزەرەکەت قسەکەرێکی باش بوو، وتی پێویست ناکات لەبارەی ئەم ڕووداوەوە لە دادگا قسەبکەین، چونکە ئەگەر هیچ نەڵێین پارەی زیاترمان دەدەنێ، ئەمە چیرۆکەکە بوو. "

کلیف هیچ تێنەگەیشت، بەلاّم دەیزانی کە خانمەکە زۆر تووڕەیە.

"من دەمویست تۆ باجی ئەم هەڵەیەت لە بەندیخانە بدەیت دەموچاوی خانمەکە تێك چووبوو، ڕوویکرد بەو دیوودا وتی "زۆر قورسە بۆ من..... ببوورە"

کلیف هیچی نەوت، پاش خولەکێك پزیشکەکە هاریس_ی هێنایەوە سەر جێگاکەی، کاتێك پزیشکەکە ڕۆیشت هاریس ڕووی وەرگێڕاو سەیری کلیف_ی کرد وتی "چیت دەوێ لێرە؟ "

"ویستم تۆ ببینم؟ "

"باشە، دەتوانی بیبینی"

ژنەکە وتی"لەوانەیە قەت نەتوانێ هەستێتەوە سەرپێ، لەبەر ئەوە ئێستا تۆ دەتوانیت بڕۆیت".

کلیف بە خێرایی وتی"من ویستم بڵێم کە داوای لێبووردن لە ئێوە دەکەم، دەزانم ئەوە زۆر بێ سوودە کە ئێستا بیڵێم، ئێوە لەم نەخۆشخانەیەن بەهۆی منەوە، من دەمەوێت پێتان بڵێم کە ئەوە دەزانم، هەموو کەس بەمنی وت کە ئەوەی ڕوویدا تەنها ڕووداوێك بوو، بەلاّم من دەزانم کە بە هۆی منەوە بوو. "

ژنی پاسەوانەکە وتی"چیت، دەوێت لە ئێمە، دەتەوێت بڵێین کە لێت خۆش بووین، ئەمەت دەوێ؟ "

كليف وتی "نەخێر، ئەوەم ناوێت. "

پاسەوانەکە وتی "دانیشە، سوپاست دەکەم کە بە هۆی تۆوە ناتوانم برۆم، بۆ ماوەیەکی درێژ، لەوانەشە قەت نەتوانم، بەلاّم نابمە پیاوێکی جیاوازو ناکرێ نیگەرانی ئەم ڕووداوەبم و تووڕەبم ساڵ دوای ساڵ"

كليف لە پڕێکدا ترسێك دایگرت کە لەوانەیە پاسەوانەکە لێی خۆشبێت، ئەم ڕووداوە بە هۆی تۆووە ڕوویدا، پاسەوانەکە لەسەری ڕۆیشت و وتی "بەلاّم کەسێك لەسەر ڕێگایەك ڕووداوی تۆش دێت بەهۆی شوفێرکە زۆری خواردۆتەوە ئەوسا..... "

"ئەوسا ئەوەی هەڵەی کردووە تاوانبارە. "

پاسەوانەکە وتی "تۆ بۆچی هەڵچوویت؟ من پێت دەڵێم تووڕەنیم، کەچی تۆ دەست کردووە بە.... "

كليف جارێکی تر وەستاییەوە "من نامەوێت لە خۆم خۆشبم لە بارەی ئەم شتانەوە، هەموو کەس دەڵێت دەبێت لە بیرم بچێتەوە، ئەمە هەڵەو ڕووداوێك بوو. بەلاّم تۆ وامزانی بە ئاسانی لێم خۆش دەبێت، کەچی ئێستا دەزانم تۆش هەمان شتی، ئێوە چیتانە؟ "

هاریس وەستانی "دانیشە، بە هێواشتر قسە بکە"

كليف وتی "ببوورە"ئینجا ئاوڕی دایەوە بۆ خانم هاریس "تۆ دەتویست بچم بۆ بەندیخانە، چی ڕوویدا؟ "

"ئەو پارێزەرە قسەی بۆ کردین، بیریشم کردەوە هەرچەندە کە زۆر ناچم بۆ کڵێسا، بەلاّم دەزانم کە خوا دەیەوێت ئێمە لە خەڵك ببوورین"

خەندەیەکی کورت نیشتە سەر لێوی.

لەو کاتەدا كليف هەستایە سەرپێ و بە تووڕەییەوە وتی "ڕاستە، تۆ دەڵێیت بووراویت، هەموو شتێك باشە؟ "

پاسەوانەکە سەیرێکی کرد وتی "تۆ بە دوای چیدا دەگەڕێیت کوڕم؟ "



كليف دەیویست بە هێواشی قسە بکات "من دەگەڕێم بەدوای کەسێکدا، وەك من بیر لە شتەکان بکاتەوە"

ژنی پاسەوانەکە هەستایە سەرپێ، هاریس بە خێرایی بە كليف ـی وت "تکایە ئێستا بڕۆ."

ژمارەیەك لە خەڵکی لە دەرەوە وەستابوون. كليف بەلایاندا تێپەڕی.

## بەشی هەشتەم:

درەنگی ئەو ئێوارەیە، کلیف لە مووبەقەکە بوو کاتێ دۆن لە مەیخانە گەڕایەوە، دۆن پرسی "دایکت لەسەر جێگاکەیەتی؟ "

کلیف وتی "بەڵێ.... ئینجا وتی ئەم دوای نیوەڕۆیە چووم بۆ نەخۆشخانە، قسەم لەگەڵ پاسەوانەکە کرد"

"ئەی چۆن بوو؟ دەتوانێت جارێکی تر بڕوات؟ "

"کەس نازانێت دۆن"

دۆن بە تووڕەیەوە سەیری کلیفی کرد پێش ئەوەی قسە بکات.

"تێگەیشتم، من و تۆ پێویستە قسە بکەین کوڕم"

لەسەر مێزەکە دانیشتن.

"تۆ گەنجێکی بێ مێشکیت، بە هۆی تۆوە ئەو پیاوە لە نەخۆشخانەیە، ئەمڕۆ لە دادگا بەختت هەبوو هیچی خراپ ڕووینەدا، من بەو ئامانجە دڵخۆش نەبووم، چونکە تۆ هەڵەت کردووە، دەبێت باجەکەی بدەیت، من باجی هەڵەی خۆمم داوە"

کلیف هیچی نەووت.

دۆن وتی "ئەم بەیانییە من و دایکت و خاتوو ئادمس قسەمان کرد، شتێکی سەرنج ڕکێشی وت، من قەت بیرم لێنەکردبۆوە، لەبەر ئەوەی من خۆم لە بەندیخانە بووم، دەمویست تۆش زیندانی بکرێیت، ئەو خانمە ئەم ڕازەی درکاند، لەوانەیە ڕاست بکات، من دەمەوێت سزای تۆ بدەم، چونکە کەسێك سزای منی داوە، ئەمەش هەڵەیە. "

کلیف زانی کە کەس لێی تێنەگەیشتووە، ئەوە باوەپیارەکەی کە پیاوێکی بەهێزە جگە لە قسەکانی لەبارەی ڕاست و هەڵەوە هیچی تر نالێت، وەك خاتوو ئادمس قسە دەکات.

دۆن وتی"کێشەکە لەوە قورسترە کە من بیرم لێکردبۆوە"

کلیف وتی"بەڵێ.... "



دۆن وتی "هەموو کەس تاوانبارە، کۆمەڵگا تاوانبارە، دەزانیت، وابزانم ئەوەشی وت خاتوو ئادمس"

"بەڵی کۆمەڵگا چووە ناو کارگەکەوە، هەروەها کۆمەڵگا ڕایکرد لە دەست پاسەوانەکە، پاسەوانەکە کەوت و پشتی شکا، بەڵی ئەمە ڕاستە دۆن هەموو کەس دەزانێت"

"ئێمە"

"ئەی چی لەبارەی ڕاست و هەڵەوە هەیە؟ لە بیرتە کە پارەکەی دایکم برد؟ "

"پارەکەی بەرەوە کاتێك دەتبێت، ئێمە نامانەوێت لەو بارەیەوە هیچ بڵێت"

"هەستایە سەرپێ و وتی"لەمڕۆ بەدواوە، دەمەوێت بزانیت کە من لێرەم ئامادەم یارمەتیت بدەم"

دەستی بۆ تەوقە بردە پێشی، بەلاّم کلیف تەوقەی لەگەڵ نەکرد، کلیف ئەو شەوە نەخەوت، کاتژمێر چوار هەستا، هیچ شتێك لە تەلەفزیۆن نەبوو، چووە دەرەوە تاریك بوو، کەوتە پیاسە کردن، لە قاوەخانەیەکی شەوانە وەستا کووپی چای خواردەوە، پاش توزێکی تر لە پیاسە کردن، کلیف سەیری کرد نزیکە لە کڵێساکەی فۆستەر، بینی دەرگاکە کراوەتەوە، چووە ژوورەوە، لە پڕێکدا هەموو گڵۆپەکان هەڵبوون، قەشەکە، ڕۆبن فۆستەر، لە ژوورە بچووکەکەی پشتەوە هاتە دەرەوە.

"کلیف چی دەکەیت لێرە؟ من گوێم لە دەنگ بوو"

"نازانم، هاتووم بۆ ئێرەو بە دوای شتێکدا دەگەڕێم، بەلاّم نازانم چییە، هەستم کرد لەوانەیە لێرە بیدۆزمەوە، تۆ چوویت پاسەوانەکە و ژنەکەی ببینی ئەو ڕۆژە، بۆ ئەمەت کرد؟ "

فۆستەر وتی "ئەوە ئەرکی منە، وەك قەشەیەك، ویستم یارمەتیتان بدەم، ئەم ویست چیتر تووڕە نەبن و تۆ ببەخشن"

"تۆ هەستت کرد، تەنها ئەو شتە بۆ من ڕاست و گرنگە؟ "

"تۆ دڵت خۆش نییە کلیف، بۆ؟ پێم بڵێ. "

"من هەوڵمدا پێت بڵێم لەوەو پێش لە بیرتە؟ بەڵام تۆ لەبارەی یەزدان و بەخشینی خەڵکەوە قسەت بۆ کردم، ئاسانترین شت لە دونیادا ماڵئاوا. " ڕۆیشت.

كاتێك كلیف لە كڵێساكە هاتە دەرەوە و بە پیاسە بە درێژایی ڕێگاكە بەرەو ماڵەوە ڕۆیشت، هیچ پلانێكی نەبوو، ئۆتومبێلەكان بە خێرایی بە لایدا تێدەپەڕین، دوای ماوەیەكی كورت، ئۆتومبێلێك لە تەنیشتیەوە وەستا،

پیاوێك هاواری لێكرد "هێی، تۆ لێرە هیچی ناخۆش هەیە؟ "

كلیف بە خێرایی ئاوڕی دایەوە پۆلیس بوو، پیاوێكی كورتی قژ سوور لە تەمەنی ٣٥ ساڵیدا، كلیف نەیدەناسی

"نانا، من باشم زۆر سوپاست دەكەم"

بە گومانەوە سەیری كرد وتی"ئایا دەتەوێت بتبەمەوە بۆ ماڵەوە؟ "

كلیف وتی"نا..... من باشم سوپاس"

پیاوەكە گەڕایەوە ناو ئۆتومبێلەكەی و ئەوشوێنەی جێهێشت، كلیف بەرەو ماڵەوە ڕۆیشتەوە، خۆر خەریك بوو هەڵدەهات بۆ دەست پێكردنەوەی ڕۆژێكی نوێ.



## پیاوە فیلەكە

سەد ساڵ، لەمەو پێش، دنیا زۆر جیاواز بوو، هەژارەكان لە ماڵی سارد وتاریكدا دەژیان، هەرگیز نە دەچوونە لای دكتۆر كاتێك نەخۆش دەبوون، هەروەها ئەگەر هەژارو زۆر زۆر ناشرین بوویتایە.....

ئەمەیان چیرۆكێكە سەبارەت بە پیاوێكی هەژار و ناشرین، كە هیچ كەس خۆشی نەدەویست، هەموو كەس پێی پێدەكەنی دەیانخستە قەفەسەوە وەك گیانەوەرێك لە باخچەی ئاژەڵان.

ڕۆژێك دكتۆرێك بینی و بیركردەوە ئەم پیاوە هەژارە سەرنج ڕاكێشە"دەەوێت لێكۆڵینەوەی لە سەر بكەم" وردە وردە پیاوە فیلەكە بەناوبانگ بوو، هەموو كەس دەیویست چاوی پێبكەوێت، تەنانەت شاژنیش سەردانی كرد.

بەڵام ئایا پیاوە فیلەكە لە ڕاستیدا چۆن بوو؟ بیركردنەوەو هەست كردنی وەك كەسانی دیكە بوو؟ ئایا دڵتەنگ بوو؟ یا پیاوێكی تووڕە؟ قەت توانیوویەتی خەندەیەك بیگرێت یان پێبكەنێت؟ ئاخۆ ئەو ناشرینییەی دەمو چاوو ئەو لەشە ناڕێك و سەیرەی خۆی بیر دەچێتەوە؟

## بەشی یەکەم:

### بوونەوەرەکە لە دووکانێکدا

من ناوم (دکتۆر فریدك تریڤس)ە، دکتۆرم لە نەخۆشخانەی لەندەن، ڕۆژێك لە ساڵی (١٨٨٤)دا، وێنەیەکم بینی لە جامخانەی دووکانێکدا نزیك بە نەخۆشخانەکە، وەستام لە بەردەم دووکانەکەو سەیری وێنەکەم کرد، لە سەرەتادا هەستم کرد سەرنج ڕاکێشە، ئینجا هەستم کرد تووڕەم، پاشان ترسام، وێنەیەکی ناشرین و ترسناك بوو، لە وێنەکەدا پیاوێك بەرجەستە بوو، بەڵام وەك من وتۆ نەبوو، وەك پیاوێك نەیدەنواند وەك فیلێك وابوو، لە ژێر وێنەکەدا نووسینێکم خوێندەوە کە نووسرابوو(وەرە پیاوە فیلەکە ببینە بە دوو پێنس)دەرگای دووکانەکەم کردەوە و چوومەلای ئەو پیاوەی کە لە دووکانەکەدابوو، پیاوێکی پیس قەمسەڵەیەکی کۆنی لەبەردا بوو، جگەرەیەکیش بە لالێوییەوە، پرسی "چیت دەوێت؟ "

منیش وتم "حەزدەکەم پیاوە فیلەکە ببینم بە یارمەتیت"

پیاوەکە بە بە تووڕیەوە سەیری کردم وتی"ناتوانیت، ئێستا دووکانەکەمان داخست. دەتوانیت بەیانی بێیت"

منیش وتم"ببورە... بەڵام من حەزدەکەم ئێستا بیبینم، بەیانی کاتم نییە وئیشم زۆرە، بەڵام دەتوانم لە دوو پینس زیاترت بدەمێ. پیاوەکە بە وریاییەوە سەیری کردم. ئینجا جگەرەکەی دەمی دەرهێناو زەردەخەنەیەك گرتی ددانە زەردەکانی دەرکەوتن.

وتی"زۆرباشە گەورەم، دوانزە پینسم بدەرێ"

منیش پارەکەم دایەو کە لە پشتی دووکانەکەوە بوو، چووینە ژوورێکی بچووك و ساردو تاریك، کە بۆنێکی ناخۆشی لێوە دەهات.

بوونەوەرەکە لەسەر کورسییەك و مێزێك دانیشتبوو، من پێموت"بوونەوەر"لەبەر ئەوەی نەژن بوو نەپیاو. وەك من و تۆ نەبوو، بوونەوەرەکە نەجووڵەی دەکردو نە سەیری ئێمەشی دەکرد.

لەسەر کورسییەکەی دانیشتبوو لەژوورە ساردو تاریك و پیسەکەدا، سەیری مێزەکەی دەکرد.

بوونەوەرەکە پارچە قوماشێکی بەسەر سەری خۆیدا دادابوو چونکە سارد بوو، ئەو مێزەی بەرامبەری گولێکی سیسی لەسەر بوو.

خاوەنی دووکانەکە بە دەنگی بەرز پێیوت"هەستە سەرپێ"



بوونەوەرەکە بە هێواشی هەستاو پارچە قوماشە کۆنەکەی لەسەر لابردو لەسەر کورسییەك دانا.

من سەیری بوونەوەرەکەم کردوو خەمگین بووم، من دکتۆرم زۆر دەزانم لەبارەی چەندەها ڕووداو خەڵکی نە خۆشەوە، ڕۆژانە شتی خراپ و ناشرین دەبینم بەڵام ئەم بوونەوەرە، ئەم شتەیان خراپترین بووە. هیچ کام لە ژن و پیاوە نەخۆشەکان وەك ئەم بوونەوەرە نەبوون.

پانتۆڵێکی بە جوانی لەش و لاری ببینم، کەللەی سەری سەیرترین بەشێك بوو لە کۆی ئەندامەکانی لەشی، زۆر گەورە بوو، وەك جانتایەکی قەبە کە پڕبێت لە کتێب، سەریشی زۆری قژ پێوە نەبوو، هەروەها کیسێکی گەورەتری کە بە پێستێکی قاوەیی ناشرینیش داپۆشرابوو، لە پشتی سەرییەوە هەڵتۆقابوو، نەمدەتوانی چاوێکی ببینم بە جوانی، لەبەرئەوەی پێستێکی زۆر بە دەموچاویدا شۆڕبۆوە. ددانێکی گەورەوسووریاو لەزاری هاتبووەدەر، ڕێك کەوتبووە ژێر لووتی، هەروەك ددانی فیل بێت.

لووت و دەمی وەك دوو کون وابوون بەسەر روخسارییەوە، دەموچاوی توانای زەردەخەنەو پێکەنینی یان تووڕەیی و خەمگینی نەبوو. چونکە پێستەکە نەدەجوولا، مردبوو وەك دەم و لمۆزی فیل، چەندین هەگبەی گەورەی زۆر لە پێستێکی ناشرین و کەڵەکە بوو ل پێشەوەو لە پشتەوەی جانەوەرەکەدا هەبوون.

ئەو هەگبانە تا قاچەکانی شۆڕببوونەوە، باڵی ڕاستی زۆر قەبە بوو، تۆپەڵی گەورەی پێستی پێوە بوو، دەستی ڕاستی وەك قاچی پیاو وابوو.

بەڵام دەستی چەپ و باڵی چەپی پێستێکی جوانی بەسەرەوە بوو، پەنجەکانی دەستی چەپی زۆر جوان و درێژکۆلە بوون وەك پەنجەکانی کچێکی گەنج. خاوەن دووکانەکە بە تووڕەییەوە پێیوت "بڕۆ میرك.. دەی بە خێرایی بجوولێ"

بە دەست لە بوونەوەرەکەی دەدا، بوونەوەرەکە بە هێواشی بەناو ژوورەکەدا دەسووڕایەوە، بەڵام نەیدەتوانی بە باشی بڕوات، قاچی زۆر قەڵەو گەورەبوو و پشتێکی سەقەتی هەبوو، نەیدەتوانی بەبێ گۆچان دوور بڕوات.

پێموت "باشە سوپاس، وازی لێبێنە با دانیشێت، نامەوێت لەوە زیاتر ببینم"

هەستم بە ناخۆشی کرد، ژوورەکەش بۆنێکی ناخۆشی لێدەهات.

خاوەن دووکانەکە وتی "بەڵی گەورەم، دانیشە مێریك"

چووینه دەرەوە لە ژوورەکەو دەرگاکەی داخست، خاوەن دووکانەکە زەردەیەکی بۆ کردم و ددانە زەردەکانی دەرکەوتن وتی"سەرنج ڕاکێشە گەورەم وانییە؟ باشترین پیاوی فیل لە ئینگلترە، بە سەدەها کەس هاتوون بۆ بینینی... بە سەدەها، بردوومەتە هەموو شوێنێکی ولاّتەکە"

منیش وتم"ڕاستە.. سەرنج ڕاکێشە، دەتوانم دانیشم؟ "

"بەڵی گەورەم فەرموو.. ئەوە کورسییە"

سەیری منی دەکرد و پێدەکەنی. پاشان وتی"پەرداخێك ئاوت دەوێت گەورەم"

وتم"بەڵی... بە یارمەتیت"

دوای ئەوە سەیری شتە پیسەکانی ناو دووکانەکەم کرد، دووسێ سێوی خراپ و مۆزی ڕەش داگەڕاوی لێبوو ئەوە هەموو شتەکان بوو.

پێم وت"ئایا تۆ ئەم بوونەوەرە بە (مێریك)بانگ دەکەیت"

"ئەوە ڕاستە گەورەم جۆسفین مێریك'باشترین فیلە پیاو لە ئینگلتەرە، بردوومەتە هەموو جێگەیەك لەم ولاّتە، تۆ دەزانی هەموو خەڵك دەیەوێت ببینێت"

وتم"بەڵی تێگەیشتم.. ئایا پارەیەکی زۆرت دەست دەکەوێت؟ "

"بەڵی، هەندێك جار... بەڵی گەورەم، بەلاّم قورسە وەك دەبینی گەورەم.. پۆلیس لێمان ناگەڕێت، پۆلیس ئێمەی ناوێت لەبەر ئەوە ناتوانین زۆر لەو شارۆچکانە بمێنینەوە، وەك هەمیشە هەموو هەفتەیەك جێگۆڕکێ دەکەین. "

"بەڵی تێگەیشتم هەرچۆنێك بێت ئاغای.... "

"سیلکۆك گەورەم، سایمۆن سیلکۆك. "

"باشە ئاغای سیکۆك، من دکتۆرم لە نەخۆشخانەی لەندەن، ناوم دکتۆر تریڤس، من واهەست دەکەم کە ئەم..... پیاوە(جۆزێف مێریك)زۆر سەیرە، دەمەوێت لە نەخۆشخانەکەدا ببینینم، بە وردی سەیری بکەم و بیپشکنم"

"بەڵی گەورەم تێگەیشتم، بەلاّم چۆن بگاتە نەخۆشخانە؟ ئەوەیان گران دەکەوێتەوە. "

من وتم"بۆچی؟ نەخۆشخانەکە زۆر لێرەوە دوور نییە. "

"بەڵی گەورەم دەزانم"بەلاّم وەك دەبینی مێریك نلتوانی بە باشی بڕوات. پێویستی بە یارمەتی هەیە.گ"



"تۆ دەتوانیت بێیت و لەگەڵی بیت، ئایا تۆ پارەی زیاترت دەوێت؟ وانییە؟ "

"بەڵی گەورەم دەمەوێت، وەك دەبینی خەڵك لێی دەترسێ، لە شەقامەکان منداڵی بچووك ڕادەکەن بە دوایداو لێی دەدەن، پۆلیس تووڕە دەبێت کە دەبینێت خەڵك دەترسن. هەندێك جار دەمانبات بۆ بەندیخانە"

"تێگەیشتم.. ئەی چۆن بیبەین بۆ نەخۆشخانە"

"عەرەبانەیەك بێنە، دەتوانین بە عەرەبانەیەك بیبەین بۆ نەخۆشخانە"

## بەشی دووەم

### کارتی ناسنامە

ڕۆژی دواتر کاتژمێر حەوت لە عەرەبانەیەکدا گەیشتمە دووکانەکە، سەر جادەکە خەڵکی زۆر لێنەبوو، چونکە بەیانییەکی زوو بوو. لە مانگی تشریندا و لە کاتژمێر حەوتی بەیانی دونیا تاریکە هێشتا، من دووکانەکەم بە باشی نەدەبینی، پێنج خولەك وەستام تاوەکو کابرای پۆستەچی ڕۆیشت، دواتر دەرگای دووکانەکە کرایەوە، بوونەوەرەکە(مێریك)هاتە دەرەوە.

من نەمدەتوانی دەموچاوی یان لەشی ببینم، کلاوێکی قەبەی ڕەشی کردبووە سەری وەك بۆکسێکی گەورە، پارچە قوماشێکی خۆڵەمێشی لە کلاوەکەیەوە هاتبووە خوارەوە دەموچاوی گرتبوو.. کونێك کەوتبووە ڕاستی چاوەکانی، لەو کونەوە ئێمەی دەبینی بەلاّم من هیچم نەدەدی.

پاڵتۆیەکی ڕەش و درێژی لەبەردابوو کە لە ملیەوە تا قاچەکانی داپۆشیبوو، قۆڵ و باسکیم نەدەدی، نە لەش و نە قاچی. جووتێ پێڵاوی گەورەی لە پێ بوو. وەك دوو جانتای گەورە دەرکەوتبوون، بە دەستی چەپی گۆچانێکی پێبوو زۆر بە هێواشی دەڕۆیشت، من دەرگای عەرەبانی کەم بۆ کردەوە چوومە دەرەوە پێم وت: "بەیانیت باش بەڕێز مێریك، دەتوانی سەرکەویت؟ "

وتی"یارمەتی.. هەنگاو"

وتم"بمبوورە تێنەگەیشتم"

بۆ چەند خولەکێك لای دەرگای عەرەبانەکەوە وەستاو هیچی نەوت، دواتر گۆچانەکەی کێشا بە عەرەبانەکەو بە دەنگی بەرز وتی "هەنگاو، یارمەتیم بدە با هەنگاو بنێم"

ئینجا من تێگەیشتم، دەبوو سێ پلە سەربکەوێت تا دەگاتە عەرەبانەکە، خۆی نەیدەتوانی سەربکەوێت.

"بەڵێ تێگەیشتم... لێم ببوورە بهێڵە یارمەتیت بدەم"

دەستی چەپیم گرت یارمەتیم دا، دەستی ڕاستی من بە پشتیەوە بوو، هەستم بە شتێکی غەریب کرد، دەستی چەپی وەك دەستی ژنێکی گەنج وابوو، بەلاّم پشتی لە



ژێر پاڵتۆکەوە زۆر ترسناك بوو، هەستم بەو تۆپەڵە گەورانەی پێستە کۆنەکەی کرد کە لە پشتیەوەو لە ژێر پاڵتۆکەوە هەڵتۆقیبوو.

یەکێك لە قاچە قەبەکانی خستە سەر پلەی یەکەم و پاشان وەستا، دوای چەند خولەکێك دووەم قاچی بەهێواشی جوولاند، دیسانەوە وەستا چاوەڕێی کرد.

"چۆنی گەورەم... دەتوانم یارمەتیت بدەم؟ "

سەیری دواوەی خۆم کرد، بینیم پۆستەچییەکەیە، لە پشتییەوە سێ کوڕی گەنجم بینی، یەکێك لە کوڕکان پێدەکەنی.

پۆستەچییەکە پێکەنی وتی"ئەم پیاوە بەڕێزە نەخۆشە؟ "

منیش بە خێرایی بیرم کردەوە وتم"بەڵی.... ئەم خانمە، پیاو نییە، من دکتۆرم، ئەو خانمە نەخۆشە، تۆ دەستی بگرە تاوەکو بتوانم باشتر یارمەتی بدەم"

پۆستەچییەکە دەستی چەپی (مێریك)ی گرت یارمەتی دا، بە هەردوو دەستی، هێواش هێواش مێریك بەسەر پلەکاندا هەنگاوی نا تاچووە ناو عەرەبانەکەوە، یەکێك لە کوڕەکان زۆر نزیك بوو لە عەرەبانەکە، بانگی هاوڕێکانی کرد.

وەرن کوڕینە سەیر کەن ژنێکی قەڵەو لە پاڵتۆیەکی ڕشدا، سەیری ئەو شەفقە گەورەیە بکەن، کوڕەکان پێدەکەنین، زۆر نزیك بوون لە عەرەبانەکەوەلەبەر ئەوە خێرا دەرگاکەم داخست.

بەپۆستەچییەکەم وت"سوپاس"

وتی"شایەنی نییە گەورەم، بەلاّم ئەم خانمە سەیرە... وانییە؟ "

منیش خێرا وتم"تەنها نەخۆشە، ئێمە بەرەو نەخۆشخانە دەچین ماڵئاوا... سوپاس"

عەرەبانەکە بە ڕێگەکەدا غل بۆوە بەرەو نەخۆشخانە، من سەیری (مێریك)م، دەکرد پێم وت"زۆر قورس بوو... وانییە؟ "

سەرەتا هیچی نەوت، بەلاّم دواتر قسەی کرد، دەنگێکی زۆر سەیری هەبوو، بەلاّم من بە وردی گوێم لێگرت توانیم لێی تێبگەم "هەنگاوەکان زۆر قورس بوو، بەلاّم زۆر شت بۆ من قورسە"

وتم"بەڵی هیچ شتێ بۆ تۆ ئاسان نییە... وانییە"

"نەخێر"

بۆ چەند خولەکێك بێدەنگ بوو ئینجا وتی "تۆ کێی گەورەم"

"من کێم؟ ببوورە... من ناوم دکتۆر تریڤز، ئەمە کارتەکەمە"

کارتێکی خۆم دایە کە ناوی منی لەسەربوو، ئینجا بیرمکردەوە کەشتێکی باشم نەکردووە چونکە ئەم پیاوە نەخوێندەوارە"

بەلاّم مێریك زۆر بەوردی سەیری کرد، ئینجا خستیە گیرفانی پانتۆڵەکەیەوە. من قسەم زۆر لەگەلّ نەکرد لە نەخۆشخانەکە، بە وردی سەیری کەللەسەرکە و قۆڵەکانی و قاچەکانی و هەموو لەشیم دەکرد، لە دوایدا گرنترین سەرنجەکانی خۆم سەبارەت بەو لە دەفتەرێکی بچووکدا نووسی. سستەرێك یارمەتی دام، (مێریك) هەندێك جار سەیری دەکرد، بەلاّم ئەو پێدەکەنی بە ڕوویدا نەقسەی لەگەلّ دەکرد، هەستم کرد کە لێی دەترسێت هەروەها (میرکیش)دەترسا چونکە زۆر بێ دەنگ بوو.

کاتژمێر چوار بە عەرەبانەکە بردمەوە بۆ دووکانەکە، بۆ ڕۆژی دواتر دیسانەوە سەیری جامخانەی دووکانەکەم کردەوە، بەلاّم وێنەکەی لێ نەمابوو.



## بەشی سێیەم

### (نامەیەك بۆ تایمز)

من مێریك_م بۆ ماوەی دووساڵ نەبینیووە. پاشان ڕۆژێك پۆلیس دۆزییەوە کە کارتەکەی منی بە دەستەوە بوو، هێنایان بۆ نەخۆشخانەی لەندەن، زۆر برسی و ماندوو پیس بوو، بۆیە خستمە پێخەفەوە لە ژوورێکی زۆر هێمندا، بەلاّم نەیدەتوانی لە نەخۆشخانە بمێنیتەوە چونکە نەخۆش نەبوو، جێگا بۆ نەخۆشە لە نەخۆشخانە ئێمە جێگامان نەبوو بۆ کەسانی ناشرین یان برسی.

من بەڕێوبەری نەخۆشخانەکەم بەڕێز(کارگۆ)م ئاگادار کردەوە سەبارەت بە کێشەی (مێریك)، ئەویش زۆر بە وردی گوێی لێگرتم، دوای ئەوە نامەیەکی بۆ سەرنووسەری ڕۆژنامەی (تایمز)نووسی.

**نامەیەك بۆ سەرنووسەر**

**تشرینی یەکەم/٤/١٨٨٦**

**بەڕێزان.....**

من سەبارەت بە پیاوێك بۆتان دەنووسم لە نەخۆشخانەکەمدا کەوتووە. کە دیارە پێویستی بە یارمەتی ئێوە هەیە، ناوی(جۆزیف مێریك)ە، تەمەنی ٢٧ ساڵە و نەخۆش نییە، بەلاّم ناتوانێت بچێتە دەرەوە لە نەخۆشخانەکە چونکە زۆر زۆر ناشرینە، هیچ کەسێك حەزناکات سەیری بکات هەندێك کەس لێی دەترسن، ئێمە بە ناوی (پیاوە فیلەکەوە)، بانگی دەکەین.

دووساڵ لەمەوبەر (مێریك) لە دووکانێکی نزیك نەخۆشخانەی لەندەن ژیاوە، بە دوو پینس خەڵك توانیویەتی بیبینێت پێی پێبکەنێت، ڕۆژێك دکتۆر فرێدریك تریڤز کە دکتۆری نەخۆشخانەکەیە، مێریکی بینیووەو هێناویەتی بۆ ئەم نەخۆشخانەیە، بە وردی پشکنینی بۆ کردووە، دکتۆر تریڤز نەیتوانیوە یارمەتی مێریك بدات، بەلاّم کارتەکەی خۆی داوەتێ.

ئینجا خاوەن دووکانەکە (سلکۆك) مێریك بردووە بۆ (بەلجیکا)، زۆر کەس لە بەلجیکا ویستویانە بیبینن.

دوای ساڵێك مێریك (پەنجا پاوەندی)هەبووە، بەلاّم (سلکۆك) ئەو پەنجا پاوەندەی لە مێریك سەندووەو لە (بەلجیکا) بەجێیهیشتووە، ئەویش گەڕاوەتەوە بۆ لەندەن، هەموو کەس لە شەمەندنەفەرە گشتییەکان سەیریان کردوە، پێی پێکەنیوون.

لە (لەندەن)دا پۆلیس کردویانەتە زیندانەوە، بەلاّم پاش ماوەیەك کارتەکەی دکتۆر(تریڤز)یان بینیووە، (مێریك)یان هێناوە بۆ نەخۆشخانەی لەندەن.

ئەم پیاوە هیچ پارەیەکی نییە، ناتوانێت ئیش بکات، دەموچاو لەشی زۆر زۆر ناشرینە، هەروەها زۆر کەس لێی دەترسێت، بەلاّم پیاوێکی سەرنج ڕاکێشە، دەتوانێت بنووسێت و بخوێنێتەوە، زۆریش بیردەکاتەوە، پیاوێکی باش و بێدەنگە، هەندێك جار شت بە دەستەکانی دروست دەکات دەیدات بە سستەرەکان چونکە ئەوان میهرەبان و دڵنەرمن لەگەڵیدا.

دایکی خۆی لە بیرە، وێنەیەکی دایکی لەلایە، ژنێکی جوان و دڵسۆز بووە وەك خۆی دەڵێت، لە سەردەمێکی زۆر زووەوە دایکی مێریك ئەمی داوە بە سلکۆك لەو کاتەوە دایکی نەبینیووە.

ئایا خوێنەرەکانی (تایمز) دەتوانن یارمەتیمان بدەن، ئەم پیاوە نەخۆش نییە، بەلاّم پێویستی بە ماڵێکە ئێمە دەتوانین ژوورێکی بدەینێ لە نەخۆشخانە، بەلاّم پێویستمان بە پارەیە، تکایە وەلاّمەکانتان بۆ ئێمە لە نەخۆشخانەی لەندەن بنێرن.

**دڵسۆزت: ئێف. سی. کارگو**

**بەڕێوبەری نەخۆشخانەی لەندەن**

خوێنەرەکانی (تایمز)زۆر دڵنەرم بوون، پارەیەکی زۆریان پێمان بەخشی، دوای هەفتەیەك پەنجا هەزار پاوەندمان دەستکەوت، لەبەر ئەوە مێریك توانی بە درێژایی ژیانی خۆی لە نەخۆشخانەکە بژی.



## بەشی چوارەم

## ماڵی یەکەمی مێریك

دوو ژوورمان لە پشتی نەخۆشخانەکەدا بەخشی بە مێریك، ژوورێکیان گەرماو و تواڵێت بوو، بۆ ئەوەی بتوانێت هەموو ڕۆژێك خۆی بشوات، بە خێرایی پێستی بەرەو باشتر دەچوو بۆنەناخۆشەکەشی نەما، ژووری دووەم جێگا و مێزو کورسییەکی لێبوو، من هەموو ڕۆژێك سەردانم دەکردو قسەم لەگەڵ دەکرد، زۆری حەز لە خوێندنەوەو قسەکردن بوو سەبارەت بە ناوەرۆکی کتێبەکان، لە سەرەتادا زۆری لە بارەی کتێبەکانەوە نەدەزانی، بە تەنها ئنجیل و دووسێ ڕۆژنامەی لابوو، بەلاّم من هەندێك کتێبم بۆ برد کە چیرۆکی خۆشەویستی بوون، زۆر حەز لێی بوو، چەندین جار دەیخوێندەوە و لەبارەیەوە دەدوا، بۆ ئەو ژن و پیاوەکان (پاڵەوانەکان) زیندوو بوون وەك من تۆ، زۆر دڵی خۆش بوو.

بەلاّم هەندێك کاتیش ناخۆش و قورس بوو بۆ ئەو، لە سەرەتادا یەك دووکەس لە نەخۆشخانەکە پێی پێکەنین، لەبەر ئەوەی ناشرین بوو، هەندێك جاریش هاوڕێکانیان دەهێنا بۆ ئەوەی سەیری بکەن، ڕۆژێك سستەرێکی تازە هاتە نەخۆشخانەکەوە، کەس هیچی لە بارەی (مێریك)ەوە بۆ باسنەکردبوو.

خواردنی برد بۆ ژوورەکەی، کاتێ دەرگاکەی کردەوە (مێریك)ی بینی، قیژاندی و خواردنەکەی ڕشتە زەویەکەو ڕایکردە دەرەوە.

من زۆر لێی تووڕە بووم، چووم بۆ ئەوەی مێریك ببینم، مێریك زۆر دڵخۆش نەبوو بەو ڕووداوە، بەلاّم زۆر تووڕەش نەبوو، هەستم کرد بە داخەوە بوو بۆ ئەو کچە.

وتی "خەڵك حەز ناکات سەیری من بکات، ئەوە دەزانم دکتۆر تریڤز، هەمیشە پێدەکەنن یان دەقیژێنن"

بە تووڕەیەوە وتم "من نامەوێت سستەرەکان بە تۆ پێبکەنن، جۆزێف من دەمەوێت ئەوان یارمەتیت بدەن"

بە دەنگێکی هێواش و سەیر وتی "زۆر سوپاس دکتۆر، بەلاّم ئەوە گرنگ نییە هەموو کەس بە من پێدەکەنێت... من لەوە تێدەگەم"

من به خەمەوە سەیرم کرد، بە دەستە ساغەکەی، دەستی چەپی ڕەسمێکی بچووکی دایکی پێبوو، بۆ چەند خولەکێك سەیری وێنەکەی کرد، ئینجا لەسەر مێزەکە داینا..، فرمێسك لە چاوەکانی هاتە خوارەوە ڕژایە سەر دەموچاوە قەبەو ناشرینەکەی، بە دەنگێکی هێواش وتی "دکتۆر تریڤز، تۆو سستەرەکان زۆر دڵنەرمن، من لێرە زۆر دڵم خۆشە. زۆر سوپاست دەکەم.... بەلاّم دەزانم کە ناتوانم زۆر لێرە بمێنمەوە، من حەزدەکەم لە(ماڵی رووناکی)دا، بژیم دوای نەخۆشخانە.

(ماڵی ڕووناکی)یان ماڵی نابیناکان. هەست دەکەم باشترین شوێنە بۆ من"

من پرسیم"مەبەست چییە... بۆچی؟ "

سەیری منی نەکرد. گوڵەکانی خستە سەر وێنەکەو زۆر بە وردی سەیری کرد لە چواردەوری ماڵی ڕووناکی زەریا دەبینم... وانییە؟ هیچ کەسێك لە ماڵی ڕووناکی ناتوانێت سەیرم کات، لەبەر ئەوە من لەوێ دڵخۆش دەبم، کەسی نابینا هیچ نابینێت"

من وتم"بەلاّم جۆزێف ئەمە ماڵی تۆیە، تۆ ئێستا لێرە دەژیت، نابێت ئەم نەخۆشخانەیە جێبێڵیت"

"ئەمڕۆ نا، بەلاّم لەوانەیە بە زووترین کات، تۆ پیاوێکی زۆر دڵنەرمی دکتۆر تریڤز، بەلاّم پارەم نییە ناتوانم زۆر لێرە بمێنمەوە"

من پێکەنیم و وتم"جۆزێف ئێستا ئەمە ماڵی تۆیە. تۆ تێناگەیت؟ دەتوانیت هەموو ژیانت لێرە بمێنیتەوە"

زۆر بە وردی لەبارەی نامەکەی (تایمز)ەوە، پارەکەوە قسەم بۆ کرد. هەستم کرد لە سەرەتادا تێنەگەیشتووە، جارێکی تر پێموتەوە، بۆ ماوەی چەند خولەکێك بێدەنگ بوو، دوای ئەوە هەستا، ئینجا بە خێرایی چووە خوارەوەی ژوورەکە، دەنگێکی سەیری لێوە ئەهات وەك قاقای پێکەنین.



## بەشی پێنجەم
## میوانێکی گرنگ

من نەم دەویست مێریك بە تەنیا بژی وەك پیاوێك (لەماڵی ڕووناکی)دا، کتێبەکانی دەخوێندەوە و قسەی لەگەڵ من دەکرد، بەلاّم من دەمویست قسە لەگەڵ خەڵکی دیکەو ژنان بکات.

(مێریك) لەبارەی ژنەکان دەیخوێندەوە لە کتێبەکاندا، بەلاّم وەك هەمیشە قسەی لەگەڵ ژنان نەدەکرد، هەموورۆژێك سستەرەکانی دەبینی، بەلاّم زۆر قسەی لەگەڵ نەدەکردن، بۆ ئەوان ئەم تەنها جانەوەرێك بوو نەك پیاو.

ڕۆژێك یەکێك لە هاوڕێکانم، کچێکی گەنجی جوان هات بۆ نەخۆشخانەکە، من باسی (مێریك)م بۆ کردبوو، بردم بۆ ژوورەکەی دەرگاکەی کردەوە بە ڕوویەکی پێکەنین پێیوت "ئێوارەت باش بەڕێز مێریك"

دوای ئەوەی تەوقەی لەگەڵ کرد. (مێریك) بۆ خولەکێك سەیری کچەکەی دەکرد دەمی کرابۆوە، ئینجا دانیشت لەسەر جێگاکەی سەری خستە نێوان دەستیەوەو گریا، بۆ ماوەی پێنج خولەك گریا، فرمێسکەکان بەسەر روخساریدا دەهاتە خوارەوە و لە بەینی پەنجەکانییەوە بۆ سەر زەویەکە دەتکان، هاوڕێکەم لە تەنیشتیەوە دانیشت و لەسەر جێگاکە دەستی خستە سەر شانی، هیچی پێ نەوت بەلاّم بۆی پێکەنی تەوقەی لەگەڵ کردەوە پێش ئەوەی بڕوات.

لەوشەوەدا مێریك پێی وتم"دکتۆر تریڤز، ئەو ژنە زۆر جوان بوو، دایکم یەکجار بۆم پێکەنی چەند ساڵێك لەمەو پێش، هیچ ژنێك بۆ من پێنەکەنیووە، بەلاّم ئەم خانمە جارێکی تر بە ڕوومدا پێکەنی و دەستی گوشیم خانمێکی جوان بۆ من پێکەنی و دەستی گرتم"

هەفتەی دواتر خانمە هاوڕێکەم جارێکی تر هاتەوە. بۆ ماوەی نیو کاتژمێر قسەی لەگەڵ مێریك کرد، هەروەها هەفتەی دواتریش لەگەڵ هاوڕێیەکیدا هاتەوە، هەندێك کتێبی بۆ هێنابوو، کووپێك چای لەگەڵ خواردەوە.

ئەوە شتێکی زۆر خۆش بوو بۆ مێریك، بۆیەکەمجار لە ژیانیدا چەند هاوڕێیەکی هەبوو، پیاوێکی زۆر دڵخۆش بوو، لە ژوورەکەی دادەنیشت و دەیخوێندەوە. جارێکی دیکە سەبارەت بە چوون بۆ ماڵی نابینا یان(ماڵی ڕووناکی)قسەی نەکردەوە.

خەڵك لە ڕۆژنامەكان لەبارەی (مێریك)ەوە شتیان دەخوێندەوە، لەبەر ئەوە سەردانی زۆر بوو، هەموو كەس دەیویست ببینێ، زۆر كەس و خانمی پایەدار سەردانیان دەكرد، بە ڕوویەوە پێدەكەنی و تەوقەیان لەگەڵ دەكرد كتێبیان بۆ دەهێنا، مێریك حەزی لە قسەكردن بوو لەگەڵ خەڵكدا، وردە وردە ناشرینییەكەی جەستەی بیرچۆوە، ئەوانەی سەردانیان دەكرد قەت پێی پێنەدەكەنین، وایلێهات هەست بكات پیاوێكە نەك جانەوەر.

لە ڕۆژێكی زۆر خۆشدا خانمێكی ناودار هات بۆ نەخۆشخانەكە بۆ ئەوەی سەردانی بكات.

من خانمەكەم بینی و بردم بۆ ژوورەكەی، دەرگاكەم كردەوە و پێكەنیم بۆی"بەیانیت باش جۆزیف، ئەمڕۆ كەسێكی تازە هاتووە بۆ سەردانت، خانمێكی زۆر بە ناوبانگ"

مێریك لە پشت مێزەكەیەوە وەستا، بەو دەموچاوەوە نەیدەتوانی پێبكەنیت، بەلاّم هەردوو چاوی پڕبوون لە شادمانی وتی"ئەمەیان باشە... ئەو كێیە؟ "

من لە دەرگاكە دوور كەوتمەوە خانمەكە هاتە ژوورەوە "خانمی گەورە ئەمە جۆزیف مێریك"ە

جۆزیف تەماشا بكە"شاژن ئەلیكساندەر شاژنی ئینگلتەرە"

شاژن ئەلیكساندەر بەڕوویدا خەنییەوە"ئێستا چۆنی بە ڕێز مێریك؟، من زۆر خۆشحاڵم بە بینینت"

ئینجا تەوقەی لەگەڵ كرد، مێریك هیچ نەدەجوولاّ بۆ ماوەی نیو خولەك وەستاو سەیری دەكرد و دەمی كرابۆوە. ئینجا بە دەنگە سەیرو كزەكەی قسەی كرد "چۆن... چۆنی ئەی شاژنی شكۆمەند"

بەلاّم وابزانم شاژن تێنەگەیشت چونكە ئەو دەیویست لەسەر ئەژنۆكانی بنووشتێتەوە، لەو كاتەدا ئەمەیان زۆر قورس بوو بۆ مێریك بەهۆی قەبەی قاچەكانییەوە.

شاژن وتی"نا بەیارمەتیت بەڕێز مێریك هەستە، من حەزدەكەم گفتوگۆ بكەین. دەتوانین لەسەر كورسی و مێزەكە دانیشین"

"بەڵی بەڵی بە دڵنیایەوە"

ئینجا لەسەر مێزەكە دانیشت، شاژن دەستی چەپی خستە ناو دەستە باشەكەی، پاشان سەیری دەستی كرد بە وردی، جارێكی تر بۆ مێریك پێكەنیووە.



وتی"من لەبارەی تۆوە لە ڕۆژنامەكاندا زۆرم خوێندتەوە، تۆ پیاوێكی سەرنج ڕاكێشێت. بەڕێز مێریك ژیانێكی زۆر قورست هەبووە، بەلاّم خەڵك دەڵێین تۆ دڵخۆشیت... ئەمە ڕاستە؟ ئایا ئێستا تۆ شادمانیت؟ "

مێریك وتی"ئۆو... بەڵی خانمی شكۆدار.. بەڵی، من پیاوێكی زۆر دڵخۆشم، ئێستا ماڵێكم هەیە لێرە، هەروەها هاوڕێ و كتێبەكانم، من ئێستا لە هەموو ساتەكانی ژیانمدا دڵخۆشم"

"چ چیرۆكێكی سەیرو جوانە! زۆر دڵم خۆشە كە گوێم لەوە دەبێ، ئێستا پێم بڵێ لە بارەی خوێندنەوەكانتەوە. وەك دەبینم كتێبی زۆرت هەیە لێرە، "

"ئۆه... بەڵی خانمی شكۆدار... من كتێبەكانم خۆش دەوێ. "

بۆ ماوەی نیو كاتژمێر دانیشتن و لە بارەی كتێبەكانەوە قسەیان كرد. شاژن هەندێك كتێبی بچووكی پێبەخشی لەتەك هەندێك گوڵی سوورو سروشتی، پێش ئەوەی بڕوات، دوای ئەم سەردانە مێریك دەستی كرد بە گۆرانی وتن. نەیدەتوانی بە ئاسانی گۆرانی بڵێت، بە دڵنیاییەوە بە هۆی دەم و ددانییەوە، بەلاّم ڕۆژەكە سەیر بوو. دەنگی خۆش لە ژوورەكەیەوە دەهاتە بەرگوێ، زۆر بە وردی سەیری گوڵەكانی دەكرد دەیخستە سەر مێزەكە. لەلایەن شاژنەوە سەردانكەری زۆر بوو، هەروەها لە سەری ساڵدا كارتێكی چەژنە پیرۆزەی بۆ نارد.

**قەلاّی ویندسەر**

**١٨٨٨/١٢/٢٠**

## ئازیزەكەم جۆزیف

ئەمەیان دیاریەكی بچووكی سەری ساڵە بۆ تۆ، هەست دەكەم وەكو من وایە... وانییە؟ حەزدەكەم سەردانت بكەم، بەنیازم جارێكی تر بێمەوە بۆ نەخۆشخانە لەسەری ساڵدا.

**سەری ساڵت پیرۆز**

**هاوڕێت/ ئەلیكساندەر**

دیاریەکە وێنەیەکی شاژن ئەلیکساندەر بوو کە ناوی خۆی بەسەرەوە بوو، مێریك بەسەر نامەکەداگریا، زۆر بە وریاییەوە لەلای پێخەفەکەیەوە داینا، ئینجا دانیشت نامەیەك بۆ شاژن بنووسی، ئەوە یەکەمین نامەبوو لە ژیانیدا بینووسیت.

**نەخۆشخانەی لەندەن**

**١٨٨٨/١٢/٢٣**

**شاژنی ئازیزمان.**

زۆر سوپاس بۆ کارتە ڕەنگینەکەت، هەروەها وێنە جوانەکەت، ئەوە باشترین دیارییە لە ژوورەکەمدا هەرە باشترین، جوانترین شت کە من هەمبێت، ئەمە یەکەمین کارتی سەری سالە لە ژیانمدا هەروەها یەکەمین دیاری سەری سالی منە، وابزانم یەك سەری سالم لەگەڵ دایکمدا بینیوە، بەلاَم من بیرم نەماوە، وێنەیەکی دایکم هەیە جوانە وەك تۆ، بەلاَم من ێستا زۆر خانمی بەناوبانگ و کەسی دڵنەرم دەناسم، وەك (دکتۆر تریڤز) من پیاوێکی زۆر دڵخۆشم.

**مـنیش دڵخۆشم چونکە بە نیازم ساڵێکی تازە تۆ ببینم.**

**سەری ساڵی تازەت پیرۆز ئەی هاوڕێی ئازیزم.**

**لەگەڵ ئەوپەڕی خۆشەویستیمدا**

**جۆزیف مێریك**



## بەشی شەشەم

### لە دەرەوەی نەخۆشخانە

مێریك ئێستا هاوڕێی زۆری هەیە، بەلاَم ئەو زۆرتر لە منداڵێك دەچوو نەك پیاوێك، دەیتوانی لەبارەی شتەکانەوە بخوێنێتەوە، قسە بکات لەگەڵ ئەو کەسانەی سەردانیان دەکرد بەلاَم نەیدەتوانی بچێتە دەرەوەی نەخۆشخانە هەرخۆی بە تەنیا، بیری دەکردەوە، یاری وەکو منداڵێك یاری دەکرد، دوای سەری ساڵ ویستی بڕوات بۆ شانۆ، ئەمە زۆر قورس بوو چونکە من نەمدەویست ئەو خەڵکانەی لە شانۆگەریەکەن بیبینن، بەلاَم خانمێکی دڵنەرم لە شانۆکە (خانم کیندل)یارمەتی داین، بلیتی جۆری (لۆج)مان بۆ کڕی، ئێمە بە عەرەبانەیەك چووینە شانۆگەریەکە پەنجەرەکانی جام تاریك بوو، لە دەرگای دواوە تایبەت بە شاژن، هیچ کەس ئێمەی نەبینی، سێ سستەر لە پێشەوەو لەناو لۆجەکە دانیشتن، من و مێریك لە تاریکیەکەدا لەپشتیانەوە دامەزراین، کەس لە شانۆکەدا ئێمەی نەبینی، بەلاَم ئێمە شانۆگەریەکەمان بینی.

شانۆگەری منداڵانی سەری ساڵ بوو، مێریك زۆر حەزی لەو نمایشە بوو، چیرۆکێکی سەرنج ڕاکێش و سەراسیمە بوو، زۆربەی کات پێدەکەنی، هەوڵی دەدا وەك منداڵەکانی شانۆگەریەکە گۆرانی بڵێ، وەك منداڵێك وابوو بۆ ئەم هەموو شتێك لە چیرۆکەکەدا ڕاستی بوو.

جارێك زۆر ترسا چونکە پیاوە خراپەکە لە شانۆگەریەکەدا توڕە بوو، چەقۆیەکی پێبوو، لە سەرەتادا مێریك ویستی شانۆکە جێبهێڵێت، بەلاَم من وەستاندم، ئینجا زۆر توڕە بوو لە پیاوە بەدەکەی ناو شانۆگەریەکە، بە دەست لە کورسییەکەی دەدا، هەستایە سەرپێ و قسەی بە پیاوەکە وت، بەلاَم هیچ کەس گوێی لێ نەبوو، کاتێك پیاوەکە کەوتە زیندانەوە مێریك پێدەکەنی.

بۆ ماوەیەکی درێژ ئەم شانۆگەریەی لەیادنەدەچوو، سەبارەت بە کارەکتەرەکانی ناو شانۆگەریەکە قسەی زۆری کرد. لە منی دەپرسی ئەوان چی دەکەن کە ئێمە ڕۆیشتین؟

ژن و پیاوە گەنجەکە ئێستا لە کوێ دەژین؟

منیش دەموت "نازانم، لەوانەیە ئێستا لە گوندێکدا بژین"

مێریك ماوەیەکی زۆر بیری لەم شتانە کردەوە، ئینجا وتی "دکتۆر تریڤز، ئایا من دەتوانم بچمە لادێ... تکایە؟ من یەکجار لە شەمەندەفەر دەرەوەی شارم بینیوە، بەلاَم هەرگیز نەچوومەتە ناوی، لە ناو کتێبەکاندا لەو بارەیەوە شتم خوێندۆتەوە. زۆر جوانە وانییە؟ حەز دەکەم بیبینم"

چوون بۆ شانۆ قورس بوو، بەڵام سەردانی لادێ زۆر قورستر بوو، بەڵام دیسانەوە یەکێك لە هاوڕێ تازەکانی یارمەتی ئێمەی دا،ماڵێکی بچووکی هەبوو لە لادێ، مێریك دەیتوانی لە هاویندا لەوێ بمێنێتەوە، من مێریکم برد لادێکە لە شەمەندەفەرێکی جام تاریکدا، کەس نەیدەتوانی بیبینێت، ئینجا بە عەرەبانە بردم بۆ ماڵەکە.

نزیك ماڵەکە دارو درەختی زۆری لێبوو، بەڵام کەس لەو نزیکانەدا نەدەژیا، پیاوێك هەموو ڕۆژێك خواردنی دەهێنا بۆ ماڵەکە، بەڵام کەس لێی نزیك نەدەبۆوە.

من ئەو شەوە لەگەڵیدا مامەوە، شەوێکی زۆر تاریك بوو، بێدەنگ و ئارام، بۆ بەیانییەکەی سەدەها باڵندە لەسەر دارەکان دەیانخوێند، هەموو شتێك لەدەرەوەی ماڵەکە سەوز بوو، مێریك لەژێر درەختە گەورەکاندا پیاسەی دەکرد، بەکەیفەوە سەیری تەکانی دەکرد، گۆرانییە سەیرەکەی خۆی دەچڕی.

من بۆ لەندەن گەڕامەوە، بەڵام مێریك شەش هەفتە مایەوە. زۆر سەیر دڵخۆش بوو، هەموو هەفتەیەك نامەی بۆ دەنووسیم.

**ماڵی دارسێو**

**١٨٨٩/١٠/٢١**

### ئازیزم دکتۆر تریڤز...

ئەمڕۆش ڕۆژێکی سەیرو سەمەرە بوو، زۆر گەرم بوو لە ژێر درختەکاندا پیاسەم دەکرد، لە لای جۆگەلەیەك وەستام، ئاوی جۆگەلەکە دەنگێکی زۆر خۆشی لێوە دێت کە لە گۆرانی دەچێت ...تۆ ئەوە دەزانی؟ من بۆ ماوەی دووکاتژمێر گوێم لێگرت، زۆر لە باڵندە بچووکەکان لێم نزیك بوونەوە، یەکێکیان بەرملی سوور بوو، پشتیشی قاوەیی، من هەندێك وردە نانم بۆ ڕۆکردن و لەسەر دەستم نیشتنەوە، زۆر لە باڵندەکان ئێستا هاوڕێمن، هەروەها سەیری ماسییەکانم کرد لە جۆگەلەکەدا، زۆر سەرنج ڕاکێش بوون، چونکە زۆر بەخێرایی دەجووڵان، لەیەك خولەکدا لێرە بوون، لە دوای خولەکێکی تر دیار نەدەمان لەویادا. من بەبێدەنگی چاوەڕێ دەبووم، هەمیشە دەگەڕانەوە دەستم دەخستە ناو ئاوەکەوە، بەڵام نەمدەتوانی دەستیان لێبدەم.



دوێنێ سەگێکی گەورەم بینی، حەپە حەپ و هەرای زۆری نایەوە، من نەترسام. بە هێمنی دانیشتم و سەیرم کرد، هاتە لام و بۆنی دەستمی دەکرد، ئەمڕۆ جارێکی تر بینیمەوە، هەندێك نانم خستە بەردەمی، ئێستا منی خۆشدەوێت.

بەنیازم هەندێك گوڵی ئەم دەشتودەرە بخەمە ناو ئەم نامەیەوە. سەدەها جۆر گوڵی لێیە ئێرە، تۆ ئەوەت دەزانی؟ من لەهەموویان پتر گوڵە شین و وردیلەکانم حەز لێیە، بەڵام هەر هەموویان جوانن، ئێستا زۆریانم هەیە لە ژوورەکەمدا دامناون هەموو بەیانییەك ئاویان دەدەم.

گوڵی بچووك زۆر تینووە... تۆ دەزانی؟

من زۆ ر دڵم خۆشە لێرە دکتۆر، بەڵام دەمەوێت بە زووترین کات تۆ ببینمەوە جارێکی دیکە...

لەگەڵ خۆشەویستی هاوڕێت

**جۆزیف مێریك**

لە کۆتایی هاویندا گەڕایەوە بۆ لەندەن، زۆر باش بوو، پێستی باشتر دیار بوو، سەبارەت بە گوند قسەی دەکرد، بەڵام بە بینینەوەی هاوڕێکانی و کتێبەکان.

## بەشی حەوتەم

### دوا نامە

دوای شەش مانگ لە بەهاری (١٨٩٠)دا لەسەر جێگاکەی خۆی بە مردوویی بییمەوە، لەسەر پێخەفەکەی بە پشتدا کەوتبوو لەسەرەتادا وامزانی نووستوە، قسەم لەگەڵ کرد، بەلاّم نەجوولاّیەوەسەیرم کرد پێستی دەموچاوی شینبۆتەوە، ئینجا زانیم مردووە.

ئەم وەك هەمیشە لەسەر پشت نەدەنووست، کەللە زلەکەی زۆر قورس بوو، هەمیشە لەسەر جێگاکەی دادەنیشت و هەردوو باسکی لە قاچەکانییەوە دەئالاّند، سەری دەخستە سەر ئەژنۆکانی بەم جۆرە دەیتوانی باش بخەوێت، ئەم ویستبووی لەسەر پشت بنوێت وەك من وتۆ، بەلاّم سەرە قورسەکەی لە جێگاکە کەوتبووە خوارەوە ملی شکاندبوو، زۆر بەخێرایی مردبوو.

ڕۆژی دواتر بەڕێوبەری نەخۆشخانەی لەندەن بەڕێز(کارگۆ) نامەیەکی دیکەی بۆ سەرنووسەری (تایمز)نووسی.

**تایمز**

**١٨٩٠/٤/١٦**

### ئازیز و بەڕێز...

سێ ساڵ و نیو پێش ئێستا من سەبارەت بە پیاوێك من نامەیەکم بۆت نووسی کە ناوی (جۆزیف مێریك)بوو. ئەم پیاوە پێیان دەوت(پیاوە فیلەکە) چونکە بە لەشێکی ناشرینەوە لە دایك ببوو، مێریك نەخۆش نەبوو، بەلاّم نەیدەتوانی ئیش بکات، هەروەها پارەی پێنەبوو.

خوێنەرانی(تایمز)بەزەییان پێداهاتەوە، پارەیەکی زۆریان بە مێریك بەخشی، بەهۆی ئەو پارەیەوە توانیمان ماڵێك بە مێریك ببەخشین لە نەخۆشخانەی لەندەن، ئەم سێ ساڵ و نیو بە دڵخۆشی ژیا، دکتۆر و سستەرەکان لە نەخۆشخانەکەدا یارمەتیان دا، زۆر کەس سەردانیان



کرد، کتێبێکی زۆری خوێندەوە، چوو بۆ شانۆ، هەروەها لە هاویندا بۆ ماوەی شەش هەفتە لەو گوندە مایەوە بە پارەی خوێنەرەکانی ئێوە بوو کە ئێمە توانیمان ژیانێکی خۆشی بۆ دابین کەین.

دوێنی شەو جۆزیف مێریك بەهێمنی لەسەر جێگاکەی مرد.

ئەو پیاوێکی بەلەش ناشرین بوو، بەلاّم باش و دڵنەرم بوو، زۆری هاوڕێ هەبوو، ئێمە حەزمان دەکرد قسەی لەگەڵ بکەین، هەمووومان بە مردنەکەی غەمبار بووین، زۆر کەس بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ ئەویان لەیاد ناچێتەوە. شتێك پارەی لە دوا جێماوە، لەبەر ئەوە من بەنیازم بیبەخشمەوە بە نەخۆشخانەکە.

زۆر سوپاس گەورەم بۆ هاوکاریەکەتان.

**دڵسۆزت: ئێف. سی. کارگۆ**

**بەڕێوبەری نەخۆشخانەی لەندەن**

# ئێمە هەموو تاوانبارین

## نووسینی: کینگزلی ئامز

کلیڤ ڕاینەر لەگەڵ دایك وباوە پیارەکەیدا دەژیا، لە ماڵێکی بچووکدا، یەکێك بوو لەو ڕیزە ماڵانەی کە بە ژمارە کەم بوون کەوتبوونە نێوان کارگەیەکی پیس و کۆن و ڕێگایەکی پڕ ژاوەژاو شوێنێکی دڵگیر نەبوو.

بەلاّم خانووی ژمارە (٩) ماڵی کلیڤ لە ناوەوە خاوێن و هێلانەی دۆستایەتی بوو دایکی زۆر دەستی تیایدا بوو هەروەها باوە پیارەکەشی هەندێك شتی ئەکرد بۆ ماڵەکە.

زۆرجاران کلیڤ هیچی شك نەدەبرد بیکات زۆربەی کات لەماڵەوە بوو، بەلاّم حەزی نەئەکرد ئەو کاتانەی باوەپیارەکەی لەوێ دەبوو ئەو لە ماڵەوە بێت.

باوە پیارەکەی ناوی (دۆن ماکئینتایەر)بوو، دۆن قەت نەدەچوو بۆ کلێسا، بەلاّم هەمیشە لەبارەی ڕاست و هەڵەوە قسەی دەکرد.

زۆربەی کات لە کلیڤ تووڕە بوو، چونکە هیچ کام لەو قسانەسەرنجی کلیڤ_ی ڕانەدەکێشا، دۆن پیاوێك بوو کە ژیان لەگەڵێدا قورس بوو، بەلاّم کلیڤ دەیزانی کەباوەپیارەی خراپتریش هەیە.

دوای نیوەڕۆیك کاتێك هیچ نەبوو بۆ بینین لە تەلەفزیۆنکە کلیڤ لە ماڵ چووە دەرەوە، بۆ بینینی (تێری) ی هاوڕێی لە قاوەخانەی (پارادای). دواتر بە پیاسە دەگەڕایەوە ئوتومبێلێك لەپشتیەوە وەستا، ئوتومبێل پۆلیس بوو.

(هێی... تۆ هیچ شتێکی خراپ هەیە؟ )پرسیاری پۆلیسەکە نادۆستانە بوو.

کلیڤ حەزی بە پۆلیس نەدەکرد، وەڵامی دایەوە (نەخێر)

(بۆ کوێ دەڕۆی؟)

(ماڵەوە)

دەقەیەك چاوەڕێبکە لەو شوێنەی خۆت بمێنەوە)

پۆلیسەکە لە ئوتومبێلەکەی هاتە دەرەوە پیاوێکی درێژ تەمەنی چل ساڵ دەبوو، چاکەت و پانتۆڵێکی تۆخی لەبەر بوو، لەگەڵ تیشێرتێکی شینی کاڵ بە دیقەتەو سەیری کلیڤ_ی کرد لێی پرسی:

"ناوت چییە کوڕم؟ "

"پێویستە پێت بڵێم؟ "

"نا تەنها پرسیم"

کلیڤ ناوی خۆی پێ وت

"ئەی چەند ساڵی کلیڤ هەژدە؟ "

"حەڤدەم"

پۆلیسەکە سەیرێکی کاتژمێرەکەی کرد"تۆ هیچ ئیشت نییە ڕاستە؟ "

"بەڵی ڕاستە"

"تۆ پیاوێکی گەنج و بەهێزی، هیچ ئیشێکت نییە، ئیشی زۆر هەیە لەم ناوە بەڵام تۆ حەزت لە ئیشی قورس نییە، باشە بە هەر حاڵ من دەتگەینمە ماڵەوە"

کلیڤ وتی "ناپێوست ناکات من لەم نزیکانە دەژیم "

"ئوه... نزیك ئەم شوێنە، ئایا تۆ لەگەڵ خێزانەکەت دەژیت؟ "

"بەڵی لەگەڵ دایکم و باوە پیارەکەم"

"تێگەشتم"پۆلیسەکە سەیری خوارەوەی ڕێگاکەی کردو ڕیزە ماڵێکی کەمی بینی ئینجا بە ئوتومبێلەکەی گەڕایەوە، پێش ئەوەی بڕوات بە کلیڤ وت :

"جارێکی تر دەتبینمەوە"



کلیڤ بۆ ماوەی خولەکێك بیری لەمەکردەوە"جارێکی تر دەتبینمەوە!!" بۆچی پۆلیسەکە وای وت؟

کاتێ کلیڤ گەڕایەوە بۆ ماڵەوە، چووە مووبەقەکەو زانی شتێکی خراپ ڕوویداوە دایکی و دۆن لە ماڵەوە بوون....

دۆن بە خەندەیەکی نا دۆستانەوە وتی"ئەها... ئەوە کوڕە گەنجەکە هاتەوە بۆ ماڵەوە"

دایکی بە خێرایی سەیرێکی کرد

دۆن وتی "تۆ لێرە دانیشەو گۆی بگرە، من قسە لەگەڵ دایکت دەکەم، ئالیس، ئایا تۆ پێت وایە من پارەی ناو جانتاکەی تۆم بردبێت؟ "

ئێستا کلیڤ لە سەیرکردنەکەی دایکی کەشت

دایکی وتی "نا، قەد دۆن، من تەنها وام بە خەیاڵدا هات کە لەوانەیە.... "

"واتزانیوە من بیرم چووە پێت بڵێم وایە؟ "

" تەنها ئەوە بوو... تۆ دەزانی"

دۆن هەستایە سەرپێ "بەڵی دەزانم، تۆ دەتەوێت یارمەتی کوڕە هیچەکەت بدەیت، ئەو پارەکەی بردووە تۆش ئەوە دەزانیت".

دۆن هاتە بەردەم کلیڤ وەست"تۆ یاریەکی زۆر ترسناك دەکەیت کوڕم، ئایا ئەوە دەزانیت؟ هەمووگەنجەکان وەك یەکن کاتێك تۆ شتێك دەبینیت و حەزت لێی ئەبێت و دەیبەیت، بەڵام ڕۆژێك دێت باجی ئەوە بدەیت دەزانیت؟ "

دایکی کلیڤ سەیری کرد، بەڵام یەکەمجار کلیڤ قسەی کرد وتی "نا دایکە، من نەبردووە"

دەموچاوی دۆن سوورهەڵگەڕا"بە تووڕییەوە وتی "کێشەی تۆ ئەوەیە کە بیر لە ڕاست وهەڵە ناکەیتەوە"

کلیڤ بە تووڕەیەوە بە باوە پیارەکەی وت"ئەم قسانە یارمەتی تۆ نادات، سێ مانگ لە زیندان بوویت لەبەر ئەوەی شەڕت کرد، ئەوەیان خراپترە لەوەی من"

"من هەڵەم کرد باجەکەیم دا"

دایکی کلیڤ کووپێك چای هێنا بۆ دۆن وتی "هەردووکتان بوەستن"ئەمانە هەموو لەبەر ١٠ پاوەن، لەوانەیە من هەڵەم کردبێت، لەوانەیە من پارەکەم ون کردبێت"

ڕووی وەرگێڕاو چووە بەردەرگاکەو وتی"من دەچم خۆم دەشۆم دوای بەنیازم بۆ ماوەی کاتژمێرێك بچمە دەرەوە، بەلاّم وا نەژانیت ئەمەم بیر دەچێتەوە"

دەرگاکە داخرا، ئینجا کلیڤ سەیری دەموچاوی دایکی کرد وتی"ببوورە دایکە"

"وەرە لێرە دانیشە، کلیڤ ئەوەیان دواجار بوو، جارێکی تر یارمەتیت نادەم، دۆن دەیویست تەلەفون بۆ پۆلیس بکات، من نەمهێشت، تۆ لەوە دەگەیت؟ "

کلیڤ تێگەشت کە دایکە تووڕە بووە، دڵی گوشرا

دایکی وتی"هەندێك جار تۆ گەمژەیت کلیڤ، بەڕێگایەکدا دەڕۆیت چاوت داخراوە"

## بەشی دووەم

دەی دەویست بۆ حەوت کە کلیڤ لە باری "لۆرد هاری "بوو لەگەڵ تیری بەلاّم هیچ قسەی نەدەکرد، ئەیویست بیر بکاتەوە "کەواتە دایکی ئەم بە گەمژە دەزانێت"

باشە دایکی دەیەوێت ئەم چی بکات، کتێب بنووسیّ، فڕۆکە لێبخوڕێت لە تەلەفزیۆن بەرنامەی هەبێت.... "

مارلین وپاولا هاتن لەگەڵ تیری و کلیڤ دانیشتن دووکچەکە نە خەندە کەوتە سەر لێوانیان نە قسەیەکیان کرد. کاتێك هەموویان چوونە دەرەوەتاریك بوو، بەلاّم گلۆپی دووکانەکان داگیرسابوون، پاسیش هاتووچۆی بوو، تیری باسی ئەو، کەسانەی دەکرد کە لە ئیشەکەیدا دەیانبینیّ، چونکە تیری ئیشی دەکرد، کلیڤ گوێی نەدەگرت، هەرچواریان چوونە ڕێستۆرانتێکی هەرزان، پێش ئەوەی بچنە ژوورەوە کلیڤ ئاوڕێکی بۆ ئەوبەری شەفامەکە دایەوە، ئوتومبێلێکی پۆلیسی لیّ بوو، لەوانەیەهەمان ئوتومبێلەکەی ئەو ڕۆژە بێت، بەلاّم دەموچاوی دووپیاوی ناو ئوتومبێلەکەی نەبینی.

لەسەر مێزەکە دانیشتن چاوەڕێی خواردن بوو، هیچیان قسەیان نەدەکرد، ئینجا کلیڤ باسی ١٠ پاوەنەکەی بۆ کردن.

تیری وتی"تۆ زۆر زیرەك نیت کلیڤ، من وام دەزانی دایکت هاوڕێتە ئەمە باش نییە بۆ تۆ"

پاولا وتی"بۆچی بردت، بۆچی پرست پێنەکرد، ئەو دەزانێت کە تۆ پارەت زۆر پێنییە".



کلیڤ وتی "نا، ئەو هیچم ناداتیّ، دەترسێت لە باوە پیارەکەم".

کلیڤ دەیزانی کە دایکی لە دۆن ناترسێت، خواردنەکە گەشت و لە قسەکردن وەستان، کلیڤ سەیری هەرسێکیانی کرد"پاولا، مارلین، تیری.... "چاکەتەکانیان، گڕیان سەروسیمایان....... لەدڵی خۆیدا وتی"بۆچی من قەت هەستم بەمانە نەکردووە لەمەوپێش، ئەوان واهەست دەکەن جیاوازن، سەرنج ڕاکێشن، نائاساین، بەلاّم لە ڕاستیدا گەمژەن ئەم وشەیە بۆ ئەمانیش شیاوە وەك بۆ من: دایکم ڕاستی کرد".

پاولا ویستی شتێك بڵێت بەلاّم کلیڤ نەیهێشت وتی"هەمووتان بێدەنگ بن، ١٠پاوەنەکەی دایکی دەرهێنا لەسەر مێزەکە داینا، تیری تۆ پارەی خواردنەکەبدەو من لە دەرەوە چاوەڕێت دەکەم، خێراکە".

کلیڤ خێرا بەرەو دەرگاکە ڕۆیشت و هەستی بەتووڕەیی دەکرد دەیویست لەکەسێك بدات، لەدەرەوە بایەکی سارد هەڵیکرد، کاتێك ئەوان هاتنە دەرەوە پاڵێکی بە پاولاو مارلین وەنا بۆ ژێر چەتری پاسەکە، لەویّ جێیهێشتن، تیری ڕاکێشا لەگەڵ خۆی بردی و دوورکەوتنەوە.

تیری پرسی "پیلانەکەت چییە تۆ دەتەویّ چیبکەیت؟ "

"من بیر دەکەمەوە".

"ئەم ئێوارەیە بۆ وا شێواویت"؟

"کلیڤ ویستی پێبڵێت بۆ، بەلاّم، چۆن، هەستی کرد کە لە شتێکی گرنگ تێگەشتووە، بۆ ماوەی چرکەیەك هەموو شتێکی بینی، بەلاّم، دوور تێگەشت کە ئەو هیچ کەس نییە، لە پڕێکدا هەستی کرد زۆر بچووکە، بەلاّم نەیدەزانی چۆن ئەو هەستە دەرببڕێت بە وشە، تیری هیچ بەلایەوە گرنگ نەبوو، بۆیە کلیگ وتی"تۆ براکانی بەترفیلد_ی دەزانی لە کوێیە؟ "

تیری وتی "بەڵی کارگە کۆنەکە لە سووچی ئەم ڕێگایەدایە"

"من و تۆ، من و تۆ دەچین و ئەوە دەکەین!"

"تۆ باسی چی دەکەیت، چی دەکەین لەویّ".

کلیڤ وتی"من نازانم، زۆر شت، کاتی چووین بۆ ئەوی دەیبینین".

"چی، بچینە ئەوێ و شت بەرین".

"کورێکی زیرەکیت، بابڕۆین، کاتمان زۆر نییە".

تیری وتی"بەلاّم لەوانەیە سەگ، یان پاسەوان یان هەر شتێکی لێ دەبێت".

"نا لەوێ هیچ شتێکی لێنییە، ئەوە شوێنێکی کۆنە، کەسی لێ نییە بە ئاسانی دەتوانین بچین".

کلیڤ چی وت سەبارەت بە کارگەکە ڕاست دەرچوو، کلیڤ و تیری چوونەناو کارگەکەوە سەیری چواردەوری خۆیان کرد، هیچی لێنەبوو، جگە لە قالدرمەیەك کە بە (١٤) پلیکانە دەچۆوە سەرەوە بۆ نهۆمی دووەم، سەرکەتن بەسەرییدا، بەلاّم گوێیان لە دەنگێك بوو تیری وتی "خێراکە، با بڕۆینە دەرەوە لێرە".

لە پڕێکدا پیاوێك پەیدا بوو کە بە دوایاندا ڕایکرد، پیاوەکە لە دەوروبەری ٥٠ ساڵ ئەبوو سمێڵی هەبوو پێش ئەوەی کلیڤ تیری لە قالدرمەکان بێنە خوارەوە، پیاوەکە چاکەتەکەی کلیڤی گرت، کلیڤ ویستی خۆی لە دەستی ڕاپسکێنێت، نەیدەویست لێی بدات، نەپاڵی پێوەنا، نە هیچ، تەنها ویستی خۆی ڕزگار بکات بەلاّم پیاوەکە لە قالدرمەکان کەوتنە خوارەوە بۆ سەر زەویەکە، کلیڤ قەت دەنگی ئەو کەوتنەی بیرناچێتەوە.

تەنها دەیوست ڕابکات لەو شوێنە نەمێنێت، بە خێرایی بەرەو دەرگاکە ڕۆیشت و کردیەوە، تیری لە بارەی پیاوەکە شتێکی وت، بەلاّم کلیڤ گوێی لێنەگرت دەرگاکەی کردەوە و ڕایکرد.

## بەشی سێیەم

"چۆنی کلیڤ، ئەها یەکتریمان بینییەوە، زۆر زووتر لەوەی کە بیرم لێ دەکردەوە پیاوە درێژەکە بوو سەیری کاتژمێرەکەی کرد، وتی، "تەنها دوای ٥ کاتژمێر پاش دوا یەکتر بینینمان."

کلیڤ و تیری لە ژوورێکی پۆلیسخانە بوون، پۆلیسەکە هەندێك کاغەزی دەرهێنا لەسەر مێزەکە دەستی کرد بە خوێندنەوەی، "بەلّی.. تێگەشتم.... بەلّی" بە دەنگی نزم وتی "ئوه من ناوم پارنیل عەریف پارنیل ئێستا کلیڤ "ئێستا پاسەوانەکە چاکەتەکەمی گرت من پالّم پێوەنا ئەم هاواری کردو کەوت"ئەمە قسەکانی تۆ بوو کلیڤ بەلاّم ئەوە هەمووی بوو ئایا تۆ لێت دا یان هەرشتێکی دیکە"



کلیڤ وتی "نا ئەو کەوتە خوارێ، ئەوە هەموو بەزمەکە بوو".

پارنیل وتی"ڕاستە تا ڕادەیەك هاوڕیانە دەدوا".

"ئێستا کوڕینە ئەمە یەکەمجارە، ئێوە دەزانن، یەکەم جارە کێشەتان هەبێت لەگەڵ پۆلیس".

کاتێ کلیڤ لەبارەی شەڕەکەی شەوی شەمە لەلادێکە قسەی بۆ کرد، پارنیل بە مەراق بوو، کلیڤ وتی"بەلاّم هەلّەی من نەبوو، من دەستم پێنەکرد، لەکەسیشم نەداو تەنانەت پۆلیسیش نەیگرتم".

لە پڕێکدا پارنیل بە بێباکیەوە وتی"ئوه.... باشە پرسیاری دواتر، دادگا دەیەوێت بزانێت لەبارەی مالّەکانتانەوە، هەر شتێکی سەرنج ڕاکێش دەزانن، نەبوونی باوك، شەڕی خێزانی، هەموو ئەو شتانە یارمەتیتان دەدات لە دادگا".

کلیڤ وتی"باشە، باوکم حەوت ساڵ لەمەو پێش دایکمی جێهیشتووە. دایکم ئێستا لەگەڵ پیاوێکی تردا دەژی مستەر ماکلنتیری".

"ئەی سەبارەت بە مستەر ماکلتیری قسەم بۆ بکە کلیڤ".

کلیڤ پێی وت سێ مانگ لە زینداندا بووە

"بەلّی" پارنیل بە مەراقەوە وتی "ئێستا شتێك هەیە بینووسین، ئەمەی نووسی، سێ مانگ کێشەی خێزانداری ئەی سەبارەت بە تۆ تیری؟ "

تیری وتی "هیچ شتێك"

پارنیل بە وردی سەیری هەردوو کوڕەکەی کرد زەردەخەنەیەك گرتی چاوی نیوە داخراو بوو "بۆچی ئەمەتان کرد کوڕینە ؟ هیچ شتێکی سەرنج ڕاکێش و گرنگ لە کارگەکەیا نەبوو"

کلیڤ وتی"بۆ پێکەنین"

تیری وتی "ئەوەیان ڕاستە، بەلاّم ئێستا دەزانین کە ئەوەیان هەلّە بوو"

پارنیل لە ژوورەکەدا دەهات و دەچوو، کلیڤ جگەرەیەکی داگیرساند.

تێری پرسی "ئێمە چیمان بەسەردێت؟ "

"ئوه..، بابزانین، سبەینێ دەتانێرنەوە بۆ مالّەوە بۆ ماوەی هەفتەیەك یان دووان، ئینجا دەچن بۆ دادگا، ١٠٠ یان ٢٠٠ پاوەن دەدەن، هەموو کەس ڕووداوەکە لە بیر دەکات، بەلاّم من جیاواز

دەبینم، پارنیل هاتە پێشەوە چاوەکانی پڕبوو لە تووڕەیی و دڵڕەقی وتی "هەستەکەم زیندان شوێنیکە بۆ ئێوە، پێنج ساڵ لە زیندان بۆ ئەوەی هەرجارێکی تر ویستتان پێبکەنن بیرتان کەوێتەوە"

دەستی پارنیل خێرا دەجوولاّ جگەرەکە لە نێوان لێوەکانی کلیڤ_دا کەوتە خوارەوە بۆ سەر زەوییەکە، کلیڤ دەیویست ترسەکەی بشارێتەوە "ئێمە نابێت بچینە زیندانەوە، چونکە خوار تەمەنی هەژدەین"کلیڤ ئەمەی وت ئەیوست پێبکەنێت.

پارنیل وتی "دەمت داخە، گوێ لەمن بگرە، زۆر کەس هەن بەزمییان بە تۆدا دێتەوە، نایانەوێت تۆ سزا بدرێیت، بەلاّم من یەکێك نیم لەوانە، بەزەیم بە تۆدا نایەتەوە، دەمەوێت سزات بدەم، تۆ باش نیت، هیچتان باش نین، کەسیش ئەوەی پێنەوتوون، تەنها من، هیچ کەس لەم ڕۆژەدا نایەوێت لەبارەی ڕاستی و هەڵەو خراپە شت ببیستێت، بەلاّم ئەمەیان تەنها یەکمجارتانە، دوبارەو سێ بارەی دەکەنەوە، ئەو کاتە دەتان گرینەوە هەموو ئەو کەسە گەلحۆیانە تێدەگەن کە هەڵە بوون، ئەو کاتە دەچنە زیندانەوە، هەرچەندە یاری و، تەلەفزیۆن و هەموو ئەو شتانەی لێیە، هەر زیندانەو خۆش نابێت.

پارنیل دەرگاکەی کردەوەو لەگەڵ ژنە پۆلیسێك قسەی کرد لە دەرەوەکاتێك گەڕایەوە بۆ ژوورەوە وتی"بیستوومە کە پاسەوانەکە، لەنەخۆشخانەیە ئەمشەو، لەوانەیە تەنها قاچی یان پشتی ئازاری بووبێت، لەوانەشە شتێکی خراپی بێت، بەلاّم ئەمەیان گرنگ نییە بۆ ئێوە، ئێوە پێکەنین و خۆشی خۆتا هەبوو.

ئێوارەی داهاتوو لە ژوورەکەی خۆیدا، کلیڤ لە خەو هەستا کاتێك گۆیی لە باوە پیارەکەی بوو هاتە ژوورەوە، چووە خوارەوە دایکی و دۆن بینی لە مووبەقەکە بوون، دانیشت و دۆن وتی "یەکەم شت من هەست دەکەم، حاڵی پاسەوانێکەیە، ڕاستە کلیڤ، ها؟ "

کلیڤ بە خێرایی وتی"بەڵێ".

"باشە ئێستا حاڵی چۆنە؟ دەزانیت؟ دواجار کەی بوو تەلەفونت کرد بۆ نەخۆشخانە".

"کاتژمێریك... کاتژمێرونیویك لەمەوپێش".

"بڕۆ دەرەوە جارێکی تر تەلەفونیان بۆ بکە دەی".

کلیڤ چووە دەرەوەو تەلەفونی کرد بۆ نەخۆشخانەکە، دەترسا، بەلاّم نەیئەزانی بۆ، ژنێك وەلاّمی یایەوە پێی وت":



"مستەر هاریس باش نییە، بەلاّم خراپتریش نەبووە".

"کاتی کلیڤ گەڕایەوە بۆ مووبەقەکە، دۆن بە تووڕەیەوە وتی"هێشتا نەمردووە، پەشیمان نیت؟ "

"پەشیمانم دۆن"

"بەڵێ دەبینم، پەشیمانی چونکە تۆیان گرت، چیت دەویست لەو کارگەیە؟ "

"تەنها دە پاوەن، بۆ ئەوەی بیدەمەوە بە دایکم".

دایکی پرسی"تۆ بە من دەڵێیت ئەمەت کرد تەنها لەبەر ئەوەی پارەکە بگەڕێنیتەوە بۆ من".

کاتێ کلیڤ بە بەڵێ وەلاّمی دایەوە، دایکی هەستایە سەرپێ بۆ ئەوەی و هەندێك "چا" لێبنێت.

دۆن بە پێکەنینەوە وتی"تێگەشتم، تۆ وادەزانی کە دوو هەڵە، ڕاستیەك دروست دەکات؟ باشە پێویستە بچیت بۆ لایمستەر فۆستەر، قەشەکە، ئەو لەو شتانە زیاتر تێدەگات، بە بەراورد لەگەڵ مندا.."

ئەم بەیانییە، ئەو هەندێك پارەی داوە بە تۆ بۆ ئەوەی بگەڕێیتەوە بۆ ماڵەوە، نازانم بۆچی، لەبەر ئەوە بچۆ سوپاسی بکە"

کاتێك دۆن مووبەقەکەی بەجێهیشت دایکی کلیڤ زۆر بە ساردییەوە بە کلیڤ وت"ئەم چیرۆکە دروست مەکە، لە پێناوی ئەوەی قەرزەکە بە من بدەیتەوە، کلیڤ من نازانم بۆ وات کردووە، لەوانەیە تەنها بۆ خۆشی بووبێت، چونکە تۆ بیر ناکەیتەوە وەك هەمیشە، تۆ تۆ... گێلیت"

## بەشی چوارەم

کلیڤ هەستی کرد باشترە، کاتێك لە ماڵەکە چووە دەرەوە. لەوبەری ڕێگاکەوە کلێسایەك هەبوو، کلیڤ پاڵی بە دەرگاکەوە ناو کرایەوە، چووە ژوورەوە، ڕووناك بوو، خەڵکی لێبوو خۆیان ئامادە دەکرد بۆ شتێك، کەسێك کلڤ بانگ کرد:"چۆنی تۆ دەتەوێت یارمەتیم بدەیت"

کلیڤ ئاوڕی دایەوە، پیاوێکی درێژ، لە نزیکەی ٣٠ساڵ تەمەنی بوو، بە زەردەخەنەیەکی دۆستانەوە بەرەو ڕووی دەهات، پیاوەکە وتی"تۆ منت دەویست ؟ من ڕۆبن فۆستەرم، من تۆ دەناسم، تۆ کلیڤ ڕاینەری، ئەم بەیانییە لە دادگاکە تۆم بینی"

تەوقەی لەگەڵ کلیڤ کرد "خۆشحاڵم بە بینینت، دەبا دانیشین"

کلیڤ وتی"من دەمەوێت سوپاست بکەم، کە ئەم پارەیەت بۆ داوم".

قەشەکە وتی"لەبیری کە ئەوەیان ئەرکی منە، لەکاتی لە کاتی کێشەدا یارمەتی خەڵکی دەدەم، تۆش کێشەت هەبوو کلیڤ"

کلیڤ وتی "بەڵێ دەزانم"

فۆستەر سەیری کاتژمێرەکەی کرد"یەکێك دەیەوێت قسەت لەگەڵدا بکات"

"ئوه..... کێ"

فۆستەر وتی"یەزدان خۆی"

قەشەکە دووچاوی گەورەو شینی پێوەبوو، بەلاّم، بەر لەوەی کاتی زیاتری هەبێت و شتێکی تر بلێت، پیاوێکی گەنج بە قژێکی درێژەوە هات دەیویست قسەی لەگەڵدا بکات، ئەو کاتەی پیاوەکە ئەو شوێنەی جێهێشت فۆستەر وتی"ببوورە"

کلیڤ وتی" چی ڕوودەدات لێرە؟ "

"ئێمە نمایشێکمان هەیە، بۆ خەڵکی گەنج، لەتەك گۆرانی وسەماکردندا، کلێسا شوێنیکە بۆ خەڵك کلیڤ، ئەو خەڵکە هەمان ئەو پێویستیانەیان نییە کە سەد ساڵ لەمەو پێش هەیانبووە"

کلیڤ پرسی"تۆ پێش ئیستا چیت وت لەبارەی یەزدانەوە؟ "

"ئەها.... بەڵێ، ئیستا یەزدان دەیەوێت تۆ...... "

لەپڕ دەنگێك هات و فۆستەر کلیڤ برد بۆ ژوورێکی بچووك کە مێزێك و هەندێك کورسی تێدابوو، دەستی بە قسەکردن کردەوە"تۆ هاتوویت بۆ ئێرە، بەهۆی باوە پیارەکەتەوە، ڕاستە؟ ئەو تا ڕادەیەك پیاوێکی قورسە، مستەر ماکلنتری هەمیشە وادەزانی، کە باشترین لای ئەوەو لەبارەی ڕاستی و هەڵەوە قسە دەکات... وایە؟ "

کلیڤ وتی "ڕاستە، ئەوە خۆیەتی".

بۆ ماوەی خولەکێك هەردووکیان پێکەنین، ئینجا فۆستەر وتی"ئێستا کلیڤ تۆو هاورێکەت تێری چوون بۆ کارگەکە، پاسەوانەکە، کەوتە دواتان و تۆش خستت بەزەویدا؟ بێ بیرکردنەوە، تۆ نەتویست بکەوێت، ئەم ڕووداوە ڕێکەوت بوو.... وایە؟"



کلیڤ وتی "بەڵێ، بەلاّم من... "

فۆستەر تێهەڵچووە و وتی"تۆ بە نیازی، باجی ئەوە بدەیت، ئێستا لە ناوەوە دڵت خۆش نییە هەست بە خراپی دەکەیت، ئەوەش دەزانیت کەبەد ڕەفتار بوویت، هەروەها تۆ پەشیمانیت، لەبەر ئەوە یەزدان تۆ دەبەخشێت، پێویستە ئەو هەستە خراپەت نەمێنێت، ئەوە کێشەی تۆیە"

کلیڤ وتی"کێشەی من؟ بەلاّم من وامزانی... "

"پێویست ناکات، گوێ لە باوەپیارەکەت بگریت، ئەو دەیەوێت هەستێکی خراپت بداتێ، بەلاّم یەزدان ئەوەی ناوێت، یەزدان ڕووناکی و خۆشەویستییە.... "

کلیڤ وتی"تەنها شتێك هەیە، کە مەرجە بیزانیت، من ئازاری پاسەوانەکەم نەدا، من دەمویست لەخۆمی دوور بخەمەوە، ئەو کەوتە سەر زەوی، دەشزانم ئەوە گرنگ نییە بەلاّم... "

"ئوو... دەزانم، ئەوە گرنگە بۆ دادگا"

"نا من لە بارەی دادگاوە قسە ناکەم، من ئازاریم نەدا، بەلاّم ئەمە گرنگ نییە، گوناهی من بوو پاسەوانەکە کەوت، من هۆی ئەو ڕووداوە بووم، لێم تێدەگەیت... ".

دەنگی خەڵك لە دەرەوە دەگەیشتە گوێیان، فۆستەر سەیرێکی کاتژمێرەکەی کرد وتی"ئوە، بیرم چوو کلیڤ، تۆ هەڵەت کرد، تۆ زۆر پەشیمانیت، خوا تۆی بە خشیوە، ئەوە هەموو چیرۆکەکەیە"..

کلیڤ هەستایە سەرپێ و سوپاسی قەشەکە کرد، ئینجا بە هێواشی گەڕایەوە بەرەو دەرگای کلێسەکە"

## بەشی پێنجەم

دوای نیوەڕۆی ڕۆژی دواتر، توێژەرەوەی کۆمەڵایەتی خاتوو ئادمس ناوێك هات بۆ ماڵیان و دەیویست لەگەڵ کلیڤ و باوە پیارەکەی قسە بکات، هەموویان لە مووبەقەکە دانیشتن، دۆن کەوتە قسە کردن بۆ ئادمس، سەبارەت بە ڕاست و هەڵە، کلیڤ سەیری کرد زانی ئەم لە تەمەنی، قەشەکەدا بوو زۆر جوان نەبوو، بەلاّم دەموچاوێکی ڕێك وپێکی هەبوو، زۆریش لێو بە خەندە نەبوو.

خاتوو ئادمس وتی "من تێدەگەم لەتۆ بەباشی مستەر ماکلنتری، بەلاّم پێویست ناکات هەمووشت بە ڕەش و سپی ببینین"

دایکی کلیڤ وتی"با گوێ لە خاتوو ئادمس بگرین".

بەلاّم دۆن نەیویست بێدەنگ بێت وتی"ئەم خانمە بە نیازە، بلّێت تەنها گەنجێکەو هەڵەی کردووە، پێویستە لەوە تێبگەین، باشە من نامەوێت گوێم لەوە بێت. "

"دۆن خۆت توورِ مەکە خاتوو ئادمس بۆ یارمەتی ئێمە لێرەیە، با ئێمە بە جێیان بهێڵین، قسە لەگەڵ کلیڤ بکات. "

کاتێك دایکی کلیڤ و باوە پیارەکەی چوونە دەرەوە، توێژەرە کۆمەلاّیەتییەکە هاورِێیانەتر مامەڵەی دەکرد بە کلیڤ_ی وت "جگەرە دەکێشیت؟ "

کلیڤ جگەرەیەکی لێ وەرگرت وسوپاسی کرد.

"کلیڤ پێش ئەوەی بچیت بۆ دادگا، پێویستە من لە بارەی ماڵەکەتان و خێزانەکەت و خۆتەوە ئاگادار بم. "

کلیڤ وتی "ئەم هەموو شتانە بۆ دەکەیت؟ "

"ئەمە یارمەتی تۆ دەدات لە دادگا، کاتێك کەسێك نەخۆش بێت، یاخود کێشەیەکی هەبێت، دادگا ئەو شتانە لەبەر چاو دەگرێت، بۆ نموونە باوە پیارەکەی تۆ، هەڵسوکەوت کردن لەگەڵیدا گرانە.. وایە؟ "

کلیڤ وتی "ئا".

"ئەمە شتێکە لەوانەیە یارمەتیت بدات، ڕۆژێك زیاتر لە بارەی ئەم شتانەوە قسە دەکەین، ئەی لەبارەی باوکت؟ باوە پیارەکەت نالّێم".

"ئێمەی جێهیشت و چووە لای ژنێکی تر. "

"تۆ جار جار دەیبینیت"

"دەمبینی، بەلاّم رۆیشتن بۆ کەنەدا، دووساڵ لەم و پێش".

خاتوو ئادمس لە دەفتەرە بچووکەکیدا شتێکی نووسی "پێم بڵێ کلیڤ، تۆ بیرت لە چی دەکردەوە کە چووی بۆ کارگەکە؟ "



"هیچ شتێك، من خەمگین بووم، دۆن، دۆن باوە پیارەکەم لە من تووڕە بوو چونکە..."

کلیڤ وەستا ئینجا وتی "چونکە ١٠پاوەنم لە جانتاکەی دایکم بردبوو".

خاتوو ئادمس شتێکی باسکرد سەبارەت بە"شتی ئاساییەوە"ئینجا وتی "ڕاستە با قسە لەسەر ئەو کاتە بکەین کە بچووك بوویت"

کلیڤ تێنەگەیشت "لەبارەی چییەوە ؟ ئەی لەبارەی پارەکە؟ تۆ دەتەوێت لەو بارەیەوە بزانیت یان نا؟ "

"ئەوە گرنگ نییە، گرنگترین شت ئێستا چۆن هەست دەکەیت کلیڤ؟ "

"ئوه.. نازانم، خراپ، خەمگین... "

خاتوو ئادمس وتی "تاوانبار؟ "

"ئا تاوانبار، ئەوە ڕاستە، بۆ نا، من تاوانبارم."

"نا، تۆ تاوانبار نیت کلیڤ. "

"چی؟ بەلاّم، دەیانەوێت من لە دادگا بلّێم تاوانبارم".

"ئەوە، هەمان ئەو شتە نییە کە تۆ دەیدرکێنیت."

"ئەوە نییە!؟ بەلاّم، من ئەوەم کردووە، من دەلّێم ئەوەم کردووە، ئەوانیش ئەوە دەزانن، لەوە زیاتر چیت دەوێ."

"کلیڤ بە یارمەتیت، ئەمانە هەمووی یاریکردنە بە وشەکان، گرنگ نییە"

"باشە من تێناگەم... !!"

کلیڤ هەستی بە تووڕەیی و شەکەتی کرد.

کچەکە وتی"تۆ کلیڤ ڕاینەری، تۆ تاوانبارنیت لەبەرامبەر هیچ شتێکدا، کۆمەڵگا تاوانبارە، ئێمە هەموو تاوانبارین"

"کلیڤ بۆ ماوەی چەند خولەکێك بیری لەم قسەیە کردەوە و هەستی بە تووڕەیی زیاتر کرد، دەیویست لە کەسێك بدات"

"تۆ هەست کردووە کەس بایەخی بە تۆ نادات، بۆیە ئەمەت کردووە، تۆ پێویستت بە یارمەتی هەبوو، بەلاّم تەنها کێشەیەك لە ئارادا هەیە. مستەر هاریس.... "

"چی بووە، پاسەوانەکە؟ تۆ هیچ دەزانیت؟ "
کلیف لە ناکاو ترسێك دایگرت
"باشە، دادگا نازانێت، بەلاّم لەوانەیە قەت نەتوانێت بڕوات"
دەست و قاچی کلیف سارد سارد بوون "کەی ئەوەت زانی؟ "

"تۆ پێویست ناکات هەست بە تاوان بکەیت کلیف، ئەوە ڕووداوێك بوو، تۆ نەتویستووە ئەمەیان ڕووبدات، بەلاّم با ئەوە لە بیرخۆمان بەرینەوە، من دەمەوێت سەبارەت بە شتێکی دیکە قسەم بۆ بکەیت.

کلیف چیتر گوێی لێنەگرت.

## بەشی شەشەم

ڕۆژێك دواتر، کلیف لە سوپەرمارکێتێکدا ئیشێکی دۆزییەوە، دەیویست خاتوو ئادمس پاسەوانەکە لەبیر خۆی بەرێتەوە بۆ ئەم مەبەستە، ئیشەکە یارمەتیدەر بوو.

ئێوارەکەی لەگەڵ پاولا_دا لە ڕێستۆرانتی (پارادی)دانیشتن، پاولا زۆری پرسیار لێکرد ئەویش تووڕە بوو.

پاولا وتی"دەزانم، هەفتەی داهاتوو دەچیت بۆ دادگا، بەلاّم پێویست ناکات بە رق و تووڕەیی مامەڵەی من بکەیت. "

کلیف وتی "من لە دادگا ناترسم، هیچی خراپ ڕوونادات، پارێزەرەکان دڵنیایان کردوم."
"باشە بۆچی تووڕەیت لە من؟ "
خۆشبختانە تیری و مارلین لەو کاتەدا هاتنە لایان.
تیری پاش ماوەیەك وتی "چی ڕوویداوە؟ "
پاولا وتی "لە تاو دادگاکەی.... "
کلیف بە خێرایی وتی "من لە دادگا ناترسم، پاسەوانەکە.... هاریس"
تیری وتی "ئەها بیستومە، بەختێکی خراپی هەبوو."
مارلین وتی"هەندێك پارەی دەست دەکەوێت، دەزانیت پارەی دەدەنێ؟ "



کلیف وتی"ئوو... باشە وەك دوو قاچی تازەیە.. باشە"
پاولا وتی "ئەی بۆ ناچیت بۆ لای ببینیت؟ "
"ناتوانم، پارێزەرەکان پێیان وتم، پێویست ناکات، ئێستا بچم. "
خواردنەکە هات، دەستیان کرد بە قسە کردن لە بارەی شتی ترەوە.

لە دوانیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە، ڕۆژێك پێش دادگایی کردنەکە، کلیف جارێکی تر چاوی بە پارنیل کەوتەوە، بە ڕێگاکەوە بوو، هەمان ڕێگەی جاری پێشووتر، لە تەنیشت کلیفەوە، پارنیل ئوتومبێلەکەی وەستاند، پەنجەرەکەی کردەوە وتی "چۆنی کلیف، ئامادەی بۆ ڕۆژێکی گەورە؟ ، من تاڕادەیەك پێم ناخۆش بوو کە هەستم دەکرد هەموو کەس دەیەوێت یارمەتیت بدات، دوایی چاوم بە کەسێك کەوت ژنی پاسەوانەکە، ئێستا دڵخۆشم، چونکە ئەو تۆی خۆش ناوێت"

کلیف پرسی "ژنەکە دەتوانێت چیبکات؟ "

"خۆی و مێردەکەی، دەتوانن قسە لەگەڵ پارێزەرەکان بکەن، پارێزەرەکانیش بە دادگا بڵێن سەبارەت بە کێشەکەی مستەر هاریس_ەوە، کە لە نەخۆشخانە کەوتووە، دەتوانن بڵێن کە ئەمانە هەمووی بە هۆی تۆوە ڕوویداوە، لەوانەیە دادگا بیەوێت تۆ سزا بدات. "

"من سزا بدات ؟ چۆن؟ "

پارنیل بە تووڕەییەوە سەیری کلیفی کلرد "تەنها ئەوەت لا گرنگە؟ چۆن؟ بە بەندیخانە سزات دەدات، شەش مانگ یان لەوانەیە ساڵێك"

کلیف وتی "بەلاّم، من زۆر منداڵترم لەوەی بچمە بەندیخانەوە"

پارنیل بە پێکەنینەوە وتی"ئێستا ناوێکی تازەیان لێناوە، چونکە کەس حەز بە ناوی (بەندیخانە)ناکات، خەڵك حەز دەکات وا بزانێت ئەو شوێنە لە بەندیخانە خۆشترە، بەلاّم، ڕاست نییە، من دەتوانم دڵنیات بکەم، باشە ئێستا دەچیتەوە ماڵەوە؟ "

ئوتومبێلی پۆلیسەکە دوور کەوتەوە.

دادگا وەك ئەوە نەبوو کەلە تەلەفزیۆندا دەردەکەوێت، کلیف لە زۆربەی شتەکان تێنەدەگەیشت، خاتوو ئادمس ڕاستی کرد دادگا نەیانارد بۆ بەندیخانە، بەلاّم پارێزەرەکانی کلیف

باسی شتێکیان دەکرد، لەبارەی (١٠٠) پاوەنەکەوە بوو، ژنی پاسەوانەکە لەوێ نەبوو... لە پڕکدا تەواو بوو هەموو خەڵکەکە دەستیان کرد بە پێکەنین و قسەکردن، دایکی کلیڤ دەگریا.

کلیڤ وتیری لە خۆشیانا سەمەیان دەکرد، کلیڤ پارنیل_ی بینی، چوو بۆ لای قسەی لەگەڵ کرد "ئەو خانمە، ژنی پاسەوانەکە، چی ڕوویدا؟ خۆ دەیویست من بچمە بەندیخانە وەك تۆ حەز دەکەی"

"ئوو لەوانەیە کەسێك قسەی بۆ کردبێت، وای لێ کردبێت بە جۆرێکی جیاواز بیربکاتەوە، هەمیشە ئەوە ڕوودەدات. "

"کلیڤ پرسی "کێ قسەی بۆ کردووە؟ "

"ئێمە قەت ئەوە نازانین، بۆ تۆ گرنگە بزانیت، چونکە یارمەتی تۆی داوە. "

کلیڤ وتی"دوێنی کە لە ڕێگاکە منت وەستاند ئەمەت دەزانی؟ "

پارنیل وتی"بەڵی، دەمزانی، بەڵام دەمویست تۆ بترسیت، دەمویست سزات بدەم، یەکەم لەبەر ئەوەی هەڵەت کردووە، دووەم بۆ ئەوەی خۆم هەست بە باشی بکەم، سێیەم چونکە یارمەتی تۆ دەدات. "

پۆلیسەکە بەرەو دەرگاکە ڕۆیشت و چووە دەرەوە، کلیڤ گەڕایەوە بۆ لای خێزانەکەی و هاوڕێکانی، سوپاسی خاتوو ئادمس کرد.

دۆن چاکەت و پانتۆڵێکی تۆخی لەبەر بوو، ئاوڕیدایەوە بۆ خاتوو ئادمس وتی "منیش سوپاست دەکردی، خاتوو ئادمس، بەڵام ئەم شتە کۆتایی نەهاتووە، دەزانیت پیاوێك لە نەخۆشخانەیە، بەهۆی ئەم کوڕەوە، هەڵەی کردووە، هەروەها...... "

کەس گوێی لێنەگرت بۆیە دۆن بێدەنگ بوو.

## بەشی حەوتەم:

کاتێك کلیڤ چوو بۆ نەخۆشخان، پاسەوانەکە لە ژوورەکەی خۆی نەبوو، بەڵام ژنەکەی لەوێ بوو، هەر کلیڤ بینی وتی "من دەزانم، تۆ کێیت، هەروەها، دەشزانم چیت کردووە، من دەمویست بچیت بۆ بەندیخانە، بەڵام، پارێزەرەکەت قسەکەرێکی



باش بوو، وتی پێویست ناکات لەبارەی ئەم ڕووداوەوە لە دادگا قسەبکەین، چونکە ئەگەر هیچ نەڵێین پارەی زیاترمان دەدەنێ، ئەمە چیرۆکەکە بوو. "

کلیڤ هیچ تێنەگەیشت، بەڵام دەیزانی کە خانمەکە زۆر تووڕەیە.

"من دەمویست تۆ باجی ئەم هەڵەیەت لە بەندیخانە بدەیت دەموچاوی خانمەکە تێك چووبوو، ڕوویکرد بەو دیوودا وتی "زۆر قورسە بۆ من..... بمبوورە"

کلیڤ هیچی نەوت، پاش خولەکێك پزیشکەکە هاریس_ی هێنایەوە سەر جێگاکەی، کاتێك پزیشکەکە ڕۆیشت هاریس ڕووی وەرگێڕاو سەیری کلیڤ_ی کرد وتی "چیت دەوێ لێرە؟ "

"ویستم تۆ ببینم؟ "

"باشە، دەتوانی بیبینی"

ژنەکە وتی"لەوانەیە قەت نەتوانێ هەستێتەوە سەرپێ، لەبەر ئەوە ئێستا تۆ دەتوانیت بڕۆیت".

کلیڤ بە خێرایی وتی"من ویستم بڵێم کە داوای لێبووردن لە ئێوە دەکەم، دەزانم ئەوە زۆر بێ سوودە کە ئێستا بیڵێم، ئێوە لەم نەخۆشخانەیەن بەهۆی منەوە، من دەمەوێت پێتان بڵێم کە ئەوە دەزانم، هەموو کەس بەمنی وت کە ئەوەی ڕوویدا تەنها ڕووداوێك بوو، بەڵام من دەزانم کە بە هۆی منەوە بوو. "

ژنی پاسەوانەکە وتی"چیت، دەوێت لە ئێمە، دەتەوێت بڵێین کە لێت خۆش بووین، ئەمەت دەوێ؟ "

کلیڤ وتی "نەخێر، ئەوەم ناوێت. "

پاسەوانەکە وتی "دانیشە، سوپاست دەکەم کە بە هۆی تۆوە ناتوانم بڕۆم، بۆ ماوەیەکی درێژ، لەوانەشە قەت نەتوانم، بەڵام نابمە پیاوێکی جیاوازو ناکرێ نیگەرانی ئەم ڕووداوەبم و تووڕەبم ساڵ دوای ساڵ"

کلیڤ لە پڕێکدا ترسێك دایگرت کە لەوانەیە پاسەوانەکە لێی خۆشبێت، ئەم ڕووداوە بە هۆی تۆووە ڕوویدا، پاسەوانەکە لەسەری ڕۆیشت و وتی "بەڵام کەسێك لەسەر ڕێگایەك ڕووداوی تۆش دێت بەهۆی شوفێرکە زۆری خواردۆتەوە ئەوسا..... "

"ئەوسا ئەوەی هەڵەی کردووە تاوانبارە. "

پاسەوانەکە وتی "تۆ بۆچی هەڵچوویت؟ من پێت دەڵێم تووڕنیم، کەچی تۆ دەست کردووە بە... "

کلیف جارێکی تر وەستاییەوە "من نامەوێت لە خۆم خۆشبم لە بارەی ئەم شتانەوە، هەموو کەس دەڵێت دەبێت لە بیرم بچێتەوە، ئەمە هەڵەو ڕووداوێك بوو. بەڵام تۆ وامزانی بە ئاسانی لێم خۆش دەبێت، کەچی ئێستا دەزانم تۆش هەمان شتی، ئێوە چیتانە؟ "

هاریس وەستانی "دانیشە، بە هێواشتر قسە بکە"

کلیف وتی "ببوورە"ئینجا ئاوڕی دایەوە بۆ خانم هاریس "تۆ دەتویست بچم بۆ بەندیخانە، چی ڕوویدا؟ "

"ئەو پارێزەرە قسەی بۆ کردین، بیریشم کردەوە هەرچەندە کە زۆر ناچم بۆ کڵێسا، بەڵام دەزانم کە خوا دەیەوێت ئێمە لە خەڵك ببوورین"

خەندەیەکی کورت نیشتە سەر لێوی.

لەو کاتەدا کلیف هەستایە سەرپێ و بە تووڕەییەوە وتی "ڕاستە، تۆ دەڵێیت بووراویت، هەموو شتێك باشە؟ "

پاسەوانەکە سەیرێکی کرد وتی "تۆ بە دوای چیدا دەگەڕێیت کوڕم؟ "

کلیف دەیویست بە هێواشی قسە بکات "من دەگەڕێم بەدوای کەسێکدا، وەك من بیر لە شتەکان بکاتەوە"

ژنی پاسەوانەکە هەستایە سەرپێ، هاریس بە خێرایی بە کلیف ـی وت "تکایە ئێستا بڕۆ."

ژمارەیەك لە خەڵکی لە دەرەوە وەستابوون. کلیف بەلایاندا تێپەڕی.

## بەشی هەشتەم:

درەنگی ئەو ئێوارەیە، کلیف لە مووبەقەکە بوو کاتێ دۆن لە مەیخانە گەڕایەوە، دۆن پرسی "دایکت لەسەر جێگاکەیەتی؟"

کلیف وتی "بەڵی.... ئینجا وتی ئەم دوای نیوەڕۆیە چووم بۆ نەخۆشخانە، قسەم لەگەڵ پاسەوانەکە کرد"

"ئەی چۆن بوو؟ دەتوانێت جارێکی تر بڕوات؟ "

"کەس نازانێت دۆن"

دۆن بە تووڕەیەوە سەیری کلیفی کرد پێش ئەوەی قسە بکات.



"تێگەیشتم، من و تۆ پێویستە قسە بکەین کوڕم"

لەسەر مێزەکە دانیشتن.

"تۆ گەنجێکی بێ مێشکیت، بە هۆی تۆوە ئەو پیاوە لە نەخۆشخانەیە، ئەمڕۆ لە دادگا بەختت هەبوو هیچی خراپ ڕووینەدا، من بەو ئامانجە دڵخۆش نەبووم، چونکە تۆ هەڵەت کردووە، دەبێت باجەکەی بدەیت، من باجی هەڵەی خۆمم داوە"

کلیف هیچی نەووت.

دۆن وتی "ئەم بەیانییە من و دایکت و خاتوو ئادمس قسەمان کرد، شتێکی سەرنج ڕکێشی وت، من قەت بیرم لێنەکردبۆوە، لەبەر ئەوەی من خۆم لە بەندیخانە بووم، دەمویست تۆش زیندانی بکرێیت، ئەو خانمە ئەم ڕازەی درکاند، لەوانەیە ڕاست بکات، من دەمەوێت سزای تۆ بدەم، چونکە کەسێك سزای منی داوە، ئەمەش هەڵەیە. "

کلیف زانی کە کەس لێی تێنەگەیشتووە، ئەوە باوەپیارەکەی کە پیاوێکی بەهێزە جگە لە قسەکانی لەبارەی ڕاست و هەڵەوە هیچی تر ناڵێت، وەك خاتوو ئادمس قسە دەکات.

دۆن وتی"کێشەکە لەوە قورسترە کە من بیرم لێکردبۆوە"

کلیف وتی "بەڵی.... "

دۆن وتی "هەموو کەس تاوانبارە، کۆمەڵگا تاوانبارە، دەزانیت، وابزانم ئەوەشی وت خاتوو ئادمس"

"بەڵی کۆمەڵگا چووە ناو کارگەکەوە، هەروەها کۆمەڵگا ڕایکرد لە دەست پاسەوانەکە، پاسەوانەکە کەوت و پشتی شکا، بەڵی ئەمە ڕاستە دۆن هەموو کەس دەزانێت"

"ئێمە"

"ئەی چی لەبارەی ڕاست و هەڵەوە هەیە؟ لە بیرتە کە پارەکەی دایکم برد؟ "

"پارەکەی بەرەوە کاتێك دەتبێت، ئێمە نامانەوێت لەو بارەیەوە هیچ بڵێت"

"هەستایە سەرپێ و وتی "لەمڕۆ بەدواوە، دەمەوێت بزانیت کە من لێرەم ئامادەم یارمەتیت بدەم"

دەستی بۆ تەوقە بردە پێشی، بەڵام کلیف تەوقەی لەگەڵ نەکرد، کلیف ئەو شەوە نەخەوت، کاتژمێر چوار هەستا، هیچ شتێك لە تەلەفزیۆن نەبوو، چووە دەرەوە تاریك

بوو، کەوتە پیاسە کردن، لە قاوەخانەیەکی شەوانە وەستا کووپی چای خواردەوە، پاش توزێکی تر لە پیاسە کردن، کلیف سەیری کرد نزیکە لە کڵێساکەی فۆستەر، بینی دەرگاکە کراوەتەوە، چووە ژوورەوە، لە پڕێکدا هەموو گڵۆپەکان هەڵبوون، قەشەکە، ڕۆبن فۆستەر، لە ژووره بچووکەکەی پشتەوە هاتە دەرەوە.

"کلیف چی دەکەیت لێرە؟ من گوێم لە دەنگ بوو"

"نازانم، هاتووم بۆ ئێرەو بە دوای شتێکدا دەگەڕێم، بەڵام نازانم چییە، هەستم کرد لەوانەیە لێرە بیدۆزمەوە، تۆ چوویت پاسەوانەکە و ژنەکەی ببینی ئەو ڕۆژە، بۆ ئەمەت کرد؟ "

فۆستەر وتی "ئەوە ئەرکی منە، وەك قەشەیەك، ویستم یارمەتیتان بدەم، ئەم ویست چیتر تووڕە نەبن و تۆ ببەخشن"

"تۆ هەستت کرد، تەنها ئەو شتە بۆ من ڕاست و گرنگە؟ "

"تۆ دڵت خۆش نییە کلیف، بۆ؟ پێم بڵێ. "

"من هەوڵمدا پێت بڵێم لەوەو پێش لە بیرتە؟ بەڵام تۆ لەبارەی یەزدان و بەخشینی خەڵکەوە قسەت بۆ کردم، ئاسانترین شت لە دونیادا ماڵئاوا. " ڕۆیشت.

کاتێك کلیف لە کڵێساکە هاتە دەرەوە و بە پیاسە بە درێژایی ڕێگاکە بەرەو ماڵەوە ڕۆیشت، هیچ پلانێکی نەبوو، ئوتومبێلەکان بە خێرایی بە لایدا تێدەپەڕین، دوای ماوەیەکی کورت، ئوتومبێلێك لە تەنیشتیەوە وەستا،

پیاوێك هاواری لێکرد "هێی، تۆ لێرە هیچی ناخۆش هەیە؟ "

کلیف بە خێرایی ئاوڕی دایەوە پۆلیس بوو، پیاوێکی کورتی قژ سوور لە تەمەنی ٣٥ساڵیدا، کلیف نەیدەناسی

"نانا، من باشم زۆر سوپاست دەکەم"

بە گومانەوە سەیری کرد وتی"ئایا دەتەوێت بتبەمەوە بۆ ماڵەوە؟ "

کلیف وتی"نا..... من باشم سوپاس"

پیاوەکە گەڕایەوە ناو ئوتومبێلەکەی و ئەوشوێنەی جێهیشت، کلیف بەرەو ماڵەوە ڕۆیشتەوە، خۆر خەریك بوو هەڵدەهات بۆ دەست پێکردنەوەی ڕۆژێکی نوێ.

This document was created with Win2PDF available at http://www.daneprairie.com.
The unregistered version of Win2PDF is for evaluation or non-commercial use only.